





https://serchawe.com

# ناميلكەی(ژن، ژیان، ئازادی)

## بەشی: ١٤

بەشێک لە وتارو نوسراوە و وتووێژی نووسەران سەبارەت بە کارەساتی دڵتەزێنی کوشتنی ژینا ئەمینی، موشکبارانی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەلات لە باشووری کوردستان، مانگرتن و خۆپێشاندان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران و دەرەوە وڵات.

رووح و رەوانی ژینا و هەموو شەهیدانی ڕاپەرینی کوردستان و ئێران شاد و سپاس و پێزاین بۆ نووسەرانی ئەم ناميلكەیە. من هەر ئەوەندم دەستکەوتوون و لە دووتوێی ئەم ناميلكەیە دا دەیخەمە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویست.

کۆی ناميلكەكە ١٠٥ لاپەڕەوە ٢٥ی بابەتن.

ناوەڕۆکی بابەتە و نووسراوەکان راو بۆچوونی و تێبینیی نووسەران خۆیانن. بەندە لێیان بەرپرسیار نیم.

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پێڕست:

١- شۆڕشی ژینا دوای سێ مانگ ............................................ ئارام ڕەفعەت ...... ٥
٢- هۆکارەکانی لەسێدارەدان لە نارەزایەتییەکانی ئەم دواییەدا ................................. سۆران شەمسی ...... ٩
٣- ئەزموونی خەباتێکی ڕەوا ............................................ ناسر سادقی ...... ١٣
٤- چەند تێبینییەک لەسەر بزووتنەوەی ئێستای کوردستان و ئێران ............................ کاروان موکریانی ..... ١٥
٥- بەئێعدام و تیرۆر بەر بەماراتۆنی شۆڕشی ژینائەمینی ناگیرێ ............................ سایتی پایام ........ ٢٠
٦- کێن ئەوانەی سوکایەتی بە ژن دەکەن؟ ............................................ فایەق محەمەد گوڵپی ..... ٢٢
٧- شۆڕشی ژینا، داواکارییەکانی کورد ............................................ ئەحمەد ئەسکەندەری ...... ٢٥
٨- فێمێنیزمی کوردی و درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" ............................ چیا کاویان ........ ٣٣
٩- بزووتنەوەی ژینا و شەڕی سەمبۆلەکان ............................................ چیا کاویان ......... ٤٠
١٠- سەردەمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی نەماوە و دەنگی ژنانی ئێران گەیشتووەتە هەموو جیهان ..................
دیمانە: گۆڤاری ژنان ............................................ ٤٤
١١- چەند دێڕێک لەسەر دۆخی ئێستای ژن لە کوردستان و ئێران ............................ شنە درودگەر ....... ٤٩
١٢- تاسەباری یاوتاری شۆڕش؟ ............................................ هەردی سەلیمی ...... ٥٢
١٣- ژن، ژیان، ئازادی! ئەو دروشمەی تەختی حکومەتی وەلەرزە خست ............................ نەسرین یوسفزادە ...... ٥٦
١٤- ژنان لەم بزووتنەوەیەدا ڕێبەرن ............................................ ئاسۆ مینبەری ...... ٥٩
١٥- شۆڕشی ژینا، نوفتەگۆڕانێکی مێژوویی ............................................ موژگان عەلیپوور ..... ٦٤
١٦- گرینگیی ڕۆڵی ژنی کورد لە خۆپیشاندانەکانی گەلانی ئێراندا ............................ ڕۆژە عەزیزی ....... ٦٧
١٧- ناوی "ژینا" مەهسا بوو بە ڕەمز، لە شۆڕشی نوێدا ............................ حەسەن حاتەمی ..... ٧١
١٨- شڵەژانی شار و خۆفی ڕژێم و خرۆشانی ئێمە ............................................ لە ڕۆژهەڵاتەوە ..... ٧٥
١٩- ژنێک لە چاوەڕوانی بەخشینی گیانێکدا گیانی دا ............................ ئێران ڕەشیدی ...... ٧٨
٢٠- دەسکەوتەکانی شۆڕشی ژینا ............................................ ڕەسووڵ سوڵتانی ...... ٨٠



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٢١- دایکێک بۆ نیشتمانی پێشمەرگە ........................................................... مینا سوڵتانزادە ....... ٨٥

٢٢- هەڵۆ ئەردەڵان: کورد ڕێبەریی ڕاپەڕینێک دەکات کە بنەمای هزریی ویژمانی ئێرانیی خستووەتە ژێر پرسیاری بنەڕەتی ................................................................................ وتووێژ: کاروان میراوی ....... ٨٧

٢٣- دەستکەوتەکانی سەد ڕۆژەی شۆڕش ....................................................... سایتی پەیام ......... ٩٧

٢٤- سەدەمین ڕۆژی شۆڕشی ژیناو ئاکام ودەرکەوتەکانی ........................................ لوقمان زەهرایی ...... ٩٩

٢٥- ئەو سەد ڕۆژەی کە خەڵک بە ئەندازەی چەندین ساڵ ئەزمونیان بەدەست هێنا ............ سایتی پەیام ........ ١٠٣






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشی ژینا دوای سێ مانگ



**ئارام ڕەفعەت**

**بەشی یەکەم:**

**وانەکانی ئەم شۆڕشە**

لەم ڕۆژانەدا سێ مانگ بەسەر ناڕەزایەتییەکانی ڕۆژهەڵات و ئێراندا تێدەپەڕێت. ئەم ناڕەزایەتییانە کە بەشۆڕشی ژیناش ناسراوە، بەشیعاری ژن، ژیان ئازادی لەکوردستانەوە دەستیپێکرد و سەرتاپای ئێرانی گرتەوە. هەرچەند ئەم بزوتنەوە ناڕەزایەتییە تا ڕادەیەک لەپاشەکشەدایە، بەڵام تائێستاش بەفۆرمی جۆراوجۆر بەردەوامەو لە ٤٣ ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئەمە درێژترین و کاریگەرترین ناڕەزایەتییەکانن دژی ئەم ڕژێمە. وانەو دەرەنجامەکانی ئەم ناڕەزایەتییانە فرەو هەمەڕەنگن.

**لەم بەشەدا تەرکیز دەکەمە سەر وانەکان.**



https://serchawe.com

**وانەی یەکەم** پەیوەستە بەهەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتایبەتیش زلهێزەکان دەربارەی گۆڕینی ڕژێم لەئێراندا. لە ٤٣ ساڵی ڕابردوودا، ئەمریکاو هەندێک لەوڵاتە ئەوروپییەکان و وڵاتە عەرەبییەکان لەململانێی بەردەوامدا بوون لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و ئەم ڕژێمەیان وەک شەیتانێک وێناکردووەو زۆرجاریش ئەوەیان نەشاردۆتەوە کەخوازیارن ئەو ڕژێمە بگۆڕدرێت. شۆڕشی ژینا ئەو هەلە بوو بۆ ڕکابەرو نەیارەکانی کۆماری ئیسلامی، بەتایبەت کۆی نارەزایەتییەکان بەئاراستەی چاکسازی لەو ڕژێمەو گۆڕینی ئەم مەلاو ئاخوند بەوی تریان نییەو نەبوو، بەڵکو ئامانج ڕووخان و کۆتایی ئەو ڕژێمە بووە. بەڵام وڵاتە ڕکابەرەکانی ئێران ئەم هەلەیان نەقۆستەوەو جگە لەهەندێک پشتیوانی زارەکی هیچ کام لەم وڵاتانە بە ئاراستەی سوودوەرگرتن لەو نارەزایەتییانە هەنگاویان هەڵنەهێنا، هیچ پشتیوانییەکی کردەیی و مەلموسیان بۆ ئازادیخوازانی ڕۆژهەڵات و ئێران پێشکەش نەکرد. هۆکاری ئەم خۆبواردنە لەبەشداریکردن لەهەوڵی گۆڕینی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی نەکردنی ئەم بزووتنەوە ناڕازییە ڕوونە. زلهێزەکانی دونیا ئەگەر دڵنیانەبن لەوەی جێگرەوەی ئەم ڕژێمە کێیەو بەدیلەکەی چەندە دەتوانێت سەقامگیری ئێران و بەرژەوەندییەکانی ئەوان بپارێزێت، ئەوا بەباشتری دەزانن کە ئەم ڕژێمە بمێنێتەوە. بەواتایەکی تر، لەپرسی گۆڕینی ڕژێم لەئێراندا، ئەمریکا و ڕۆژئاواییەکان شەیتانێکی ئاشنا لەفریشتەیەکی نائاشنا باشتر دەزانن.

**وانەی دووەمیش** پەیوەستە بەخاڵی لاوازی ڕژێمە پەلهاوێژەکانی ناوچەکەوە، لەوانەش تورکیاو ئێران. نارەزایەتییەکانی ئێران و پێشتریش هی گەزی پارکی ئەستەنبوڵ ئەوە پیشان دەدەن کەئەگەر ئەو ڕژێمانە لەسەر ئاستی هەرێمایەتیش سەرکەوتوو بوون و بەهێز دەربکەون ئەوا لەناوخۆدا لاوازو لەرزۆکن. بۆ نموونە ئێران لەناوچەکەدا چەندین ڕژێم و هێزی پرۆکسی هەیە لەوانەش لەعێراق و سوریا و لوبنان و یەمەن. لەسەر ئاستی دەرەوە، ساڵی ٢٠٢٢ ساڵی سەرکەوتنەکانی ئێران بوو لەعێراق و سوریا و یەمەن. لە عێراق هێزە شیعییەکانی سەر بەئێران حکومەتیان دامەزراندو لەسوریا ڕژێمی ئەسەد مەترسی ڕووخانی تێپەڕاندووەو زۆرێک لەپەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی خۆی دامەزراندووەتەوەو لەیەمەنیش حوسییەکان بوونەتە ئەمری واقیع. بەڵام لەناوخۆی وڵات، ساڵی ٢٠٢٢ ساڵی شۆڕشی ژیناو ساڵی کابووس و نەهامەتییەکانی ئەم ڕژێمە بوو. هیچ کاتێک، تەنانەت لەهەشت ساڵی شەڕی عێراق و ئێران، پایەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هێندەی ئەم سێ مانگە نەلەرزیون و مەترسی ڕووخانی لەسەر نەبووە. بەکورتی هەژموونی ئێران بەسەر ناوچەکەدا نە دەبێتە زامنی مانەوەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و نە مانای قەبوڵکراوی ئەم ڕژێمەشە لەناوخۆدا، ئەمە بۆ تورکیا و ڕژێمەکەی ئەردۆغانیش ڕاستە.

**وانەی سێیەم** ئەوەیە کوردستان هەرگیز ناتوانێت ببێتە سەنتەرو هەر بەپەراوێزی دەمێنێتەوە. شۆڕشی ژینا لەبنەرەتدا شۆڕشی ژنانی کوردو گەلی ڕۆژهەڵات بوو. یەکەم جارە جوڵانەوەیەکی نارەزایەتی لەکوردستانەوە پەرەبسێنێت بۆ بەشەکانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تری ئێران، بۆ یەکەم جاریشە کە ژنان و ئازادیخوازنی کوردستان بتوانن ببنە پێشەنگی ژنان و ئازایخوازانی ئێران بەسەرجەم نەتەوەو هەرێمەکانەوە. ئەمەش لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە لەسێ مانگی رابردوودا ئازادیخوازانی ئێران لەدەوری شیعاری ژن، ژیان، ئازادی کۆبوونەوەو کەم شارو شارۆچکەی ئێران هەیە کە لەم سێ مانگەدا خوێنی ئازادیخوازێکی لێنەرژابێت. کوردستان هەر لەوەدا پێشەنگ نەبوو. لەئاستی هاتنەمەیدان و ئاستی رێکخراوەیی و شێوازی ململانێ و ژمارەی قوربانییەکانیشدا پێشەنگە. نارەزایەتییەکانی رۆژهەلات هێندە فراوان بوو کەشۆرشگێرانی کورد توانیان بەشێکی بەرچاوی هەندێک شارو شارۆچکەی رۆژهەلات لەدەسەلاتی رژێمی کۆماری ئیسلامی پاک بکەنەوە یان دەسەلاتی ئەو رژێمە لەو شارو شارۆچکانەدا پەراوێزو بێکاریگەر بکەن. سەرەرای ئەوەش رۆژهەلات تائێستا نەیتوانیوە ببێتە مەترسی بۆ سەر مانەوەو نەمانەوەی ئەم رژێمەو بریار لەسەر چارەنووسی رژێمەکە بدات. ئەگەر ئاستی نارەزایەتی و هاتنە مەیدانی خەلک لەتاران و شارە فارسنشینەکانی تر هاوتای کوردستان بووایەو رژێم لە پایتەخت و شارە سەرەکییەکانی تریش هێندەی کوردستان پاشەکشەی بکردایە ئەوا ئەگەری رووخانی رژێم لەسێ مانگی رابردوودا ئەگەرێکی زۆر بەهێز دەبوو.

**وانەی چوارەم** ئەوەیە سەرەرای هاوپشتی و هاوخەباتی ئازادیخوازانی کوردستان و نەتەوەکانی تری ئێران، بەلام هێشتا پانتاییەکی گەورە هەیە کەکوردو نەتەوەکانی تر تێیدا هاوبەش نین. خواستی نەتەوەکانی تر مەرگی دیکتاتۆرو گۆرینی رژێم و بەدەستهێنانی ئازادی تاکەکانە. بەلام خواستەکانی کورد لێرەدا ناوەستێ و پێدەنێتە خواستە نەتەوەییە رەواکانی. لێرەوە دووریانێک لەنێوان کوردو ئێرانییەکاندا، بەتایبەتی حزب و هێزە نارازییەکانی نەتەوەی سەردەست، درووست بووە. ئەم درزە لەشیعاری هەمەرۆژەی ئەو هێزە ئێرانییانەدا بەروونی دەردەکەوێت کە خۆیان بە بەدیلی سەرەکی کۆماری ئیسلامی دەزانن. لەسێ مانگی رابردوودا، شیعاری ‹یەکپارچەیی خاکی ئێران› بووەتە وێردی سەرزمانی ئەو هێزانە. درزەکە هەم لەتێگەییشتنی جیاوازەوە بۆ ماف و ئازادییەکان سەرهەلدەدات و هەم لەخواستی جیاوازیش بۆ ئەو ماف و ئازادییانە. بۆ ئازادیخوازە ئێرانییەکان، ماف و ئازادییەکان سنووری ماف و ئازادی تاک تێناپەرێنێت. رەنگە لەم قۆناغەدا ئەوان گرفتێکیان لەگەل ماف و ئازادییەکانی تاکێکی کورددا نەبێت و هەمان ئەو ماف و ئازادییەی بۆ تاکێکی تارانی و تەورێزیی، بەرەوا دەبینن، رەنگە بۆ کرماشانییەک و سنەییەکیش، وەک تاک، بەرەوا ببینن. گرفتی بەرەی ئازادیخواز و نارازی ئێران بەگشتی لەوەدایە کە لەگەل ماف و ئازادییەکانی کورد، وەک نەتەوە،دا نین، لەوانەش مافی چارەی خۆنووسین و خواستی کورد بۆ بوونی دەولەتێک یان خۆسەرییەکی جیاواز. بەواتایەکی تر، ماف و ئازادی لەروانگەی ئێرانییەکانەوە، ماف و ئازادی تاکە، بەلام لەروانگەی رۆژهەلاتییەکانەوە جگە لەماف و ئازادی تاک، ماف و ئازادییەکانی نەتەوەییەکیشە. ئەمەش خالی لاوازی ئەم بزووتنەوەی نارازییەتییەی ئێران بووە و کۆماری ئیسلامیش تا رادەیەک توانیویەتی سوود لەم درزو جیاوازییانە وەربگرێت و کار لەسەر کوردۆفۆبیا و مەترسی مەیلی کورد بۆ سەربەخۆیی بکات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**وانەی پێنجەم** پەیوەستە بە بەدیلی خەباتی چەکدارییەوە. لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە، کۆماری ئیسلامی توانی جولانەوەی چەکداری لەرۆژهەلات پاشەکشە پێبکات و پەراوێزو بێکاریگەری بکات. لەدوای راپەرینیش بەدیاریکراویش دوای رووخانی رژێمی سوننەکان لەعێراقدا و هەلکشانی هەژموونی ئێران لەباشورو لەعێراقدا، ئەو حزب و رێکخراوانەی کە دەیانەویست لەرێگای خەباتی چەکدارییەوە مافە نەتەوەییەکانی کورد لەرۆژهەلات بەدەستبێنن لەدۆخی متبووندان و تارادەیەکی زۆر لەواقیع و ناوخۆی کۆمەلگای رۆژهەلات دابراون. لەغیابی حزبە چەکدارییەکاندا، گەلی رۆژهەلات لەناوخۆی ولاتدا تەسلیمی ئەمری واقیع نەبوون و بێ بەدیل و بێ چالاکی و بێ خۆڕێکخستن دانەنیشتوون. بەپێچەوانەوە، ئەوان لەشێوازی جۆراوجۆری مەدەنیدا، لەوانەش لەناو کۆڕو ریکخراوە ناسیاسییەکانی وەک ریکخراوی رۆشنبیری و ژینگەپارێزیدا خۆیان رێکخستووەو شێوازێکی نوێی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەرییان ئەفراندووە. ئەم نارەزایەتی و خرۆشانە جەماوەرییەی رۆژهەلات زادە و بەرهەمی ئەم شێوازە خۆڕێکخستنە مەدەنییەی کۆمەلگای رۆژهەلاتییە. هەربۆیەش، شیعارو پەیامەکانی شۆڕشی ژینا لەرۆژهەلات تارادەیەک لەو شیعارو پەیامانە جیاوازە کە حزبە رۆژهەلاتییەکان لەپێش شۆڕشی ژینادا لەدەرەوەی ولاتەوە بەکۆمەلگای رۆژهەلاتییان دەگەیاند. لەڕاستیدا، ئەوە کەس و رێکخراوە مەدەنییەکانی رۆژهەلاتبوون کە بوونەتە پێشەنگی شۆڕشی ژیناو حزبەکانی رۆژهەلاتیش کەوتوونەتە دوای ئەو بزووتنەوەیەوە نەک بەپێچەوانەوە. شۆڕشی ژینا ئەوەی سەلماند کە ئەگەر شێوازی مەدەنییانەی خەبات و خۆڕێکخستن لەدەرەوەی خەباتی چەکداری و پارتیزانی ئەگەر بەئاراستەی خەبات و سەرهەلدانی جەماوەریدا بڕوات ئەوا زۆر کاریگەرترو پڕ بەرهەمترو دەسکەوتی زیاترە لەخەباتی چەکداری. ئەم ئەزموونەی خەبات و خۆڕێکخستن و نارەزایەتییانەی لەدەرەوەی شەڕی پارتیزانی بەشێوازو فۆرمی جۆراوجۆر لەپارچەکانی تری کوردستانیشدا بەرهەمی بەرچاوی هەبووە. لەباشوردا، راپەڕین رێک دوای شکستی جولانەوەی چەکداری دێت و لەباکوریشدا هەدەپە وەک دووەم هێزی ئۆپۆزسیۆن لەپەرلەمانی تورکەکاندا دوای پاشەکشەی خەباتی گەریلایی لەباکور سەریهەلدا. ئەم ئەزموونانەش ئەوە دەردەخەن، کەشکست و پاشەکشەی خەباتی چەکداری بەمانای مەرگ و پاشەکشەی جولانەوەی سەربەخۆ خوازی کورد نایەت و بەپێچەوانەوە، کۆمەلگای کوردی هێندە زیندووە کەدەتوانێت لەهەناوی خۆیدا بەدیلێکی زۆر کاریگەرتر بۆ جولانەوەی چەکداری بەرهەمبێنێت، کەئەویش خەبات و خۆڕێکخستنی مەدەنییانەیە.

سەرچاوە: مالپەڕی هاولاتی – رێکەوتی: ١٦ی دیسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# هۆکارەکانی لەسێدارەدان لە ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییەدا



سۆران شەمسی

لەسێدارەدان وەک تاکتیکێک بۆ ڕێژیم بەرانبەر بە ناڕەزایەتییە گشتییەکان، بەکارهێنراوە و ئەمجارە ڕێژیمی بێدەسەڵات پەنای بۆ ئەم چەکە بردووە دژبە شۆڕشی خەڵک. جیاوازیی سەرەکیی ئەم قۆناغە، ڕەهەندەکانی سەرهەڵدان و سروشتی سەرانسەریی ئەم بزووتنەوەیە و ئەو فۆرمانەی خەباتە کە خەڵک بەکاریان هێناوە. دەستپێشخەری و ئازایەتیی وەسفنەکراوی لاوان، ڕێژیمی بێهیوا کردووە و بڕیارە ڕێژیمی ئیسلامی بۆ زبڵدانی مێژوو جێ بهێڵێت. واقیعێکی تری بنچینەیی کە دەسەڵاتی خستووەتە بنبەستێکی سیاسیی تەواوەوە، گەمارۆدانی تەواوەتیی ئابووری و ئیفلیجییە. هەواڵی ڕۆژانەی ئازادکردنی بەشێک لە کەسانی نێوخۆیی ڕێژیم نیشان دەدا کە ڕێژیم ڕێگەی دەربازبوون بۆ ڕزگاربوون لەم شۆڕشی نەدۆزیوەتەوە. جگە لە شۆڕش هیچ بژاردەیەکی تر لە کارنامەی کۆمەڵگەدا نییە و ڕێک ئەمە ئەو خاڵە بنچینەییەیە کە پێویستە هەموو شۆڕشگێڕان گرنگییەکی تایبەتی پێ بدەن.

ئەوەی لەم نێوەندەدا گۆڕاوە، ڕوحی شۆڕشگێڕانە و وشیاریی خەڵکە لەو سیاسەتە ستەمکارە. ئەمجارە کۆمەڵگە دەزانێت بۆ ئەوەی لە خراپەکاریی تەواوەتی ئەم دەسەڵاتە ڕزگاری بێت، دەبێت تا دوا قەڵا لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەدا شەڕ بکات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕشگێڕان و کۆمەڵگە تاوەکوو ئێستا بە گرتنەبەری تاکتیکی پێشوەخت بەرانبەر بە فێڵەکانی نیزام و ئەم قوماره سیاسییە گیانیان لەدەست داوە.

دەسەڵاتی دادوەریی ڕێژیم بە درێژایی تەمەنی ڕێژیمی ئیسلامی لە پاراستنی حکوومەتدا ڕۆڵێکی تایبەت و گرینگی هەبووە. چاوخشاندنێک بە دەرکردن و لەسێدارەدانی هەزاران بەندکراوی سیاسی و زنجیر بەستنی هەزاران بەندکراوی سیاسیی دیکە لە بەندیخانە ترسناکەکاندا کە لەژێر چاودێریی سیستەمی دادوەریدا بەڕێوە دەبرێن، بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ڕۆڵی گرنگی ئەم سیستەمە لە پاراستنی حکوومەتدا. ڕێژیمی ئیسلامی کە بە ڕووخانی ڕێژیمی شا هاتە سەر دەسەڵات، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە پشتی لە داخوازییەکانی نەتەوەکان کرد. هەر لە هێرشکردنە سەر ژنان و وروژاندنی پرسی حیجابەوە بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان و دواجار لەسێدارەدانی کەسایەتییە سیاسییەکان کە دەیانتوانی بە ڕێکخستن لەمپەرێکی گەورە بن لە گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕێژیمی ئیسلامیدا.

لەم نێوەدا ئەرکی هەموو لایەک بەرگریکردن لە بەندکراوانی سیاسی و خەبات بۆ ئازادکردنی دەستبەجێ و بێمەرج و هەڵوەشاندنەوەی ئەشکەنجە و حوکمی لەسێدارەدان تاکوو ڕووخانی ڕێژیمی ئیسلامی دەبێت. ئەگەر تا ئێستە ڕێژیمی ئیسلامی سزای سێدارەی جێبەجێ نەکردبێت، تەنیا هۆکاری ئەوە ترسی کاردانەوەی نەتەوەکانی ئێرانە. تەنیا هەزاران بەندکراوی سیاسی لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاویدا لەسێدارە دراون. ئەو بەندکراوانە کە بە گشتی پێش ئەوە لە هەمان دادگاکانی ڕێژیمی ئیسلامیدا سزای بەندکردنیان بەسەردا سەپێنرابوو و تەنانەت هەندێکیان حوکمی زیندانیان تەواو کردبوو، تەنانەت بۆ ماوەی ساڵانێک، بەڵام ئەم سزایە هەمووی هەڵواسی. هەر بۆیە کوشتن و لەسێدارەدان بۆ ڕێژیمی ئیسلامی کێشە نییە و تەنیا ترسی کاردانەوەی نەتەوەکانی ئێران وای کردووە لە جێبەجێکردنی ئەو حوکمانە و تەنانەت لەسێدارەدانی زیاتری بەندکراوانی سیاسی. کۆماری ئیسلامی بە دەرکردنی حوکمی لەسێدارەدان و بەندکراو ناتوانێت خۆی لە مەرگ ڕزگار بکات و نەزمی ڕزیوی هەبوو ڕزگار بکات. ڕێژیمی دەسەڵاتداری ئێران دەزانێت کە لەسێدارەدانی گیراوانی نارەزایەتییەکانی ئەم دواییە تەنیا تووڕەیی خەڵک زیاتر دەکا و دژایەتیی جیهانی بەرانبەر بەم ڕێژیمە زیاد دەکات. سەرەڕای ئەمەش بۆچی لەسێدارەدانی گیراوانی نارەزایەتییەکانی ئەم دواییە دانراوە کارنامەکەی؟

لە یەکەم ڕۆژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە، سێدارە ئامرازێک بووە بۆ دروستکردنی ترس و تیرۆر لە دڵی خەڵکدا. بەکارهێنانی ئەم شێوازە ئەوە دەردەخات کە ئەم دەسەڵاتە نازانێت و هیچ ڕێگەیەکی تری نییە بۆ وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی خەڵک و هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ نارەزایەتییە جەماوەرییەکان!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەم دەسەڵاتە باش ئاگاداریی پەرەسەندنی ڕقوتوڕەیی و بێزاری خەڵکە بەرانبەر بە خۆی و هەروەها باش ئاگاداری ئیرادەی خەڵکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و تۆڵەسەندنەوە لە ئەنجامدەرانی سەرکوت. لە دۆخێکی وادا بەڕاستی ئەم دەسەڵاتە دەتوانێت چی بکات؟

دەسەڵات نە دەتوانێت و نە دەیەوێت گۆڕانکاری لە بارودۆخی ئێستادا بکات!

ئەو "نایەوێت"، چونکە خۆی بە "ڕاست" و ئەوانی دیکە بە "چەوت" دەزانێت و هیچ بوارێک بۆ موزایەدەکردن لەسەر ئەم بابەتە بە هیچ شێوەیەک نابینێت. ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەم سیستەمە ئایدئۆلۆژی و تۆتالیتارییە. ڕێژیمێکی لەو شێوەیە بەهای سەروەریی گەل نادات و هەرگیز خۆی بە بەرپرسیار لە بەرانبەر خەڵک نازانێت. ئەم دەسەڵاتە تەنیا بیر لە قۆرخکاریی تەواوەتی دەسەڵات و پاراستنی بە هەر نرخێک بێت!

لەلایەکی ترەوە ئەم دەسەڵاتە "ناتوانێت" دۆخی ئێستە بە ئاراستەی ئیرادەی گەل بگۆڕێت، چونکە توانایی و کاراییی پێویستی نییە. ئەم دەسەڵاتە لە سروشتی خۆیدا دژی دێموکراسی و مافی مرۆڤە. لە دۆخێکی وادا، بەتەواوەتی ناواقیعییە کە چاوەڕوانی سیستەمێکی لەو شێوەیە بتوانێت بەپێی پێوەرەکانی سەدەی بیست و یەکەم مامەڵە بکات.

لە هەمووی گرنگتر، لە هەلومەرجی ئێستادا، داواکاریی گەل تەنیا بە داخوازییەکانی سەندیکاکانەوە سنووردار نییە، بەڵکوو داواکارییەکەیان ئەوەیە کە هەموو سیستەمەکە بەتەواوی خۆی تەسلیم بکات و دەسەڵات بداتە خەڵک. ئایا ڕێژیمی ئیسلامی کە ٤٣ ساڵە دەیناسین، ئامادەیە تەسلیم بە داخوازییەکی لەو شێوەیە ببێت؟ ڕوونە کە نایکات! هەربۆیە جگە لە ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاربوونەوە و درێژەدان بە ململانێ لەگەڵ ئەم سیستەمە بە شێوەی جۆراوجۆر کە تا ئێستا بەردەوام بووە، هیچ ڕێگەیەکی دیکە بۆ خەڵکی ئێران نییە.

هەروەها ئەم سیستەمە لە هەموو کەس باشتر دەزانێت کە ئەمڕۆ مەودای دژایەتیکردنی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگەی گرتووەتەوە و باش دەزانێت کە توانایی سەرکوتکردنی هەموو مرۆڤەکانی نەماوە. بۆیە یان تەسلیم بێت یان تا دوا سات بە نائومێدییەکی تەواوەوە مرۆڤ بکوژێت و هیوای ئەوە بخوازێت کە "ڕەنگە" بە خوڵقاندنی ترس یان بە وەرینی ئەو شۆڕشەی کە دەگوزەرێت، "سوێندی درۆ" بەدی بهێنرێت و بەم شێوەیە "ڕەنگە" توانای درێژەدان بە حوکمڕانیی خوێناوی و شەرمەزارکەرەکەی. ئەم دەسەڵاتە بە بیرۆکەیەکی لەو شێوەیە لەسێدارەدان ئەنجام دەدات. بەداخەوە لە دۆخێکی وادا پێویستە چاوەڕوان بکرێت کە زیاتر و زیاتر لەسێدارە بدات و کوشتن و دڕندەیییەکانی بەرانبەر بە خەڵک زیاد بکات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تا خەڵک بەئیرادەتر بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەرکوت و شەڕی دەروونیی ئەم دەسەڵاتە و وەک تا ئێستە کردوویانە، دانەنیشێت و درێژە بە ئامادەبوونی شەقام و بەرگریی ڕەوای خۆی بدات، ئەگەری سەرکەوتن زیاتر دەبێت. لە وەها بارودۆخێکدا هاوسەنگیی هێز لەنێوان خەڵک و هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە خاڵێکدا لە قازانجی خەڵکدایە و هیچ شتێک ناتوانێت ڕێگری لە ڕووخان و لەناوبردنی ئەم دەسەڵاتە بگرێت. بۆ ئەوەی کەمتر خوێنی خەڵک برژێت، بەجۆرێک کەمتر خەڵکی دەستگیر بکرێن و بەند بکرێن و ئەشکەنجە بدرێن و بۆ ئەوەی ئەم قۆناغە ئازار و مەینەتییە بە خێرایی و هەرزان کۆتایی پێ بێت، تەنیا یەک شت دەتوانێت هاوسەنگی بگۆڕێت لە هێزەکان لە بەرژەوەندی خەڵک: بوونی خەڵکێکی زۆرتر و زیاتر لە شەقامەکان و هاودەنگی و هاوڕێیەتی و هاوسۆزییان لەگەڵ یەکتر. جگە لەم فاکتەرە، تا زیاتر ڕێکخستن و ڕێکخستنی نێوان چینە جیاوازەکان بەهێزتر بێت و خەبات زیاتر ڕێکخراو و هەماهەنگ بێت و سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵی یەکگرتووتری هەبێت، سەرکەوتنی شۆڕش و ژیان و ئازادیی ژنان لە کاتێکی کورتتر.

لە حکوومەتی ئیسلامییەوە ناتوانین چاوەڕوانی هیچی تر بکەین جگە لە ماڵوێرانی و مردن و لەسێدارەدان و دەستدرێژی و ئەشکەنجە. ئەم ڕێژیمە تەنیا یەک ڕێگەی بۆ ئێمەی بەجێ هێشتووە، ئەویش دەستەیەک و درێژەدان بە شۆڕش لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە تاوانکارییە تا سەرکەوتنی کۆتایی. بەم شێوەیە دەتوانن ڕێگری بکەن لە کوشتنی خەڵکی زیاتر و وڵات لە کارەسات و ماڵوێرانی ڕزگار بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ١٧ی دیسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ئەزموونی خەباتێکی ڕەوا



ناسر سادقی

دەسەڵاتی پاوانخوازو نەریتیی خومەینی لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە لەسەر ڕیتم و بنەمای سەپاندنی ترس و زێدەخوازیی ئایدیۆلۆژی و پەرەپێدانی تیرۆر و سڕینەوەی بیروبۆچوونی دیانەتی و سیاسی و کولتووری دەست پێ دەکات. خومەینی بە قۆرخکردنی دەسەڵاتە نیزامی و ئەمنییەتییەکان و دانانی یاسای سزادان و بڕەوی ئەشکەنجەگەری لە بەرژەوندیی مەرامەکەی و مانەوەی ڕێژیمەکەی، دەسەڵاتەکەی پەرەی ئەستاند. خومەینی لە سەرەتادا بە زۆر ڕێگای جیاواز و کەرەستە و ئامرازی جۆراجۆرەوە و بە کەلکئاوەژو لە پرسی ئایینی و پڕوپاگەندەوە توانی هێژمۆنیی خۆی بسەپێنێت. ئەو سیستەمە نوێیە  لەو ڕێگایەوە بۆ سرینەوەی هزر و ئایدیای گەلانی غەیرەفارس و بیرە جیاوازەکان لە هیچ جۆرە هەڕەشە و توندوتیژی، تاوان و جینایەت و هەڵاواردن دەستیان نەپاراست و و سڵیان نەکرد. سیستەمی خومەینیزم توانایی و لێهاتوویی بەلاوە گرینگ نەبوو، میلاک بۆ ئەوان دووڕوویی، دەمارگرژی و پیاهەڵگوتن و چەواشەکاری و ڕووتووشکردنی ڕاستییەکان بوو.

ئەوە زیاتر لە چل ساڵە کۆمەڵانی ئێران بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی بە دەست ئەو سیستەمە ئایدیۆلۆژی و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەرەڕۆیەوە لەژێر گوشاری سیاسی و زمانی و مافە سروشتی و ئینسانیەکانیدایە.

ئێران بۆتە زیندانێکی گەورە و کلیلی ئەو زیندانەش لە پاش نەمان و مەرگی خومەینی لە ملی خامنەییدایە، هەتا ئەو جێگایەی نزیکترین ئەندامانی بنەماڵەکەی لە ترس بێ یا ڕیسوایی دانیان بەو ڕاستییە داناوە کە تەنیا ڕێگای ڕزگاریی وڵات نەمانی خامنەیی و ڕێژیمەکەیەتی کە ئەوەش لەگرەی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندایە.

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە چل ساڵە بێوچان بۆ کۆتاییهێنانی ئەو هەڕەشە و جینایەتانە بەتەنیا و بێ هەر چەشنە یارمەتی و پشتگیرییەکی نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران و یارمەتیی دەرەکی بەردەوام لە مەیداندایە. سەرەکیترین و زیندووترین فەرهەنگی خەباتی ڕۆشنبیری و مەدەنی و هێزی چەکدار هەر لە ڕۆژهەڵات بوونی هەبووە، بەڵام مخابن هەتا ئێستاش هێندێک لەو بەناو حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییانەی ئێران چاویان لە ئاست بیری دیموکراتیک و ڕزگاریخوازیی کوردستان کوێرە و هەر لەسەر هەڵە و جەهلی ڕابردوویان قەوانە کۆنەکەیان دەژەنن و دان بە ڕاستیەکاندا نانێن. بەڵام فارس گوتەنی "آنچە عیان است، چە حاجت بە بەیان است." بزووتنەوی ڕۆژهەڵات لە سەرەتای شۆرشی گەلانی ئێرانەوە بوو بە شۆرشی نێو شۆرشێکی دزراو و ئایدیۆلۆژی ئیسلامی. گەلی کوردستان لە ڕۆژهەلات هەرگیز لە شکاندنی تابۆیەکانی ئەم ڕێژیمە سەرەڕۆیە نەترساوە و نەوەستاوە و بەردەوام ئینکاری کردوون و هەتا سەرئەنجام پاش چل ساڵ زۆرینەی گەلانی ئێران تازە تێگەیشتن کە خەڵکی ڕۆژهەڵات لە تەوهووم و تراویلکەدا ناژین، فریوی دروشمە مەزهەبییەکانیان نەخواردووە و دەستبەرداری ماف و ئازادییەکانیان نەبوون و ناشبن.

دروشمی ژن، ژیان، ئازادی مێتۆدێکی بەرۆژی شۆڕش و سیمبول و ڕچەشکێنی بزاڤێکی مێژووییە. هەمووان دەزانن هەر لە سەرەتاوە کورد مافی دیاریکردنی چارەنووس و دیموکراسی بۆ گشت گەلانی ئێران، وێڕای خۆی لەلا ئاسایی بووە؟ ئەو نەتەوەتە و خەباتەکەی ملکەچ نەبووە هەتا دەستە و ئەژنۆ لە گۆڕی نێن. گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات مێژوویەک خوێن و خەبات و خۆڕاگری لەپێناو وەدیهێنانی ئازادی ئەزموون کردووە و هەتا لوتکەی سەرکەوتنیش لە خەبات ناوەستێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٧ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ١٨ی دێسەمبەری ٢٠٢٢


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## چەند تێبینییەک لەسەر بزووتنەوەی ئێستای کوردستان و ئێران



کاروان موکریانی

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵی بەکۆمەڵی تاکەکانن بۆ ئەنجامدان یان پێشگرتن لە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی کە لە پاش سەرهەڵدانی کۆمەڵگای پیشەیی و شکڵ گرتنی چینە کۆمەڵایەتییەکان سەریان هەڵدا. بە گشتی، داواکارییەکان هەوێنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پێک دێنن. دەیڤیدئابێرڵ، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر چوار دەستەدا دابەش دەکا: گۆڕانساز، ڕێفۆڕمخواز، ڕزگاریدەر و لایەنگرانی گۆڕینی ئاکار. بە گشتی دەتوانین بەکۆمەڵ بوون و گۆڕانخواز بوون بە تایبەتمەندیی سەرەکیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دابنێین.

لە ڕوویەکی ترەوە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە دوو جۆری بزووتنەوەگەلی کۆن و نوێ دابەش دەکرێن. بزووتنەوە کۆنەکان تایبەتن بە سەردەمی مۆدێرنیتە و، بزووتنەوە نوێیەکان هیی سەردەمی پۆست مۆدێرنن. بزووتنەوە کۆنەکان ڕێکخراو و خاوەن ڕێبەرن؛ لە حاڵێکدا بزووتنەوە نوێیەکان ڕێکخراوێکی ڕێکوپێکیان نییە و بێ ڕێبەرن؛ هەروەها، بزووتنەوە کۆنەکان زۆرتر ئاخێزگەی چینایەتییان هەیە، لە حاڵێکدا بزووتنەوە نوێیەکان ئاخێزگەیەکی سەرووچینایەتییان هەیە؛ بزووتنەوە کۆنەکان پەیڕەوی مۆدێلێکی ئابووری - کۆمەڵایەتیی دیاریکراو دەکەن، کەچی بزووتنەوە نوێیەکان خاوەنی هیچ مۆدێلێکی ئابووری - کۆمەڵایەتیی تایبەت نین. بزووتنەوە نوێیەکان ئاکامی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کەموکووڕییەکانی دنیای مۆدێرن و، دڵسارد بوونەوەی خەڵک لە سیستمە سیاسییەکانن.

بزووتنەوەی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کە بە بزووتنەوەی ژینا ناوبانگی دەرکردووە، جێگەی تێڕامان و لێ وردبوونەوەیە؛ هەم لە ڕووی جۆرەکەی و، هەمیش لە ڕووی چییەتی و هۆکاری سەرهەڵدانییەوە. بۆ دۆزینەوەی ئاخێزگەی سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیە دەتوانین ئاماژە بە هۆکارەکانی هەڵاواردنی جێندری، جیاوازیی چینایەتی، ستەمی نەتەوایەتی، جیاوازیی تەمەنی، هەڵاواردنی ئایینی و نەبوونی ئازادی لە ئێران بکەین. دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ، هێندێک لەم هۆکارانە سەرانسەری و گشتگرن؛ واتا لە هەمووی ئێران بوونەتە هەوێنی سەرهەڵدان وەک جیاوازیی چینایەتی، هەڵاواردنی جێندری، نەبوونی ئازادیی تاکەکەسی و جیاوازیی تەمەنی. کەچی هێندێک لە هۆکارەکان وەک ستەمی نەتەوایەتی و هەڵاواردنی ئایینی تایبەتن بە کوردستان، ئازەربایجان، خووزستان و سیستان و بەلووچستانەوە. لە کوردستان هۆکاری نەتەوایەتی و لە سیستان و بەلووچستان هۆکاری ئایینی پتر ڕۆڵ دەگێڕێ. بە هەر حاڵ ئەم هۆکارانە ئەگەر بتوانن یەک بگرن، قەیرانەکان قووڵتر دەبنەوە و دەتوانن ببنە هەوێنی شۆڕشێکی گەورەی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێران بگۆڕن. بەڵام ئەگەر یەکتر شل کەن، وەک ئەوەی تا ئێستا دەیبینین لەوانەیە شۆڕشەکە درەنگتر ڕوو بدا. بۆ نموونە داواکاریی لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لە کوردستان ڕەنگە ببێتە هۆکارێک بۆ خاوبوونەوەی بزووتنەوەکە لەنێو فارسەکان یان داخوازیی بەرابەری و یەکسانیی ژن و پیاو، بزووتنەوەکە لەنێو توێژی نەریتی و پیاوسالاردا لاواز بکا. بەڵام دەبێ لەوە تێبگەین کە هیچ کام لەم داواکارییانە نابێ بە پاساوی سست بوونی بزووتنەوەکە بە شێوەی کاتیش بێ وەلا بندرێن، چونکە ناکرێ داوا کردنی مافی ڕەوا بە هیچ بیانوویەک بشاردرێتەوە یان وەدوا بخرێ.

بە گشتی دەکرێ بڵێین کە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیە ستەم و چەوسانەوەیە: ستەمی پیاو لە ژن، ستەمی نەتەوەی فارس لە نەتەوەکانی دی، چەوسانەوەی چینی هەژار بە دەستی چینی دەستڕۆیشتوو، چەوسانەوەی ئایینی و ئایینزایی، چەوسانەوەی تەمەنی و چەوسانەوەی تاک و زەوت کردنی مافەکانی لە لایەن دەسەڵاتەوە؛ کەوابوو لەم ڕوانگەیەوە ئەم بزووتنەوەیە، بزووتنەوەیەکی فرە هۆکارە کە ڕاپەڕین دژی ژێردەستەبوون و چەوسانەوە تایبەتمەندیی سەرەکییەتی.

لە ڕوویەکی ترەوە دەتوانین لە دەلاقەی زمانییەوە بڕوانینە ئەم بزووتنەوەیە؛ واتا نابێ هۆکاری "زمانی" یا بە واتایەکی تر "گوتاری" لەبیر بکەین. چونکە ڕاستییەکان لەنێو گوتارەکاندا شکڵ دەگرن. بە واتایەکی تر، تەواوی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. بۆ نموونە ناوهێنانی کچێکی سەقزی بە "ژینا" یا "مهسا" یان درووشمەکانی وەک "ژن، ژیان، ئازادی"، "می جنگیم، می جنگیم ایران رو پس می گیریم"، "کوردستان، چشم و چراغ ایران"، "مهاباد، کوردستان، سنگر(الگوی) کل



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ایران"، "لە مهاباد تا لورستان، ڕزگاری دەکەین کوردستان" یان "کورد، بەلووچ، ئازەری، ئازادی، بەرابەری" هەر کامەیان بە شێوازی جیا کاریگەریی لەسەر چۆنیەتیی شکڵ گرتنی بزووتنەوەکە دادەنێن. مەبەست ئەوەیە کە نابێ لە ڕۆڵی زمان یان گوتار لە چۆنیەتیی شکڵ گرتن و گۆڕینی ڕەوتی ئەم بزووتنەوەیە چاوپۆشی بکەین. بەم پێیە، بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بریتییە لە کۆمەڵێک توخم و نیشانە کە خاوەنی واتاگەلی پەیوەندیدار بە سەرهەڵدان و نارەزایەتییەوەن و بە شێوەیەکی رایەڵەیی و لەپەنا یەکتر واتاکانیان لە دەوری نیشانەیەک بە ناوی "نیشانەی ناوەندی" (Nodal Point) جێگیر دەکەن. هەروەک دەزانین نیشانەی ناوەندیی ئەم بزووتنەوەیە "ژن، ژیان، ئازادی"یە کە کۆمەڵێک نیشانەی تر لە دەوری کۆ بوونەتەوە و بوونەتە بزوێنەری بزووتنەوەکە؛ واتا بەبێ ئەم نیشانانە یان بڵێین ئەم "وشانە" بزووتنەوەیەک لەگۆڕێدا نییە. کەوابوو، ڕۆڵی زمان یان گوتار لە قالبی وشەکان، چەمکەکان و درووشمەکاندا گرینگن.

شتێکی تر کە لەم پەیوەندییەدا پێویستە بگوترێ ئەوەیە کە هەڵەیە بەم بزووتنەوە نوێیە بڵێین، بزووتنەوەی "ژینا". تەنانەت ئەگەر پێی بڵێین بزووتنەوەی "ژنان"یش هەر هەڵەیە، چونکە لەگەڵ ئەوەی کە کوژرانی دڵتەزێنی ژینا بووە هۆی دەست پێکردنی و ژنان ڕۆڵی سەرەکییان تێیدا هەیە؛ بەڵام ئەم بزووتنەوەیە بەرینتر و قووڵترە لە کوژرانی کچێک یان بزووتنەوەیەکی فێمینیستی. کەوابوو پێم وایە باشترین ناو بۆ ئەم بزووتنەوەیە ناوی بزووتنەوەی "ئاسۆیی (horizontal)"یە. مانوێل کاستێلز لە کتێبی" تۆڕەکانی تووڕەیی و هیوا: بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی ئینتێرنێتدا"، ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە بۆ بزووتنەوە نوێیەکان دادەنێ:

- ڕایەڵەیین واتا ئامرازی ئەسڵییان مۆبایل و ئینتێرنێتە.
- هەم ناوچەیی و هەم جیهانین، واتا جگە لە شوێنی ئەسڵیی بزووتنەوەکە لە سەرانسەری جیهان بەڕێوە دەچن.
- خۆڕسکن.
- وەک ڕابردوو زۆریان پێویستی بە ڕێبەری ڕەسمی نییە.
- زوو زوو بەخۆیاندا دەچنەوە.
- دێموکڕاتیک و سیاسین.

بە گشتی، چونکە ئەم بزووتنەوەیە فەرماندەرانە و ستوونی نییە، بەڵکوو خۆڕسکە، ڕێبەری ڕەسمی نییە، پیاوسالار و تەمەن سالار نییە و ژنان، تازەلاو و لاو بەشداریی پڕڕەنگیان تێیدا هەیە، زۆر مەدەنییانە و هێمنە، ناوەندگەرا نییە و نەتەوە بندەستەکانی ئێران وەک کورد، تورک، عەرەب و بەلووچ تێیدا بەشدارن، باشترین ناو، ناوی بزووتنەوەی "ئاسۆیی"یە کە ئاکامەکەی ڕەنگە ببێتە شۆڕشێکی ئاسۆیی. ئەگەر شۆڕشێکی ئاسۆیی لە ئێران ڕوو بدا، لەوانەیە بتوانێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گورزێکی کاریگەر لە فارس‌سالاری، پیاوسالاری، تەمەن‌سالاری، سەرەڕۆیی، ناوەندگەرایی و خۆبەزلزانی لە ئێران بوەشێنێ.
لە درێژەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم، ئەگەر لە قۆناغی ئێستا واتا بزووتنەوە بگەینە شۆڕش (انقلاب)، باشترین ڕێکار بۆ داهاتووی کوردستان بەرەوپێشبردنی پلانی "گەشەی ئاسۆیی" یە. ئەم گەشەیە دەکەوێتە خانەی پارادایمی "پۆست گەشە" (Post- development) کە خەڵک، بەرابەریخواز، ناناوەندگەرا و ژینگەدۆستانەیە. گەشەیەک کە زۆر لەگەڵ ئەم بزووتنەوە ئاسۆییە سازگارە؛ هەروەها، زۆر دیمۆکراتیکە و لەگەڵ دۆخی فەرهەنگی- کۆمەڵایەتی و ئابووریی نەتەوەکەشمان دەگونجێ و، دەتوانین لەسەر بنەما هزرییەکانی دوکتور قاسملوو واتا سۆسیالیزمی دیموکراتیک و بە خوێندنەوەیەکی ئەوڕۆیی و تەبا لەگەڵ سەردەم و کۆمەڵگای خۆمان بەرەوپێشی ببەین.

ڕاستییەکان پیشان دەدەن کە لە ئێرانی سەد ساڵی ڕابردوودا، گوتارێکی فەرماندەرانە و سەرەڕۆیانە زاڵ بووە. ئەم گوتارە لەمەڕ گەشە بووەتە ئامرازێک بۆ سازکردنی سەردەست - ژێردەست. ئەم گوتارە هەلی بۆ پیاوان، نەتەوەی فارس، ئایینی شیعە، بەتەمەنەکان و چینی سەرمایەدار ڕەخساندووە کە سەردەست بن و بووەتە هۆی بندەست بوونی ژنان، غەیرەفارسەکان، غەیرەشیعەکان، لاوان و هەژاران. نەتەوە، توێژ و چینی دەسەڵاتدار بە درێژاییی ئەم مێژووییە خۆی لە هەر چەشنە دابەشکارییەکی دادپەروەرانە بواردووە؛ کەوابوو گوتاری گەشە تا ئێستا بە پەهلەوی و ئیسلامییەوە پاراستنی بەرژەوەندی و سەرووەریی بەشێک لە پیاوان، نەتەوەی فارس، شیعەکان و چینی دەستڕۆیشتوو بووە و ناوەندگەرایی و سەرەڕۆییەکی بەهێزی لێ کەوتووەتەوە؛ بە وتەیەکی تر گەشە لە ئێران تیۆری و بەرنامەیەکی پیاوسالار، فارس‌تەوەر، بژاردەسالار، پیرسالار و سەرمایەدارانە بووە کە کاری ئەسڵیی سڕینەوەی جیاوازییە نەتەوەیی، کلتووری و زمانییەکانی خەڵکی ئێران بووە. ڕێگاچارە تێپەڕینە لە گەشەی باڵادەستانە، دەوڵەتی، پیاوانە، پیرانە، ناوەندگەرا و فارسگەرا بۆ گەشەیەکی یەکسان و بەرابەر، خەڵکییانە و مرۆڤتەوەرانە. لە گەشەی ئاسۆییدا، کلتوور و زانستی خەڵکانی خۆجێیی و نەتەوە جۆراوجۆرەکان لەبەرچاو دەگیرێ و هەوڵ دەدرێ جێگە و پێگەی ئابووری، سیاسی و کلتوورییان بەهێز بکرێ. لەم گەشەیەدا، گەشە لەسەر دەستی دەوڵەتی ناوەندی و لە سەرەوە بە شێوەی فەرماندەرانە دەست پێ ناکا، بەڵکوو کۆمەڵانی خەڵک لە گوند و شارەکان بە ژن و پیاو، گەنج و پیرەوە بەشدار دەبن. لەم گەشەیەدا، نەتەوە جۆراوجۆرەکان کە چاتر لە دەرد و ژانی خەڵکی خۆیان دەگەن، پلاندارێژ و بەڕێوەبەری گەشە دەبن. ئەم جۆرە گەشەیە دیمۆکراتیکە و دەتوانێ هێژمۆنیی نابەرابەریخوازانەی گەشەی فەرماندەرانە تێک بشکێنێ و زەمینەی بەشداریی کۆمەلانی خەڵک لە چارەنووسی سیاسی و ئابووریی خۆیاندا ساز بکا. بە گشتی ئەم گەشەیە، لەگەڵ ئەم بزووتنەوە ئاسۆییە گونجاو دەبێ و دەتوانێ پلانێک بێ بۆ لابردنی هەموو جۆرەکانی ستەم لە ئێرانی داهاتوودا. لەم جۆرە گەشەیەدا، ستەم لە ژینگە، ژنان، نەتەوەکان، چینی هەژار، منداڵان، گەنجان و تاکەکان لەنێو دەچێ و، بە هەر یەک لەوانە مافی هەڵبژاردنی جۆری ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کلتوورییان دەدرێتێ.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بە کورتی پێم وایە ئەم بزووتنەوەیەی ئێستا بزووتنەوەیەکی "ئاسۆیی"یە؛ چونکە فرەڕەنگ و فرەهۆکارە، بێ ڕیزبەندییە و داواکارییەکانی خەڵکی لاواز و پەراوێزخراو لەخۆ دەگرێ. ئەمە تایبەتە بە ژیان لە سەردەمی ئینتێرنێتدا کە ڕێگای بۆ سازکردنی کۆمەڵی سیاسی لە دەرەوەی پێکهاتەی حقووقیی دەوڵەت ساز کردووە. ئەم بزووتنەوەیە لە داهاتوودا، دەتوانێ ڕێگا بۆ سازبوون و هێژمۆنیک بوونی "گەشەی ئاسۆیی" وەکوو دژەگوتاری گەشەی ستوونیی سەد ساڵی ڕابردووی ئێران تا ئێستا خۆش بکا. ئەم گەشەیە لایەنگری ئابوورییەکی ئەخلاقتەوەرانەیە؛ هەروەها، پێشکەوتن وێڕای لەبەرچاوگرتنی ژینگە، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بەرابەریی ژن و پیاو، مافی مرۆڤ، مافی منداڵان، هەژاران، گوندنشینان، مافی گەلان، ئازادیی تاکەکەسی و... لەخۆ دەگرێ. لەم جۆرە گەشەیەدا، پلان و بەرنامە لە سەرەوە و ناوەندەوە ڕەت دەکرێتەوە و زۆر دێموکراتیکانە ئەرکی پێشڤەچوونی کۆمەڵگا دەخرێتە ئەستۆی کۆمەڵانی خەڵک.

سەرچاوە: گۆڤاری تیشک – ڕێکەوتی: ١٨ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بەئێعدام و تیرۆر بەر بەماراتۆنی شۆڕشی ژینائەمینی ناگیرێ




**سایتی پەیام**

لە سەرەتای دەستپێکی چوارەم مانگی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" داین، کە ناوی ژینا ئەمینی بوو بە ڕەمزی بەرپا بوونی. حکومەتی ئیسلامی هەرچیەکی لە توانایدا بوو بۆ ڕاگرتن و شکست پێ هێنانی ئەم ماراتۆنە شۆڕشگێڕانەیە کردی و ناکام مایەوە. ئێعدام، قەتڵی خیابانی و تیرۆر تەنیا شگرد و بژاردەی حکومەتە بۆ بەرەنگار بوونەوەی خەڵکی ڕاپەڕیو. بەڵام لە بارودۆخێکدا کە کوشتنە بە ئاشکرا حکومەتیەکان هەزینەیەکی زۆری هەیە بۆیان، هاوکاتیش دەستیان داوەتە شێوازێکی داماوانە تر. ڕفاندنی ناڕازیان و زیندانی کردنیان لە زیندانە شاراوەکان و کوشتنیان لەژێر ئەشکەنجەدا و فڕێدانی پەیکەرەکانیان بۆ نێو دەریاچە و ڕووبارەکان، بۆنێو دەشت و قەراغ جادەکان. کۆماری ئیسلامی سیاسەتی جەنایەتکارانەی ڕفاندن، تیرۆر و کوشتنی لە دەیەکانی ڕابردوشدا لە بەرانبەر نووسەران، هونەرمەندان و ژمارەیەک لە نەیارانی سیاسی دا گرتبووەبەر. لە ڕاستیدا ئەمە هەمان سیاسەتی ڕیسوا بووی قەتڵە زنجیرەییەکانە کە ڕژیم بە شاراوەیی بەڕێوەی ئەبرد و حاشای لێدەکرد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەڵام تیرۆر، کوشتنە حکومەتیەکان لەسەر شەقام و ئێعدام کردن لەنێو زیندانەکاندا، ماراتۆنی ئەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەی خاو نەکردۆتەوە و ناشتوانێ ڕایبگرێت. بە قەتڵی حکومەتی ژینا ئەمینی قین و تورەیی کەڵەکە بوو لەژێر پێستی شار و کۆمەڵدا سەری هەڵدا. بەڵام لەم ماوە کورتەدا شاهیدی بەرپا بوونی شۆڕشێکی بەهێزی سیاسین کە هاوکات گەلێک لە پێوەندیە کۆن و پەڕتوکاوی کۆمەڵایەتیشی کردۆتە ئامانج. ئامادە بوونی بەرینی ژنان کە بۆیەکەم جارە لە مێژوی ئێراندا لە لایەن پیاوانی بەرابەری خوازیشەوە پشتیوانی دەکرێت، لە ئاستی ناوچەکە و دنیادا بێ وێنەیە.

شۆڕشی ١٣٥٧ کە لەلایەن جەریانی مەزهەبییەوە دەستی بەسەردا گیرا و حکومەتی مەزهەبی شیعەی هێنایە سەرکار، لەسەر خوێن، شەڕ، تازیەباری، سینەزەنی، مردن و شەهادەت، بێگانە هەراسی و نەفرەت لە هەرشتێکی مۆدێرن، ئەمرۆیی و زانستی بوو، دامەزرا. شۆڕشی ژینا ڕاست بە پێچەوانە و بۆ سڕینەوەی هەموو دزێویە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی سەرچاوە گرتوو لە بە دەسەڵات گەیشتنی حکومەتی مەزهەبی بەرپا بووە.

لە شۆڕشی ژینادا دروشمی ژن، ژیان، ئازادی ڕەنگدانەوەی خواست و ئاواتەکانی زۆربەی خەڵکی ئێرانە. ئەو چەمکانەی کە ڕاست دژ و پێچەوانەن لەگەڵ فەرهەنگی کۆنەپەرستانەی دامەزراو لەسەر نایەکسانی ژن و پیاو.

لە شۆڕشی ژینادا تەنیا پەراوێز خستن، لاواز کردن و سەرئەنجام شکاندنی شکۆ و دەسەڵاتی مەزهەبی ئامانج نییە بەڵکو تێکشاندن و سڕینەوەی پیرۆزیە لە هەرشتێک کە بۆتە سیمبول و هێمای پایەداری و بەهێز بوونی مەزهەب.

شتێک کە هیوا بە سەرکەوتنی شۆڕش لە دڵدا دەبووژێنێتەوە، بەردەوامی حوزوری ژنان و لاوان، کرێکاران و زەحمەتکێشان، خوێندکاران و قوتابیان، هونەرمەندان و وەرزشکاران، فەرهەنگیان و خانەنشینان، و بەکورتی بەشێکی بەرین لە دانیشتوانی کۆمەڵگایە لە ماوەی ٣ مانگی ڕابردودا. ئاستی جەماوەری بوونی ئەم بزوتنەوەیە بەتایبەت لە کوردستان و بەلوچستان بێ وێنەیە. ئێستا ئەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە گەورەیە بەرەو ئەوە دەچێت تا جەماوەری بەرینی کرێکاران لە ناوەندە گەورەکانی بەرهەمهێناندا لەخۆ بگرێت و ئەم ڕاستیەش زەنگی مەرگی ڕژیمی لێداوە.

ماراتۆنی بزوتنەوەی جەماوەری بۆ ئاڵوگۆڕی جیدی و قوڵی کومەڵایەتی و سیاسی، و دەستەبەر کردنی ئازادی، دادپەروەری و یەکسانی بە ئێعدام و تیرۆر ڕاناوەستێت. شۆڕشی ژینا بەرەو ئەوە دەچێت کە نەک تەنیا ئێران، بەڵکو ناوچەکەش بۆ حکومەتە مەزهەبی و ئیستبدادیەکان بەرتەسک و نائەمن بکات. بە دەسەڵات گەیشتنی ڕژیمی ئیسلامی لە ئێران بوو بەهۆی پێکهاتنی تالیبان، داعش، حیزبۆڵڵە و باقی ڕەوتە کۆنەپەرستە مەزهەبیەکانی شیعە و سوننی لە ناوچەکەدا. ئەم شۆڕشە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕاست بە پێچەوانەی ئەو، ناوچەکەی بۆ ڕەوتە کۆنەپەرستە مەزهەبییەکان نائەمن کردوە و موژدەدەری ئاڵوگۆڕی قوڵی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسییە لە داهاتودا.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ١٩ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

---

## کێن ئەوانەی سوکایەتی بە ژن دەکەن؟



**فایەق محەمەد گوڵپی**

ماوەیەکە ژمارەیەک مەلای حزبی و کادری حزبە ئیسلامییەکان، لە ژێر پاساوی بەرگریکردن لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و کۆمەڵگای کوردستان و خێزان، هەرچی بشێت و نەشێت بە ژنانی کوردستان و بەو کەسانەی دەکەن کە باوەڕییان بە دیموکراسیەت و ماف و ئازادی هەیە.

هەمومان دەزانین لە سەرەتای بڵاوبونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، ئەو ئاینە ڕیزێکی زۆری لە ژن گرتووە، دیاردەی زیندەبەچاڵکردنی کچانی قەدەغەکردووە، خەدیجەی خێزان یەکەمی پێغەمبەر( د.خ) لەسەربێت، لە ناو ئیسلامدا پێگەی هەبووە و لە بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلامدا ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە مێژووی تێکۆشانی گەلی کوردا چەندان ژنی موسڵمان لە پێشەنگی تێکۆشانی گەلی کوردا دەرکەوتوون، لە وڵاتە موسڵمانەکانی جیهاندا وەک پاکستان و مالیزیا ژنی موسڵمان توانیویەتی سەرکردایەتی وڵات و دەوڵەت بکات.

بەڵام ئەبێ ئەوەشمان بیرنەچێتەوە کە لە دوای بڵاوبونەوەی ئاینی ئیسلام تا ئەمڕۆ، هزری خێڵایەتی عەرەب و خێڵەکانی تری ناوچەکە و سیاسەتی دەسەڵاتخوازی و نەتەوەپەرستی و نادیموکراتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، لەگەڵ ئیسلام تێکەڵکراوە و ئاینی پیرۆزی ئیسلامی بە لاڕێدا بردووە، پێکهاتە خێڵەکی و نەتەوەپەرستەکان ئیسلامیان بۆ گوێرەی بەرژەوەندی خۆیان لێکداوەتەوە، چۆنیان ویستبێت وا دژی گەلانی تر و دژی رکەبەرەکانیان بەکاریانهێناوە.

لە مێژوی نوێی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کوردا، ژنی کوردشانبەشانی براکانی، سەنگەری بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی ئازادی ئاوەدان کردۆتەوە، لە رۆژهەڵاتی کوردستان مەهسا ئەمینی بە بەخشینی گیانی لە پێناوی ئازادیدا شۆڕشی (ژن ژیان ئازادی) ئێرانی بەرپاکرد و لە ئاستی جیهاندا دەنگیدایەوە.

بۆیە دەتوانین بڵێین: لەم سەردەمەدا تێکۆشان و قوربانییەکانی ژنی کورد بۆتە ناسنامەی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد وگەلانی تر و پێکهاتە چەوساوەکانی ناوچەکە، ئەمەش بە سەرکەوتنێکی گرنگی خەباتی دیموکراتی گەلی کورد دەژمێردرێت و جیهان بە رێزو پیزانینەوە سەیری دەکات و گرنگی پێدەدات.

داگیرکەرانی کوردستان بەوپەڕی مەترسییەوە سەیری رۆڵی ژنانی کوردستان دەکەن، بەوپەڕی دڵتەنگییەوە سەیری ئەو ناسنامە نوێیەی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کوردستان دەکەن، لەبەر ئەوەی رۆڵی ژن لە لایەکەوە پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد فەراهەم دەکات، لە لایەکی تریشەوە هەموو پێکهاتە جەندەرییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە شۆڕشدا بەشداری پێدەکات، بۆیە ئەوپەڕی هەوڵدەدەن رێگری لە بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی رۆڵی ژنانی کوردستان بگرن، رێگە لە شۆڕسی گەلی کورد و شۆڕشی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بگرن، بۆ ئەو مەبەستە هەندێک کەس و هەندێک پێکهاتتەی ئیسلامیی سیاسی باشوری کوردستان بەکاردەهێنن.

ساڵی ٢٠١٨ کە خۆسەری رۆژئاوای کوردستان یاسای باری کەسێتی دەرکرد، لە یاساکەدا رەچاوی ماف و ئازادی ژن کرابو، ئیسلامی سیاسی باشور، بە بیانووی ناکۆکی ئەو یاسایە لەگەڵ بنەماکانی ئاینی ئیسلامدا، دەستی بە پەلاماردانی بەرێوەبەرایەتی خۆسەر کرد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەمساڵیش کە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی لە ڕێگەی مەرگی کچێکی کوردەوە دەستیپێکرد و هەزاران چالاکوانی ژن و کەسایەتی ئێرانی و جیهانی بەشدارییان تێداکرد، ئیسلامی سیاسی باشور جارێکیتر، بۆ پشتیوانی لە سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان، لە ڕێگەی ژمارەیەک مەلای حزبی و سوپایەکی حیزبی سۆسیاڵمیدیاوە، بە پشتیوانی حزبە دەسەڵاتدارە خێڵەکییەکانی باشور، دەستیان بە سووکایەتیکردن بە ژنی کورد کردوە، لە لایەکەوە دژی ئەو کۆڕ و سمینارانە دەوەستنەوە کە دەربارەی ماف و ئازادی ژن ڕێکدەخرێت، لەلای ترەوە جەندەر بە هاوڕەگەزبازی و بەبێڕەوەشتی و بە تێکدانی خێزان وێنادەکەن، پەلاماری ئەو کەسانە دەدەن کە کلتور و ڕۆشنبیری دیموکراتی پێشدەخەن، ئەو کەسانەی کە بەرگری لە مافی ژن دەکەن، بە پشتیوانی هاوڕەگەزبازی و بە بڵاوکردنەوەی بەدڕەوشتی تاوانبار دەکەن، دیاردەی فرە ژنی پێشەدەخەن و یاسای قەدەخەکردنی فرەژنی عێراق هەموار دەکەنەوە.

ئەو هەڵسوکەوتەی ئیسلامی سیاسی باشوری کوردستان فەڕی بەسەر بنەما سەرەکییەکانی ئاینی ئیسلامەوە نییە، ئەوە سیاسەتی پێش ئاینی ئیسلامە، زیندوکردنەوەی زیندەبەچاڵکردنی کچانە لە کەسێتی ژنی کوردا، کە پێش بڵاوبونەوەی ئاینی ئیسلام لە لایەن خێڵە عەرەبەکانەوە بەرامبەر بە کچانی لە دایکبوو پەیڕەودەکرا.

ئەوە سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان و حزبە خێڵەکییەکانی هەرێم و کۆمەڵگای کلاسیکی باشوری کوردستانە کە لە ڕێگەی کۆمەڵێک مەلا و کادری حزبییەوە بەڕیوەدەبرێت.

ئەم جۆرە سیاسەتە بێجگە لە قوڵکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی گەلی کوردستان، هیچ سودێکی نییە، تەنها سوود بە دوژمنەکانمان دەگەیەنێت.

باشترە بۆ ئیسلامی سیاسی باشوری کوردستان، لە بەرەی داگیرکەرانی کوردستان و حزبە دەسەڵاتدارەکانی باشور بکشێتەوە، بەرەی گەل ئاوەدان بکاتەوە، پشتیوانی لە مافە نەتەوەیی و ئینسانی و ئاینییە زەوتکراوەکانی گەلی کوردستان بکات، پشتیوانی لە مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و دیموکراتی و حقوقییە زەوتکراوەکانیخەڵکی باشوری کوردستان بکات، نەک بە بیانووی داکۆکی کردن لە ئیسلام و کۆمەڵگا و خێزان، سیاسەتی دکتاتۆرەکان و سەرکوتکەرانی گەلان جێبەجێبکەن و هەرچی خراپە بە ناوی ئیسلامەوە بە ئیسلام و بە کوردی بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی – ڕێکەوتی: ١٩ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشی ژینا، داواکارییەکانی کورد



ئەحمەد ئەسکەندەری

شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی ئەم دواییانە لە شاری سەقزەوە دەستی پێ کرد و بە خێراییەکی چاوەڕواننەکراو بە هەموو کوردستاندا تێپەڕی و سەرانسەری ئێرانی گرتەوە. ژینا (مەهسا) ئەمینی، ژن بوو، کورد بوو، لە تاران غەریب بوو، مرۆڤێکی بوێر بوو کە بەدەستی "گەشتی ئیرشاد" کوژرا. هەموو ئەم تایبەتمەندییانە و ڕێوڕەسمی زۆر بوێرانە و شایستەی ناشتنەکەی لە سەقز، دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی تاوانەکە کاردانەوەی برووسکەئاسای هەبوو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا. ئەمانە ڕۆڵیان هەبوو لەوەدا کە ئێستا ژیناکەی سەقز و کوردستان بووەتە هێمایەک لە ئاستی جیهاندا.

ژینا لەسەر ئەوە گیرا و گیانی بەخت کرد کە گوایە حیجابەکەی کامڵ نەبوو، هەر بۆیە لە ڕۆژی ناشتنەکەیەوە لە گۆڕستانی ئایچی سەقز، دروشمی ژن ژیان ئازادی بەخێراییەکی سەرسووڕهێنەرەوە بە هەموو لایەکدا بڵاو بووەوە. مانگرتنی خەڵکی شارەکانی کوردستان لەسەر داوای حیزبە سیاسییەکان زۆر زوو سەلماندی کە ئەم سەرهەڵدانە ڕیشەی لە خەباتی دەیان ساڵەی گەلی کورددایە کە بەتایبەت لە پاش ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتییەوە، بەشێوەی جۆراوجۆر بەردەوام لە هەڵسوکەوتدا بووە. لەگەڵ ئەوەدا کە پاش کوژرانی ژینا، تاران و زۆرێک لە شارەکانی تری ئێران هاتنە سەر خەت، هاوخەباتی و هاودەنگییان لەگەڵ دروشمەکەی شۆڕشی ژینا ڕاگەیاند، بەڵام زۆر زوو دەرکەوت کە ڕژیم دەیهەوێت ئەم



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هاوخەباتییە لەبار بەرێت.

بۆ ئەو مەبەستە دەستیان کرد بە جموجۆڵ لە کوردستان. وردە وردە شارەکانیان میلیتاریزە کرد، گوتیان مەبەستی جوداییخوازان ئەوەیە یەکپارچەیی وڵات تێک بدەن! هەڵوێستی ژیرانەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان کە زۆر زوو هەڵوێستیان گرت و گوتیان ڕێگا نادەن ڕژیم خەباتی سیاسی - مەدەنی خەڵک بەرەو شەڕ و پێکدادانی چەکداریی ڕابکێشێت، کاردانەوەی زۆر باش و ئەرێنی هەبوو. لە ئاستی ئێرانیشدا ئەم هەڵوێستەی ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان بەرز نرخێندرا. ڕژیم هەوڵی دا بە کاری تێکدەرانە و دژەمرۆڤانە وەکوو هێرش کردنە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی کوردستان لە باشوور – کە بەداخەوە بووە هۆی گیانبەختکردنی ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی ئازادی کوردستان - هەم گوشارێکی زیاتر بخاتە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەم بە خەیاڵی خۆی ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بورووژێنێت کە جوابی چەکدارانە بدەنەوە و سەرنجی ڕای گشتی لە خەباتی سیاسی کۆمەڵانی خەڵکەوە بۆ ئەو دیوی سنوورەکان ڕابکێشێت. ڕژیم لەو بوارەشدا سەری دای لە بەرد و سەرکەوتوو نەبوو.

لێرەدا پێویستە بگوترێ کۆماری ئیسلامی ئێجگار بەوە تەنگەتاو بوو کە ئەم جارە بەپێچەوانەی ڕووداوەکانی پێشووتر لە کوردستان، بۆ یەکەم جار ڕووداوێکی وەکوو گیانبەختکردنی ژینا و ناشتنەکەی لە کوردستان لەگەڵ ئەو شەپۆلە گەورەیە لە هاوخەمیی، پشتیوانیی و بەدەنگەوەهاتن بەرەوڕوو دەبووەوە. لە ڕاستییدا پریشکی ئاگری ئەم شۆڕشەی ئێستای ئێران لە کوردستانەوە سەری هەڵدا. ئەمە هەم مایەی شانازییە و هەم شیاوی ئەوەیە وەکوو دیاردەیەکی گرینگ چاوی لێ بکرێت.

شیاوی سەرنجە کە سەرەڕای ئەوەی خەباتی گەلی کورد، چالاکییەکانی شارە کوردییەکان و شۆڕشی ژینا بووەتە مایەی ڕێز و لە ئاستی ئێران و دەرەوەیشدا پەسنی خەڵکی کوردستان دراوە، هێندێک دەنگ و لێکدانەوەی جیاواز و تا ڕادەیەکیش نەیار دەرکەوتوون. لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا و لە ڕیزی هێزی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و چالاکانی سیاسی و توێژەرانی میدیا فارسی زمانەکاندا، چەمکی "جوداییخوازیی" و "تەواوەتیی خاکی ئێران" لێرە و لەوێ دەبیسترا و بەردەوام لە لایەن بێژەرانەوە دڵنیایی دەدرا کە کوردەکان جوداییخواز نین! ئەمە ئەوەندە چووە پێش کە ئیتر باسی ئەوە نەدەکرا ئەی کوردەکان "چی‌خوازن؟" و داواکارییەکانیان کامانەن. کورد کە بەم گەرموگوڕییەوە هاتووەتە مەیدان، پاش ئەو هەموو قوربانیی دان و تێکۆشانە چ بەرنامە، چاوەڕوانیی و داخوازییگەلێکی هەیە لەو حکوومەتەی دواتر دێتە سەرکار. وێدەچێت بەلای هێندێک کەس و لایەنەوە ڕووخانی ڕژیم و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی نوێ لە ئێران، یەکسان بێت لەگەڵ گەیشتنی گەلی کوردیش بە ماف و داخوازییەکانی خۆی! بە واتایەکی تر بە گەلی کورد دەڵێن کە هەموو هێز و توانای خۆتان بخاتە گەڕ بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، جا پاش ڕووخانەکە وەرنە تاران دابنیشین و گفتوگۆبکەین بزانین



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**چیتان دەوێت!**

**لە ڕوانگەی یەکسانیخوازیی و بەرابەریی مافی ژن و پیاوەوە، ئەمە ڕێک هەر ئەو بۆچوونەیە کە دەڵێ پەلە مەکەن با سەرکەوتن بەدەست بهێنین جا پاشان بە دڵنیاییەوە باسێکیش لە مافی ژنان دەکەین. لەم شۆڕشەدا بەخۆشییەوە ژنان هەروەکوو نیشانیان داوە و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی دەریدەخات، لە ئێستاوە دەیانهەوێت دڵنیا بن کە لە دواڕۆژی ڕووخانی ئەم ڕژێمەدا ئەوان بە مافی خۆیان دەگەن و بەشیان لە دەسەڵاتی سیاسییدا پارێزراوە. بۆ کوردستانیش هەر ڕێک ئەو بەڵگەهێنانەوە دروستە و دەبێ هەر لە ئێستاوە بزانین گەلی کورد چی دەست دەکەوێت.**

**سەردەمی ڕووخانی ڕژێمی شا لە ساڵی ١٩٧٩دا زۆر جیاوازە لەوەی ئێستا دەیبینین. نە ڕژێمەکە، نە هەلومەرجی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەو ساڵە بەراورد ناکرێن. ئەو جەوانانەی کووچە و کۆڵانەکانیان بە خوێنی خۆیان سوور کردووە و بەشدارن لەم سەرهەڵدان و شۆڕشەدا بە دیارییکراویی نوێنەرایەتی هیچ سەرۆک و لایەنێکی سیاسی ناکەن. هەر ئەمە دەکرێ وەکوو دیاردەیەکی ئەرێنی بەراورد بکرێت. درێژە پەیداکردنی ئەم سەرهەڵدانانە لە ڕەوتی خۆیدا وردە وردە وادەکات، ڕێکخستنی سیاسی دەرکەوێت، ڕێبەر و ڕێنیشاندەری ئەم شۆڕشە گەشەبکەن و سەرهەڵێنن.**

**بەخۆشییەوە هەبوونی نەریتی حیزبایەتیی و ڕیکخستنی سیاسی لە کوردستان زەمینەیەکی لەبارە بۆ دڵنیابوون لە داهاتوو. گەلی کورد ئەزموونێکی باشی هەیە لە گەڵاڵەکردن و پێشکەشکردنی داخوازییەکانی خۆی بۆ پێکەوە ژیانێکی ئازادانە و دوور لە ستەمی میللی و هەڵاواردن. ئەم ڕێگایەمان بەتایبەت لە سەردەمی ڕووخانی ڕژێمی شادا تاقی کردووەتەوە و بەباشی بەڵگەمەند کراوە.**

**کاتێک شا ڕووخا، پاش یەک هەفتە دەستەیەک لە لایەن دەوڵەتەوە هاتنە مەهاباد و یەکەم دانووستاندنی گەلی کورد لەگەڵ ئەو نوێنەرانە بەڕێوە چوو و داخوازییەکانی گەلی کورد پێشکەش کرا. دواتر لانی کەم چوار داخوازینامەی دیکەیش بە نوێنەران و بەرپرسانی تاران درا. بەتایبەت پاش پێکهاتنی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد، گەڵاڵەیەکی زۆر ڕێکوپێک بەناوی "گەڵاڵەی ٢٦ خاڵی" ئامادەکرا کە بە تێکڕای دەنگی نوێنەرانی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی، حیزبی دیموکرات، کۆمەڵە و ڕێکخراوی چریکی فیدایی پەسند کرا. ئەم گەڵاڵەیە بۆیە گرینگە کە یاساناس و پارێزەری زانا و بەناوبانگ صارمالدین صادق وەزیری و دوو پارێزەر و یاساناسی چالاک یەدوڵڵا بیگلەری (کۆمەڵە) و عەزیز ماملێ (حیزبی دیموکرات) یاریدەدەری صارم خان بوون. ئەوان دوای ماندووبوونێکی زۆر و بە ڕاوێژ لەگەڵ هەر چوار لایەنەکەی ناو دەستەی نوێنەرایەتی و بە شارەزابوونیان لە بارودۆخی ئێران و کوردستان گەڵاڵەیان ئامادە کردبوو.**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو گەڵاڵەیە پێداگریی دەکات لە دامەزراندنی دیموکراسی و ئازادی لە ئێران، نەهێشتنی ستەمی میللی لەسەر گەلی کورد، دابەش کردنی داهات و سامانی وڵات بەسەر هەموو ناوچە جۆراوجۆرەکاندا بەجۆرێک کە قەرەبووی بەپاشکەوتوویی هێشتنەوەی کوردستان بکرێتەوە و ژێرخانی ئابووری کوردستان بگەشێتەوە. ڕەچاوکردنی مافی یەکسان بۆ ژنان بەشێوەیەکی بەرجەستە لە هەموو داخوازییەکانی گەلی کورددا و لە ڕەوتی هەموو گفتوگۆکاندا دەبینرێت. هەروەها پێداگری کراوە لەسەر ڕێزگرتن لە ئازادیی چاپەمەنی، ڕاگەیاندن، ڕادەربڕین، کۆبوونەوە و پێکهێنانی ڕێکخراوی سیاسی و پیشەیی. لەو گەڵاڵەیەدا بەوردیی و بە شێوەیەکی ڕوون ئاماژەکراوە کە ئێمە بەکوێ دەڵێین کوردستان و پێویستە زمانی کوردی چ پێگەیەکی هەبێت.

ئەوەندەی من ئاگادارم حیزبەکانی کوردستان هەتا ئەم کاتەیش بە وردیی هیچ گەڵاڵە و پێشنیارێکی دیارییکراویان بڵاونەکردووەتەوە کە بزانرێت لایەنی بەرامبەر لە ناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێران چۆن وەڵام دەداتەوە. سەبارەت بە زمانی کوردی، ماوەیەک لەمەوبەر ڕەزا پەهلەوی (کوڕی شای پێشوو) گوتی "چۆن دەکرێت لە وڵاتێک موهەندیسێکی خەڵکی تەورێز کە بە زمانی تورکی بڕوانامەی وەرگرتووە، یەکێکی خەڵکی کرماشان کە بە زمانی کوردی بڕوانامەی هەیە و یەکێکی تر بە زمانی فارسی، بیانهەوێت پردێک لە شوێنێکی ئێران دروست بکەن و بە سێ زمانی جیاواز قسە بکەن!! خۆ ئەوانە لێک تێناگەن!" سەیرە کوڕی شای پێشووی وڵات چۆن هەوڵ دەدات پرسی زمان لە وڵاتێکی فرە نەتەوەی وەکوو ئێران بەو شێوەیە بەلارێدا ببات. وەک ئەوەی هیچ ئاگای لە دیاردەگەلی وەکوو زمانکوژیی و هەڵاواردنی زمان نەبووبێت. لەلایەکی ترەوە رضا تقی‌زادە یەکێک لەو کەسانەی کە شاخوازە و زۆر لە کانالە فارسییەکاندا دەردەکەوێت لە کلیپێکدا دەڵێ: "ئەگەر فلانکەس دایکی فارسی تێ ناگات، دەیجا با بیبات فێری فارسی بێت!! ئێمە لە ئێران یەک زمانی ڕەسمیی‌مان دەبێت و ڕێزیش دەگرین لە دوو سەد زمانی مەحەللی." سەیر ئەوە بوو کە هەموو ئامادەبوانی کۆڕەکە لە ئالمان چەپڵەیان بۆ لێ دا! بەپێی ئەم لێدوانەی ئاغای تەقی‌زادە زمانی کوردی یەکێکە لە "دوو سەد زمانی مەحەللی" لە ئێران.

ڕۆژی ١٣ی دیسامبر ڕاگەیاندنێک لە لایەن "دبیرخانه شورای مدیریت گذار" و هەروەها "هیئت مدیره شورای ملی تصمیم" بڵاوکراوەتەوە کە وادیارە بەرەو یەکگرتن هەنگاو دەنێن. بەپێی ئەم ڕاگەیاندنە یەکەم ئامانج ئەوەیە: " پاراستنی دەسەڵاتدارەتیی نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاکی ئێران، . . .". باسی دیموکراسی پارلەمانی و جودایی دین و دەوڵەت و ئەوانەش دەکات، وەلێ هیچ خۆی لە قەرەی پرسی کورد و ستەمی میللی نادات. تەنها دەڵێ "هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەرچەشنە هەڵاواردنێک"! ئەم دوو لایەنە کە ڕاگەیاندنەکەیان واژۆ کردووە نێوانیان لەگەڵ ڕەزا پەهلەوی خۆشە.

هەتا ئێستا هیچ گەڵاڵە و پێشنیارێک بۆ پرسە گرینگەکانی گەلی کورد لە لایەنە ئێرانییەکانەوە نەبیستراوە بۆ دوای


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران. بەڵام لە چەندین شوێن بە وردیی باسی ئەرکە خێراکانی دەوڵەتی کاتی کراوە بۆ ئێران پاش ڕووخانی ئەم ڕژێمە، بەبێ هیچ ئاوڕدانەوەیەک لەسەر کوردستان. ئەمە لە کاتێکدایە ئەم لایەنانە بەردەوام پەسنی گەلی کوردیان داوە، دەڵێن "کوردستان چشم و چراغ ایران" و خۆشحاڵن لەوەی کوردەکان جیاوازییخواز نین. ئەوەی کە کورد وەکوو لایەنێکی پێشکەوتنخواز ئاڵاهەڵگری دیموکراسی و ئازادی بێت بۆ ناوچەکە مایەی شانازییە و هەڵبەت دەبێ بەردەوام بین لەسەر ئەو ڕێبازە. بەڵام ئەرکی سەرشانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانە کە هەر لە ئێستاوە کوردستان دڵنیا بکەنەوە کە مافەکانیان دەپارێزرێت و ئەرکی ئێمەیشە بە وردی چاودێری بکەین کە وانەزانن کورد تەنها چاوەڕوانی قسەی خۆشە، بەتایبەت ئێستا کە هێشتا نەگەیشتوونەتە دەسەڵات.

کێشەکە لەوەدایە کە ڕێبەرانی حیزبە کوردییەکان بەڕوونی و بەئاشکرا داخوازییەکانیان ڕانەگەیاندووە. من مەبەستم ئەوە نییە لە کۆڕ و دانیشتنەکان بە زمانی کوردی نەیانگوتووە! نەخێر، لەوەدا هەتا ڕادەیەکی زۆر باسیان لێوە کردووە. بەڵام بە زمانی فارسی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان و لە میدیا فارسی زمانەکانەوە ئەو دەربڕینانە نەبیستراوە. هەروەکوو ئەوان بە ئاشکرا دەڵێن پاش ڕووخانی ڕژێم چۆن دەکەن و کێ و کێ دەبنە بەرپرسی شورای کاتی و ئەو شتانە، پێویستە نوێنەرانی کوردستانیش سەبارەت بە داواکارییەکانی گەلی کورد بەو شێوەیە بدوێن و ڕاشکاوانە داخوازییەکانی کوردستان بەرجەستە بکەنەوە. ٤٣ ساڵ لەمەوبەر لەلایەن هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێرانەوە هەڵەیەک کرا و وەڵامی "وحدت کلمە"ی خومەینی درایەوە. مرۆڤی ژیر نابێ بهێڵێت لە کونێکەوە دوو جار بیگەزن.

بەڵێ ڕووخانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەرکێکی خێرا و زۆر گرینگە لەبەردەم گەلی کورد و هەموو گەلانی ئێراندا، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لە بەرچاو بێت کە پاش ڕووخانی ئەم دەسەڵاتە، ئیتر ڕێبەرانی تازە پێگەیشتوو خێرا دەکەونە پتەوکردنی پێگەی خۆیان و لە کورد قبووڵ ناکەن بکەونە پەلە پەل کردن! حەوت ڕۆژ پاش ڕووخانی ڕژێمی شا، هێشتا بەتەواوەتی تارانیش لە ژێر کۆنتڕۆڵیاندا نەبوو، بە فڕۆکەی جەنگی هاتنە سەرمان و لە سەر شار و گوندەکانی کوردستان دیواری دەنگیان بەزاند! کێ دەڵێ ئەرتەشی ئێران و پاشماوەی سپای پاسداران، پاش ڕووخانی ئەم ڕژێمە دەبێتە دۆستی کورد. ئەو کات نە پێشمەرگە دیار بوو، نە حیزبە سیاسییەکان بەتەواویی ناسراوبوون. ئێستا ناکرێ یەک یان چەند کورد کە لە داهاتوودا دەبنە خاوەنی کورسییەک لە پەنای دەسەڵاتداران، لە تارانەوە پەیام بنێرن و بڵێن پەلە مەکەن و چاوەڕوان بن، خۆمان لێرەین و پارێزگاری لە مافی گەلی کورد دەکەین.

### بەرپرسایەتی بەرامبەر بە خەڵک

پێویستە خەڵکی کوردستان نەک لە ڕێگای میدیای دەرەوەی وڵات، بەڵکوو ڕاستەوخۆ بە ڕەسمیی ئاگادار بکرێنەوە لە ڕەوتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕووداوەکان، دیدارەکان، ڕێککەوتنەکان و ئەگەرەکانی داهاتوو. ئێستا دەرکەوتووە کە سەرەتای هاوینی ڕابردوو لە پاریس چوار ڕێبەری چوار حیزبەکەی ناوەندی هاوکاریی (دوو حیزبی دیموکرات و دوو کۆمەڵە، کە ئێستا بوونەتە دوو حیزب) بەیاننامەیەکیان بە زمانی ئینگلیسی ئیمزا کردووە بە ناوی "بەیاننامەی پاریس". لە ناو دەقەکەدا کە ڕۆژی ٢٦ی مانگی شەشی ٢٠٢٢ ئیمزا کراوە، ئاماژە بە کۆبوونەوەیەک دەکرێ کە پێشتر، لە ڕۆژەکانی ١١ و ١٢ی مانگی چوار کراوە و ئەم بەیاننامەیە ئاکامەکەیەتی. هەتا ئێستا هیچ شتێکی ڕەسمی بە خەڵک ڕانەگەیەندراوە. دەقەکە و وەرگێڕانێکی لاواز بە کوردیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاوبووەتەوە. ئەم دەقە کە وادیارە لە زانکۆی کۆلۆمبیای ئەمریکاوە سەرچاوەی گرتووە، خاڵەکانی زۆر گشتیین و بە دیاریکراویی هیچ شتێکی تایبەتی بۆ کوردستان تێدا نییە.

مرۆڤ دەتوانێ لەخۆی بپرسێت گەلۆ لەبەرچی ناوەندی هاوکاری کەڵکیان وەرنەگرتووە لەو گەڵاڵە و داخوازییانەی ساڵەکانی سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی کە لەلایەن نوێنەرانی کوردستانەوە دراوە بە دەوڵەت؟ بۆ نموونە گەڵاڵەی ٢٦ خاڵی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێ کرا، دەتوانێ چوارچێوەیەکی گونجاو بێت بۆ ئەو مەبەستە. گەڵاڵە و بەیاننامەکانی ئەو سەردەمە لە ئاکامی گفتوگۆی چڕوپڕی پسپۆڕان و چالاکانی بەئەزموونی کوردستان ئامادەکراون، لە هەلومەرجی هەستیاری سیاسییدا پشتیوانی جەماوەری خەڵکی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە و ناوەرۆکی خاڵ و بڕگەکانی بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا و ڕوونن.

لەوانەیە کەسانێک بڵێن ئەو داخوازییانە لانی زۆری داواکارییەکانە و ئەبێتە هۆی ئەوەی هێز و لایەنە ئێرانییەکان هەڵبەزنەوە و ئامادە نەبن قبووڵی بکەن. ڕەزا پەهلەوی لە دوایین لیدوانی خۆیدا دەڵێ "ئێستا کاتی کێبڕکێ و ململانێ نییە، سەردەمی هاوکاری و ئیئتیلافە". واتە باسی داخوازی تایبەتی خۆتان مەکەن، ئەوانە دابنێن بۆ دوایە! لێرەدا پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٠دا کە کەمپەینی هەڵبژاردنی یەکەم سەرەککۆماری ئێران دەستی پێ کرد، مەسعوود ڕەجەوی سەرۆکی موجاهدینی خەلق ئامادە بوو بە مەرجێک کوردستان پشتیوانی لێ بکات و دەنگی پێ بدەن، ئەو ڕایدەگەیەنێ کە گەڵاڵەی ٢٦ خاڵی چوارچێوەیەکی گونجاوە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ئێران. هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد ئەوەی قبووڵ کرد. دواتر کە ڕێگایان نەدا ڕەجەویی وەکوو کاندید بمێنێتەوە، کوردیش بەشداریی نەکرد لە هەڵبژاردندا. ئێستا کە ئێمەی کورد پێگەیەکی بەهێزمان هەیە، خەڵکی کوردستان ئامادەی فیداکاری و خەباتن و تا ڕادەیەکی زۆریش پشتیوانی بیروڕای گشتی ئێرانمان لەگەڵە، با بە متمانە بەخۆ و لە پێگەیەکی پتەووە بچینە پێش. با داوا بکەین لایەنی بەرامبەرمان بێن و بیروڕای خۆیان لەوبارەیەوە دەرببڕن.

دۆخی خوازراو بۆ کورد ئەوەیە کە "ناوەندی هاوکاری" لە لایەک و ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی لە دەرەوەی ناوەندن، لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لایەکی ترەوە پێکەوە هەوڵ بدەن پلاتفۆرمێک ئامادە بکەن و لەسەر لانیکەمی داخوازییە هاوبەشەکان ڕێک بکەون. بەم کارەیان دەتوانن پێگەی کوردستان لەم شۆڕشەدا زۆر بەهێز بکەن و هاوکات ڕێگریی دەکەن لە پشتگوێ خستنی داخوازییەکانی گەلی کورد لە لایەن هێزە ئێرانییەکانەوە. ئەم کاری هێزە سیاسییەکان هیچ لەوە ناگۆڕێت کە پێویستە ڕێز لە فرەچەشنی کۆمەڵگای کوردستان و جیاوازیی هەڵوێستی سیاسی و بیروبۆچوون و هەروەها سەربەخۆیی حیزب و ڕێکخراوەکان بگیرێت.

سەبارەت بە بەشداربوونی کورد لەو قەوارە سیاسییە کاتییەی بۆ سەردەمی گواستنەوە دیاریی دەکرێت، دەبێ بگوترێ کە پێش هەموو شت پێویستە گرینگی بدرێت بە ناوەرۆکی بەرنامەی ئەو قەوارەیە. گرینگ ئەوەیە لە پێشدا لەسەر خاڵگەلێکی دیاریکراو ڕێکەوتن هەبێت، جا ئەو کات بەو پێیە ڕێکخراوی گونجاو پێک بهێندرێت و لەلایەن گەلی کوردەوە ئەندامی بۆ دابین بکرێت. واتە پلان و سیاسەت بە پلەی یەکەم دێت و جا دوایە باس لەوەی چۆن و لە لایەن چ کەسانێکەوە کارەکە بچێتە پێشەوە. خۆبەستنەوە بەوەی کە گرینگترین ئەرک ڕووخانی ئەم ڕژیمەیە و دانانی پلان و پێشکەش کردنی داخوازییەکان دابنێین بۆ دواتر، وەکوو ئەوە وایە وەرەقەی سپیمان ئیمزا کردبێت بۆ دەسەڵاتدارانی داهاتووی ئێران. ئەزموونی ڕابردووی خۆمان، لە بەشەکانی تری کوردستانیش و هەروەها مێژوویش پێمان دەڵێن ئەوە ڕێگایەکە پەشیمانی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

### ژنان. کوردستان و حیزبەکان

ئەوە ڕاستە کە ژنانی کوردستان تێکۆشەرن، شۆڕشگێڕن و بەتایبەت لەم شۆڕشی ژینادا جێپەنجەیان زۆر بە ڕوونی دیارە. ئەوە ڕاستە کە ژنانێکی خەباتکار گیانیان بەختکردووە و کەم نین ئەو ژن و کچانەی لە زینداندان. ئەوە ڕاستە کە ژنانی کورد وەکوو تێکۆشەرانی شار و لە بواری فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ژینگە و هی دیکەیشدا بەشدارییەکی گەرموگوڕیان هەبووە. ئەوە ڕاستە کە ژنانێکی زۆر چ وەکوو پێشمەرگەی دلێر، چ وەکوو کادر و پێشەنگی بوێر، لە ڕیزی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا چالاک بوون. بەڵام ئەوە شانازییەک نییە ڕێبەرانی حیزبە سیاسییەکان لە میدیا و لە سێمینار و کۆبوونەوە حیزبییەکاندا بیکەن بە مەدالیایەک و لە یەخەی خۆیانی بدەن.

دەبوو ڕەنگدانەوەی ئەو هەموو ڕەنج و ماندووبوون و قوربانییدانە لە قەوارەی ڕێکخراوە سیاسییەکاندا خۆی بنواندایە. دەبوو ئەو هەموو کۆبوونەوە "پیاوانە" یەک لە دوای یەکە کۆتایی پێ هێندرابایە. بەڵام جێگای دڵخۆشییە کە ژنانی ئازا و تێکۆشەر چاوەڕوان نەماونەتەوە، لە هەر شوێنێک دەرفەتێکیان دەست کەوتبێت کەوتوونەتە هەڵسووڕان و لە کردەوەدا،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کارامەیی، لێوەشاوەیی و تواناییەکانی خۆیان نیشان داوە. هەڵەیەکی گەورەیە بڵێین ژنـان خۆیان هەوڵیـان نەداوە، نـایەنە پێشەوە و ئامادە نین بەرپرسیارەتی وەربگرن! زۆرێک لە خانمانی چالاکی ناو ڕیزەکانی حیزب و ڕێکخراوەکـان ویسـتوویانە، تواناییشیان هەبووە، بەڵام ڕێگایان پێ نەدراوە ئەزموونی خۆیان تاقی بکەنەوە. لە وەها هەلومەرجێکدا ئەوان چۆن بتوانن خۆیان بخەنە بەر ئەزموونی وەرگرتنی بەرپرسیارەتیی و تاقیکردنەوە.

نەبوونی تاقە یەک سەرۆکی ژن لە کوردستان، دەرنەکەوتنی ژنان لە کۆبوونەوە گرینگەکانی حیزبە سیاسییەکان، ڕێگـانەدان بە گەشەی کەسایەتی و داختنی ڕێگای بەرەوپێشچوونی ژنان لە ڕیزەکانی ڕێکخراوەکاندا، وەهـا وێنەیەک دەنەخشێنێت کە شیاوی پێگەی ژن لە ژیانی سیاسیی کوردستاندا نییە. ئەوە نـابێ لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ئەم شۆڕشەدا چیدی ڕوالەتی ڕاستەقینەی کوردستانێکی یەکسانیخواز و پێشکەوتوو بێت. ئێمە ناتوانین خۆمان بە خاوەنی شۆڕشێک بزانین کە پێناسەکەی ناوی ژینای ئازا و بوێری کوردە، بەڵام لە ئاستی دەسەڵاتی سیاسیی ڕێکخراوەکانماندا جێگە و پێگەی ژنان نادیار بێت.

ژن، ژیان، ئازادی

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – ڕێکەوتی: ٢٠ی دیسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# فیمێنیزمی کوردی و درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی"




**چیا کاویان**

## پێشەکی

لەو کاتەی بۆ یەکەم جار درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لەسەر گڵکۆی ژینا ئەمینی لە سەقز وترا، دوای ماوەیەکی زۆر کورت بوو بە درووشمی شۆڕشێکی سەرانسەری لە تەواوی کوردستان، ئێران و دواتر سنوورەکانی ئێرانیشی تێپەڕاند، لە زۆربەی شار و شەقامەکانی دنیا بە زۆربەی زمانەکان گوترایەوە. هاوکات لەگەڵ ئەم پەرەسەندنە کتوپڕەدا، شیکردنەوەی ئاخێزی سەرهەڵدانی و فەلسەفەی پشتی ئەم درووشمە بوو بە جێگەی باس و خواسێکی زۆر و هەمووان بەپەلە کەوتنە دوای ئاشکرا کردنی سیحر و ئەفسوونەکانییەوە. هەر لە سەرەتاوە ئەم ئەرکە قورسە کەوتە سەر شانی هەڵسووڕاوانی سیاسی و فیمێنیزمی کوردی، چونکە هەمووان لەوەدا هاوڕا بوون کە ئاخێزەکەی سەر بە جوغرافییای کوردستانە. زۆر زوو جۆرێک لە دووبەرەکی سەری هەڵدا و، دوو لایەن هەرکام بە ئارگیۆمێنت و لۆژیکی جیاوازەوە هەوڵی ڕاڤە و شیکردنەوەی ئەم درووشمەیان دا. لایەنێک هەوڵ دەدات ئاخێزی ئەم درووشمە گرێ بدات بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕەتی دەکاتەوە کە پەیوەندی بە ڕۆژئاوای کوردستان و فەلسەفەی ئۆجەلانەوە بێت و، لایەنێکی دی ڕەتی دەکاتەوە ئاخێزی ئەم درووشمە ڕۆژهەڵات بێت، بەڵکوو دەیبەستێتەوە بە ڕۆژئاوای کوردستان و فەلسەفەی ئۆجەلانەوە. ئەم ململانێیە ئێستاشی لەگەڵ بێت هەر بەردەوامە و لەم دواییانەدا ڕەنگێکی ئاکادمیکیانەی بەخۆیەوە گرتووە، بەتایبەت لە دوو وتاری گوڵاڵە کەمانگەر و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شەهلا دەباغی-دا گەیشتە لووتکە. ئەوەی هەر لە سەرەتاوە دەرکەوت نیشاندەری بوونی دوو ستراتیژیی سەرەکی بوون بە نیسبەت ئەم درووشمە کە من وەکوو ستراتیژیی "بە هیی خۆزانین" و "بە هیی خۆکردن" ناویان دەبەم. لەم نووسراوەدا هەوڵ دراوە دوو گوتاری شەهلا دەباغی و گوڵاڵە کەمانگەر بە بنەما بگیرێت بۆ نیشاندانی ئامانجەکانی پشتی ئەم دوو ستراتیژە و دەرخستنی لایەنە نادیار و شاراوەکانی و، هەوڵدان بۆ تێپەڕاندن و ئازادکردنی درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لەم دوئالیزمە کوشندەیە.

### سرووشتی ململانێی ئەم دوانەیە:

لەم دوئالیزمەدا، یەکیان بە دوای مۆنۆپۆل کردنیەتی و وەکوو دەسکەوتێکی گەوری هزرێکی تایبەت سەیری دەکات و، ئەویتریان مادام ناتوانێت نکۆڵی لە بوونی بکات، هەوڵ دەدات مۆرکی خۆی لێ بدات و بیکات بە هیی خۆی. یەکیان سرووشتێکی بان نەتەوەیی پێ دەدات و پەرەسەندن و شکۆی ئەم درووشمە دەبەستێتەوە بە یەکبوون و ئاشت دانەوەی دوانەی کورد - ئێرانی و مەهسا - ژینا، سڵ ناکاتەوە لەوەی بیخاتە باوەشی گوتاری ئەویتری سەردەستەوە و، لە هەموو مانا و دلالەتەکانی کورد بوون دایماڵێت، ئەویدی هەوڵ دەدات مانا و دلالەتەکانی لە سنوورەکانی پارچەیەک لە کوردستاندا قەتیس بکات و بە هەڵە لە درێژەی خەباتی سەدسالەی ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەلبەندی بکات. یەکیان، فەلسەفەی ڕێبەرێک بە بزوێنەری پشتی ئەم درووشمە دەزانێت و، ئەویدی کورتکردنەوەی لە فەلسەفەی تاکە ڕێبەرێکدا بە کارەسات ناو دەبات. ئەوەی لەم دوو ستراتیژەدا بەرچاوە، زاڵ بوونی جۆرێک لە بەمۆتڵەق کردن و بەئۆبژە کردنی ئەم درووشمەیە کە هەوڵ دەدرێت بە شێوەیەکی ئەنسترومنتاڵی کۆی درووشمەکە لە ئاخێزی سەرهەڵدانی ئەم درووشمە و ئایدۆلۆژیای پشتی داببڕن و، دواتر خۆیان لە کۆی ئەو گۆڕانە گەورەیەی کە لە گواستنەوەی ئەم درووشمە لە پارچەیەکی کوردستانەوە بۆ پارچەیەکی دی لە مانا و دلالەتەکانی ڕووی داوە، بە شێوەیەکی نائاگاهانە بدزنەوە و چاوی ئێمەش داخەن بەسەر بینینی دینامۆکانی ئەم درووشمە، هەروەها کۆی بابەتەکە دابەزێننە سەر شەڕێکی وشکی ئایدۆلۆژی، یان بەگژداچوونێکی سەلفییانە لەسەر پرسی سەرچاوە و ئاخێز کە بەردەنگ ناچار بکات یەک لەم ڕەوایەتانە هەڵبژێرێت. بۆیە هەر لە سەرەتاوە دەبێت بزانین ئەم درووشمە هەمان درووشمی ڕۆژئاوای کوردستان نییە، چونکە گۆڕانی گەورە لە مانا و دەلالەتەکانی ڕووی داوە و ئەویترەکانی جیاوازە. هەروەها نەک لە درێژەی خەباتی سەد ساڵەی ژن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە، بەڵکوو دابڕانێکی گەورەیە لە فۆرم و میکانیزمەکانی خەباتی ژنان لەم پارچەیەی کوردستاندا. ئەم نووسراوەیە دەیهەوێ نیشانی بدات کە ئەم جۆرە باسانە بەلاڕێدا بردنی کاکڵی بابەتەکەیە و هێشتنەوەیەتی لە چوارچێوەی باسێکی ئایدۆلۆژیکی ڕووت و پەردەپۆش کردنی لایەنە مەعریفی و بووناسانەکەی کە لە سێبەری ئەم دوئالیزمە بێکەڵک و سەرەنجامەدا کوژراوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ئاخێزی درووشمەکە و ئایدۆلۆژیای پشتی:

بۆ پەیدا کردنی ئاخێزی ئەم درووشمە دەبێ بگەڕێینەوە سەر نووسراوەکانی ئۆجەلان و بە تایبەت ژنۆلۆژی(زانستی ژن یان ژنناسی). ژنۆلۆژی وەکوو زانستێک هەوڵ دەدات ژن وەکوو یەکەمین کۆیلەی شارستانییەت لە کەلتووری پیاوسالاری و دەوڵەت ڕزگار بکات. ژنۆلۆژی پیاوسالاری و دەوڵەت-نەتەوەی وەکوو دوو موریدی سەرمایەداری بە هۆکاری سەرەکیی بەکۆیلە بوونی ژنان دەزانێت. درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لە هەناوی ژنۆلۆژییەوە و لە جەنگەی شەڕی داعش لە ڕۆژئاوای کوردستان لەدایک دەبێت. ناوەرۆک و دەلالەتەکانی ئەم درووشمە لە ڕۆژئاوای کوردستان بە ڕوونی دەرخەری ئەوەیە کە ئەویترەکانی ئەم درووشمە دەوڵەت-نەتەوە و کەلتووری پیاوسالارین. مۆدێلێک لە ژیان لە هەناوی ئەم درووشمەوە دێتە دەرەوە کە ژن و ژینگە بە بنەما دەگرێت، ژیانێکی خۆسەرە بەبێ بوونی دەوڵەت و کەلتووری پیاوسالاری. ئەم درووشمە مانیڤێست بوونی ئیرادەی ژنە وەکوو کۆنترین کۆیلەی شارستانییەت کە لە دالانە تاریکەکانی مێژووەوە سەری هەڵداوە و ڕێبەرایەتیی بەدیهێنانی جیهانێکی نوێ بە نوێنەرایەتیی تەواوی ژنانی دنیا دەکات، جیهانێکە سرووشت دەکاتەوە بە ناوەند، بێبەرییە لە دەوڵەت و کەلتووری پیاوسالاری. مەشرووعییەتی خۆی لە بەرەنگاریی داعش وەکوو تاریکترین هێزی سەردەم وەردەگرێت، ژنێکی پەلکەشۆڕی چەک بەدەست کە نوێنەری خێر و ئازادییە لە بەرانبەر پیاوێکی ڕیشنی چڵکن کە نوێنەری شەڕ و تاریکییە. ئەمە ئەو وێنەیەیە کە "ژن، ژیان، ئازادی" لە خەباتی ژن لە ڕۆژئاوای کوردستان بۆ ئێمەی تەسویر دەکات. ئەو وێنەیەی کە "ژن، ژیان، ئازادی" لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە بە دنیادا بڵاوی دەکردەوە، وێنەی دورگەیەکی دیمۆکراتیک بوو لەنێو دەریایەک لە دیکتاتۆرییەت و سەلەفییەت، بۆیە پێم وایە بە ڕووکاری دەرەوە هەوڵێکی گەورە بوو بۆ وەرگرتنی مەشرووعییەت لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وەدەست هێنانی پشتیوانیی هێزە چەپ و ئازادیخوازەکانی جیهان و بە ڕووکاری ناوەوە ئامرازێکی باش بوو بۆ جێگۆڕکێی ڕادیکاڵ لە شوێن و مەوقیفی ژن لە کۆمەڵگای کوردی و لێدان لە سیستەمی پیاوسالاری.

## ئایا "ژن، ژیان، ئازادی" هەمان درووشمی ڕۆژئاوای کوردستانە؟

دەبێت بزانین کە درووشمەکان سەفەربەرن، خۆیان نابەستنەوە بە جۆغرافییایەکی دیاریکراوەوە. کە ڕێگەی سەفەریان گرتەبەر، ڕاستە بە جەستە و فۆرم هەمانن، بەڵام بە ڕۆح و مانا شتێکی تر، لەوێ ئامانجێکیان هەیە و لێرە ئامانجێکی تر، لەوێ دوژمنێکیان هەیە و لێرە دوژمنێکی تر. ئەم درووشمە کاتێک لە دوای کوشتنی "ژینا" گەیشتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕەنگ و سیمایەکی تازەی بەخۆوە گرت، مانا و دلالەتەکانی گۆڕدرا و ئەویترەکانیشی گۆڕان. لەوێ ئەم درووشمە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە بەرانبەر فۆڕمی دەوڵەت-نەتەوە و کەلتووری پیاوسالاری ڕاوەستابوو، بەڵام لێرە هەروا کە شەهلا دەباغی بە دروستی ئاماژەی پێداوە، لە بەرانبەر کەلتووری پیاوسالاری و دەوڵەت-نەتەوەی سەردەست. لەوێ بە چەک کۆتایی بە خەلافەتی ئیسلامی دێنێت و، لێرە بە بەرد ئیستعمار(کۆلۆنیالیزم) ڕاو دەنێت. لەوێ حیزبێکی ڕێکخراو پشتیوانیەتی و، لێرە وزە لە خەڵکەوە وەردەگرێت و دینامۆکەی ناوخۆییە. کەواتە پێچەوانەی ئیدعای گوڵاڵە کەمانگەر ئەم درووشمە هەمان درووشمی ڕۆژئاوای کوردستان نییە، ڕاستە لەوێ سەرچاوەی گرتووە، بەڵام لێرە بە شێوەیەکی دی ڕەگی داکوتاوە، سرووشت و ماناکانی کەوناوکەون بووە و ئەم بەستێنە خستوویە خزمەتی مانا و ئەرزشەکانی خۆیەوە. لە ڕۆژئاوا لە پێش هەموو شتێکدا کەلتووری پیاوسالاری دەکاتە نووکی نەیزەکەی خۆی، پەلاماری هەر جۆرە ڕێکخستنێکی هایرارکییانە و لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەدات و بە شێوە ڕادیکاڵ هەوڵی گۆڕینی ژیانی پێش مودێرنی ژنان دەدات، تا ڕادەیەک لەوێ کۆمۆنی ژنانە و دێهاتی ژنان و سیستەمی ئابووریی کۆمۆناڵی ژنانە دادەمەزرێت، بەڵام لە ڕۆژهەڵات دەوڵەت-نەتەوەی سەردەست و پیاوسالاریی ڕەگ داکوتاوی کۆمەڵگای کوردی بە شێوەی هاوتەریب و هاوکات وەکوو سەرچاوەی چەوساندنەوە، ژنان دەکات بە سیبلێک بۆ تیرەکانی خۆی و، دوانەی شەڕ دژ بە دەسەڵات و شەڕ دژ بە عەقڵییەتی پیاوسالاری لە ناوخۆی هاوتەریب کردووەتەوە.

تا ئێرە باسەکە بەم شێوەیە، ئایدۆلۆژیای پشتی ئەم درووشمە لە باکووری کوردستانەوە سەرهەڵدەدات، دواتر بە هۆی دروستبوونی جۆرێک لە بۆشاییی ژێئۆپۆلیتیک لە ئاکامی ململانێی هێزە نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەم درووشمە لە شەڕی دژ بە داعشدا بە میانجیی حیزبێکی کوردی لەدایک دەبێت و، لە دوای کوشتنی ژینا لە تاران، لە گۆڕستانی ئایچیی سەقزەوە سەر دەردێنێت و، دەبێت بە درووشمی بزووتنەوەی ژینا. هاتنی ئەم درووشمە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشاندەری پەیوەست بوون و کارتێکەریی چەندلایەنەی خەباتی کوردە لە هەموو بەشەکانی کوردستان. هەر بەرەوپێشچوونێک لە بەشێکی کوردستان کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پارچەکانی دی، بەڵام بە هۆی جیاوازبوونی بەستێنی سیاسی - کۆمەڵایەتی و هەروەها جیاوازیی قۆناغەکانی خەبات، ئایدیاکان و درووشمەکان لە ئەگەری گواستنەوەیان بۆ پارچەیەکی دی دەگۆڕێن و مانا و دەلالەتەکانی پێشووی خۆیان لەدەست دەدەن.

### ئایا "ژن، ژیان، ئازادی" درێژەی خەباتی سەد ساڵەی ژنانە لە ڕۆژهەڵات؟

خەباتی ژنان بەر لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا لە ڕۆژهەڵات لە دوو فۆڕمی کلاسیک و نوێدا هەبوو. یەکەمیان، لە فۆڕمی حزبیدا و دووهەمیان، لە چوارچێوەی کۆمەڵگای مەدەنی کە ئەمەی دواییان مێژوویەکی تازەی هەیە. هەردووکیان لە فۆرم و ناوەرۆکدا لە خەباتی ژنان و لە بزووتنەوەی ژینا و لەژێر سێبەری درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی"دا جیاواز بوون.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەم فۆرمە لە خەباتی ژنان دابڕانە لە پێشووی خۆی، نەک درێژەدەری. بۆ سەلماندنی ئەم ئارگیۆمێنتە سەرەتا چەمکی پرسی ژن، ئەرک و مەوقیفی لەنێو گوتاری ناسیۆنالیستیدا، دواتر چۆنیەتیی بەشداریی ژنان لە سیاسەتی کوردی و، لە کۆتاییدا گوتاری بزووتنەوەی فێمێنیستی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەخەینە بەرباس.

گوتاری ناسیۆنالیزم لە مێژووی خەباتی ناسیۆنالیستیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمێکی پریمۆردیالیستی و کەلتووریدا بووە. بەهۆی زاڵ بوونی گوتاری ناسیۆنالیزمی پریمۆردیاڵ(دێرینەخواز) و کەلتووری بەسەر خەباتی ناسیۆنالیستیدا ژنان لە چوارچێوەی ئەم گوتارەدا وەکوو یوڤال دەیویس (Yuval Davis)باسی دەکات، سێ ڕۆڵی سەرەکییان گێڕاوە و بەشداریی کاریگەریان بووە، بەڵام بەردەوام ئەم بەشدارییە لە ئاستی مەعریفیدا پشتگوێ خراوە، یانی گوتاری ناسیۆنالیستیی ڕۆڵە نوێیەکانی ژنان کە بەرهەمی هاتنی مودێرنیتە بووە، وەکوو ئەرکێکی لەمێژینە و سرووشتی بینیویەتی تا بەرهەمی گۆڕانەکانی سەردەمی مودێرن لە جێگە و پێگەی ژناندا. یەکەم، ڕۆڵی ژنان لە بەرهەم هێنانەوەی بایۆلۆژیکی نەتەوە، دووهەم، ڕۆڵی ژنان لە بەرهەم هێنانەوەی کەلتووری و سەمبۆلیکی نەتەوە و سێهەم، بەشداریی ژنان لە ساحەی سیاسی، ئابووری، نیزامی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگادا. هەر کام لەم ڕۆڵانە نزیکن لە ڕوانگەیەکی ناسیۆنالیستییەوە، بۆ نموونە ڕۆڵی ژنان لە بەرهەم هێنانەوەی بایۆلۆژیکی نەتەوەدا زیاتر لە ڕوانگەیەکی پریمۆردیاڵیستی نزیکە بە نیسبەتی ناسیۆنالیزمەوە. لەم ڕوانگەیەدا هاوپەیوەندی لەنێوان ڕۆڵی سرووشتیی ژنان لە منداڵبوون و چێکردنی نەتەوەدا هەیە. زاوزێ وەکوو ئامرازێکی گرینگ دەبینرێت بۆ چێکردن و بەهێزکردنی نەتەوە، هەڵبەت نەک هەر منداڵێک، بۆیە خوێنی پاک ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە ئەندامبوون لە نەتەوەدا. "دیدە گیان کچی کوردی ژیکەڵە، داوێنی پاکت دوور بێ لە پەڵە" (هێمن). لە ناسیۆنالیزمی کەلتووریدا بە هۆی ئەوەی کەلتوور جێگەی نەژاد دەگرێتەوە بۆ ئەندامبوون لە نەتەوەدا، ژنان وەکوو بەرهەم هێنەرەوەی کەلتووری و سەمبۆلیکی نەتەوە ڕۆڵ دەگێڕن. ژنان لە گێڕانەوەی ڕەوایەتەکان و سازکردنی شوناسی نەتەوەیی و کەلتووریدا ڕۆڵی کارا دەگێڕن. ژنان پاسەوانانی سنووری کەلتوورییەکان و سەمبۆلیکەکانن، ئەرکی گواستنەوە و زیندوو هێشتنەوەی کەلتوور و سەمبول و ئەفسانە هاوبەشەکانی نەتەوە لەسەر شانی ئەوانە. "هەی لایە لایە ڕۆڵە لای لایە لە کزیی کوردان دەنگم دەرنایە" (قانع). هەروەها ژنان لەم ڕوانگەیەدا هەڵگرانی شەرەف و کەرامەتی نەتەوەیەکن، بۆیە لێرەدا ژن نوێنەری شەرەف و ناموسی نەتەوەیەکە و نابێت لەکەدار بێت، ئەگەر ئەمە ڕووی دا، زۆرجار ئەو ژنانە بە توندترین شێوە سزا دەدرێن. کوژرانی ژنانی کورد لە تاراوگە لە لایەن باوک و کەسوکاریانەوە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا نموونەیەکە لەم شێوە ڕوانینە. لە ناسیۆنالیزمی مەدەنیدایە کە ژنان لە پێناو ڕۆڵە کلاسیکەکانی خۆیان لە ساحەی سیاسی، ئابووری، نیزامی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگادا بەشدار دەبن. ژنان تەنیا لەم ڕوانگەیەدایە کە بەشداریی چالاکیان هەیە، بەڵام دەبێت بزانین کە هێشتاکە بەتەواوی دەستیان بە مافە مەدەنی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان ڕانەگەیشتووە. "تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا قەڵغانی گوللە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سینگی کچان بێ لە هەڵمەتا" (پیرەمێرد). بە هۆی زاڵبوونی گوتاری ناسیۆنالیستیی پریمۆردیال و کەلتووری بەسەر ناسیۆنالیزمی کوردیدا، ژنان لە سەردەمی مودێرندا لە بەرهەم هێنانەوەی نەتەوەدا زیاتر ڕۆڵیان لە بەرهەم هێنانەوەی بایۆلۆژیکی، کەلتووری و سەمبۆلیکی نەتەوەدا گێڕاوە و، کەمتر ڕۆڵی کاریگەریان لە بەشداربوون لە ساحەی سیاسی، ئابووری، نیزامی و کۆمەڵایەتیدا گێڕاوە. پێویستە بزانین ئەم ڕۆڵانەی ژنان دەیگێڕن نیشاندەری پلە و پایە و مەوقیفی ڕاستەقینەی ژنان لە کۆمەڵگای کوردیدا نییە، جەستەی ژنانی لە جەستەیەکی بایۆلۆژیکییەوە کردووە بە جەستەیەکی ئایدۆلۆژیک.

بەشداریی ژنان و پرسی ژن لە خەباتی کوردیدا و لە چوارچێوەی هێزە سیاسییەکانی کورددا خۆی لە سێ فۆرمدا دەبینێتەوە. یەکەم، کێشە و پرسی ژن بە تێبینییەکی ناوەخت زانراوە و چارەسەرکردنی پەیوەست کراوە بە چارەسەرکردنی کێشەی سیاسیی کوردەوە. دووهەم، بە شێوەی ویترینی کەڵکیان لێ وەرگیراوە، یانی یەک یان دوو ژنیان هێناوە و لە مەکتەب سیاسی یان کومیتەی ناوەندی دایان ناوە. سێهەم، پرسی ژن بە شێوەی ئایدۆلۆژیک لە چوارچێوەی گوتارێکی دیاریکراودا جومگەبەندی کراوە. بۆ نموونە ژنۆلۆژی یەک لەو گوتارە ئایدۆلۆژیکییانەیە کە بە شێوەی ناواقیعی چارەسەریی پرسی ژن دەبەستێتەوە بە کۆتایی هاتنی سیستەمی سەرمایەداری. بە گشتی بەشداریی ژنان لە خەباتی سیاسیدا هیچکات بە شێوەیەکی ژنانە و کوردانە نەبووە، بەڵکوو شوناس و مافەکانیان لە پێناو ئامانجە سیاسییەکاندا کراوە بە قوربانی و، حیزبایەتی و گوتاری حیزبی زاڵ بووە بەسەر ژن و پرسی ژندا، بۆ نموونە پێشمەرگە کاراکتێرێکی پیاوانەی بووە و ئێمە پێشمەرگەی ژنمان بووە، نەک ژنە پێشمەرگە.

خەباتی فێمێنیستیی ژنان لەم دواییانەدا لە ساحەی کۆمەڵگای مەدەنی و لەم فۆرمە نوێیەی خۆی بە هەمان شێوە جیاوازە لەگەڵ خەباتی ژنان لە بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا. بۆ نموونە فێمێنیستە کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستی سەرەوەی هێرەم بە گوتاری زۆرینە سەر بە فێمێنیستی ڕادیکاڵن و، لە خوارەوەی هێرەمەکە و لە قاعیدەدا زۆرینەیان فێمێنیستی لیبراڵن. ڕادیکاڵەکان لەژێر کاریگەریی ئەم درووشمەی هانا ئارنێتدان "بە هەر ناوێک دەچەوسێیەوە، بە هەمان ناوەوە بەرگری لە خۆت بکە". کەواتە چون بە ناوی ژن بوونەوە دەچەوسێمەوە، بە ناوی ژنەوە بەرگری لە خۆم دەکەم. ئەم دروشمە ڕێنوێنیی خەباتی فێمێنیستە ڕادیکاڵەکانی کورد دەکات کە ئەوان دادەبڕێت لە بەستێنی کوردستان و بێبەرییان دەکات لە پشتیوانیی پیاوانی ئازادیخوازی کورد. لیبراڵەکانیش لەژێر کاریگەریی گوتاری فێمێنیستی سەردەستدان و، نەیانتوانیوە بە شوناسی جیاوازی خۆیانەوە دەرکەون و خواست و ویست و ئامانجەکانیان هەمان خواست و ویستی ژنێکی فارسی، ناوەندنشینی، چینی مامناوەندی، شاری، فارسی زمان بووە. فێمێنیزمی کوردی بە هۆی ئەوەی بنەمایەکی مەعریفی بەرهەم نەهێناوە، بەردەوام خۆی لە سیاسەتی کوردی بەدوور گرتووە و مافی ژنی کوردی لە کوردبوون



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و سیاسی بوون داماڵیوە و، کردوویەتی بە بەشێک لە جەستەی گوتاری فێمێنیستی سەردەستەوە. لە دۆخێکی وەهادایە سووژەی نائاگای فێمێنیستی کورد دەبێت بە سووژەی نائاگای ئاپاراتووسی داگیرکەر. هەڵبەت دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە چەند ساڵێکە دەنگێکی جیاوازیش لەنێو فێمێنیستی کوردی دەبیستین کە چەندفاقی بوونی شوناسی خۆیان ناسیوە و چەندلایەنە بوونی ستەمەکانی سەر شانیان دەرک پێکردووە و زۆر جار هەوڵیان داوە خۆیان لە باری گوتارییەوە دابڕن لە گوتاری فێمێنیستیی سەردەست و ستەمی نەتەوەیی و ستەمی جنسییەتی، هاوکات دەبینن، ئەمە هەر چەند سەرەتایەکی دڵخۆشکەرە، بەڵام زۆر کز و لاوازە.

ئەوەی لێرەدا باس کرا، دەریخست بزووتنەوەی ژنان لە هەموو فۆرمەکانی خۆیدا لە ڕۆژهەڵات هەم لە ئاستی گوتاریدا، لە ئاستی بەشداریی خەباتی سیاسی و، هەمیش لە سێبەری جووڵانەوەی نوێی فێمێنیستی لەم بەشەی کوردستاندا دابڕانێکی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت لە خەباتی ژنان لە بزووتنەوەی ژیناداد. ئێمە بە هیچ پێوەرێک ناتوانین "ژن، ژیان، ئازادی" لە درێژەی خەباتی سەد ساڵەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببینین، هەروەها ناتوانین بە شێوەیەکی سەلەفییانە هاوجووتی بکەینەوە لەگەڵ خەباتی ژنان لە ڕۆژئاوای کوردستان. لێرەدا سەنتێزێک دەبینین لەنێوان دوو فۆرمی جیاواز لە خەباتی ژنان لە دوو پارچەی کوردستان کە هەم فێمێنیزمی کوردی، هەم خەباتی سیاسیی ژنی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵتەکاندووە و لە سەیر و ڕەوتێکی مێژوویدا ژنانی کوردی لەم بەشەی کوردستان خستووەتە سەر ڕێڕەوە ڕاستەقینەکەی خۆی. لە بزووتنەوەی ژینادا ژنان وەکوو پێشەنگی ئەم شۆڕشە بە پشتیوانیی پیاوانی ئازادیخواز هاوکات خەریکی بنبڕکردنی کەلتووری سەقەتی پیاوسالاری و بەرەنگاریی سەردەستدان، ستەمی جنسییەتی و ستەمی نەتەوەیی لەم بزووتنەوەیەدا بە شێوەی هاوکات، هاونرخ و بێ جیاوازی جومگەبەندی کراوە. ئەمە ڕووداوێکی گەورەی پیرۆزە لە مێژووی جووڵانەوەی ژنانی کوردستان، بۆیە دەبێ دەرکی بکەین و کەیلی وەدیهێنانی ئامانجەکانی بین. پێویستە بزانین ئەم ڕووداوە لە باری گوتارییەوە دابڕانە لە گوتاری ناسیۆنالیزمی کەلتووری و پریمۆردیاڵی کوردی، دابڕانە لەو فۆرمە سەقەتەی بەشداریی ژنی کورد لە خەباتی سیاسیدا و بە هەمان شێوەش خۆی جیا دەکاتەوە لە جووڵانەوەی تەقلیدیی فێمێنیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵات کە لەناو هەژارییەکی مەعریفیی قووڵدا دەژیت.

سەرچاوە: گۆڤاری تیشک – ڕێکەوتی: ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# بزووتنەی ژینا و شەڕی سەمبۆلەکان




**چیا کاویان**

سەمبۆلەکان ئامرازێکی باشن بۆ دەرکی ئێمە لە دونیای دەوروبەر، نیشاندەری شێوە ڕوانینی ئێمەن بۆ جیهان، ئاڵۆزییەکانی پێش چاومان کەم دەکەنەوە بەڵام لە هەناوی خۆیاندا هەڵگری کۆمەڵێک تێگەیشتن و ڕاڤەی جیاوازیشن. بۆ نموونە خاچی مەسیحی بۆ کەسێکی باوەڕمەند نیشانەی ئیمانی ڕاستەقینەیە بەڵام بۆ کەسێکی بێباوەڕ نیشانەی کۆنەپەرەستی و خۆرافەیە. ئاڵای شێر و خۆرشید بۆ کوردێک سەمبۆلێکە لە سەرکوت و ستەمی نەتەوەیی، بەڵام بۆ فارسێک نیشانەی سەروەری و یەکگرتوویی نەتەوەییە. کەواتە سەمبۆلەکان فرە دلالەت و فرە واتان و بۆ خەڵکانی جیاواز هەڵگری مانا و پەیامی جیاوازن. سەمبۆلەکان لە خەزێنەیەکی سەمبۆلیزمی قەومی و کولتووریی جیاوازەوە سەرچاوە دەگرن، خاوەنی مێژوو و ڕەسەنایەتی تایبەت بە خۆیانن، بۆیە دەرگا لەسەر واتا و ڕاڤەی جیاواز دەکەنەوە.

لە ناوەندی هەر کێشەو پرسێکی سیاسیدا، بەر لەوەی باس لە شەڕی هەیمەنەی گوتارەکان و هێزەکان بێت لە هێڵەکانی پێشەوەی ئەم شەڕەدا شەڕێکی هێماییین بەڕێوە دەچێت. کۆمەڵێک سەمبۆل، ڕاڤە و ڕەوایەتی جۆراوجۆر لەم سەمبۆلانە بوونیان هەیە و هەر لایەک هەوڵ دەدات ڕاڤە و ڕەوایەتی خۆی لەم سەمبۆلانە هێژمۆنیک بکات و لەم ڕێگەیەوە گوتاری سەمبۆلیکی (Symbolic discourse) خۆی بە سەر بەرانبەرەکەیدا بسەپێنێت. گوتاری سەمبولیک شەرگەی ئایدیا، ڕاڤە و ڕەوایەتی گرووپە جیاوازەکانن کە لە پێناوی کێشە سیاسییەکەیاندا خەریکی مۆبیلیزە کردنی (جماندن) خەڵکن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەر لایەنێک ئەم شەڕە بباتەوە و هەیمەنە پەیدا بکات کێشە سیاسییەکە لە چوارچێوەی ڕەمز، سەمبۆل، ڕەوایەت، ئاڵا و بەگشتی گوتاری سەمبۆلیکی خۆیدا جومگەبەندی دەکات و لە دوارۆژی چارەسەری ئەم کێشەیەدا ڕۆڵی کاراتر دەگێڕێت، لە بەرانبەر ئەویترەکانیدا لە پلەوپایە و دۆخێکی سەرتردا جێگە دەگرێت.

بزووتنەوەی ژینا وەکوو تەواوی بزووتنەوە هاوشێوەکانی لە جیهانی مودێرندا، لە شەڕ و ململانێی نێوان گوتارە سەمبۆلیکەکان بێبەری نییە. ئەم بزوتنەوەیە بەر لەوەی شەڕی بەدەستهێنانی کۆمەڵێک مافی زەوتکراو بکات، بەر لەوەی کۆلۆنیالیزم (ئێستێعمار) بێچەک بکات، بەر لەوەی کێشە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد لابەلا بکاتەوە شەڕی سەمبۆلەکان دەکات. بزوتنەوەی ژینا بەر لەوەی مەیدانی شەڕی داگیرکەر و داگیرکراو، ستەمکار و ستەملێکراو بێت شەرگەی ڕەوایەت و سەمبۆلەکانە. ئەم شەڕە سەمبۆلیکە بەڕوونی لەسەر شەقامەکانی کوردستان، گڵکۆی شەهیدان، ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی گیانبەختکراوان و خۆپیشاندانەکانی کوردانی تاراوگە دەبینرێت. کاتێک "ژن، ژیان، ئازادی" دەکرێت بە "زن، زندگی، آزادی"، "ژینا" دەبێت بە "مهسا"، لە میدیا فارسییەکاندا "کۆمار" لە واتاو و دەلالەتە مێژووییەکانی دادەماڵرێت و دەبێ بە "کومار"، سەرچاوەدانی باوک و بنەماڵەی شەهیدان بە نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان دەگۆڕدرێت بۆ ئێران و خاکی ئێران و دەیان نموونەی دیکە لەم گۆڕانی واتا و دەلالەتی هێماکان دەرخەری بوونی شەڕێکی گەورە و بێوچانە، شەڕێکی یەکلاکەرەوە لە بەرەی پێشەوەی ئەم بزووتنەوەیەدا، شەڕی سیاسەتی سەمبۆلیک (Symbolic politics) و ململانێی گوتارە سەمبۆلیکەکان.

خەڵک و کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستان لە شەرگەی سیاسەتی سەمبۆلیکدا، لە نێوان ململانێ گوتارە سەمبۆلیکەکاندا لە بەرەی پێشەوەی ئەم شەڕەن، بە باشی لە هەستیاری و کارتێکەری ئەم مەیدانە تێگەیشتوون. دەزانن کە لە بیچمگرتن و مانەوەی کۆمەڵگایەکی سیاسیدا، لە ڕێکخستن و مۆبیلیزە کردنی خەڵکدا سەمبۆلەکان ڕۆڵێکی کارا دەگێڕن و بۆ دەستەبەرکردنی ناسنامەیەکی بەکۆمەڵ بێجێگرەوەن، بۆیە تا ئێستە ئەم شەڕەیان نەدۆڕاندووە. ئەوان تێدەگەن کە کوردستان گۆڕستانی فاشیستانە، شوێنی لەگۆڕنانی تاج و عەمامەیە، نەک بەڵاگەردانیی باڵای ئێران، "ژن، ژیان، ئازادی" هەوڵێکە بۆ لە نێوبردنی هاوکاتیی پیاوسالاری و ستەمی نەتەوایەتی نەک هاوتەریب کردنەوەی لەگەڵ درووشمی فاشیستیانەی "مرد، میهن، آبادی"؛ "هەتا کوردێک بمێنێ کوردستانیش دەمێنێ" گرێدانی ڕۆحی ئینسانی کوردە بە خاک و قوربانیکردنی گیانە لە پێناوی نیشتمان بۆ بەدەستهێنانی سەروەری نەک "از کوردستان تا تهران جانم فدای ایران" کە بە فیداکردنی ئینسانی کوردە لە پێناوی ئێران بەخۆڕایی. بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرسووڕمانە تێنەگەیشتنی بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی کوردە لە گرینگی و هەستیاری ئەم شەڕگەیە. ئەوان شەڕکەری مەیدانی سیاسەتی سەمبۆلیک نین و لە سروشتی ململانێی گوتارە سەمبۆلیکەکان تێناگەن. ئەوان لە ڕێگەی بانگەواز بۆ ڕێکخستنی درووشمەکان، ڕەمز و سەمبۆلەکان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەریکن لەم شەڕە یەکلاکەرەوەدا ئاشبەتاڵ بە خەڵک دەکەن.

ئەوان دەبێت تێبگەن کە کورد ئەگەر ئەم شەڕە بدۆڕێنێت مردووەکانیشمان پارێزراو نابن. کاتێک میدیا فارسییەکان ڕێوڕەسمی بە خاک سپاردنی شەهیدێک لە هەموو سەمبوڵ و دەلالەتێکی کوردانە دادەماڵێت و سەمبوڵ و دەلالەتەکانی خۆی لە جێگەی دادەنێت یان ئەو کاتەی دەسەڵات هەوڵ دەدات دەست بە سەر جەستەی بێ گیانی شۆڕشگێڕێکدا بگرێت و بەدزییەوە بینێژێت واتای ئەوەیە ئەوان لە گرینگی سیاسەتی سەمبۆلیک تێدەگەن. ئەوان هەوڵ دەدەن مردووەکانیشمان تێنەگەن کە لە پیناوی چیدا دەمرن، بەڵام کاتێک خەڵک تەرمەکە لە دەستی دەسەڵات دەردێنن و بە درووشم و سەمبۆلەکانی خۆیانەوە بە خاکی دەسپێرن خەڵک بە شێوەیەکی سەمبۆلیک لە ڕابردوویەکی لێوانلێو لە ستەم دادەبڕن و داهاتوویەکی ئازاد لە ئامێز دەگرن. لەم شەرگەیەدایە کە مردووەکانیشمان ژیانێکی سیاسی نوێ وەردەگرن. لێرەدایە لە واتای ئەو دیرەی کە دەڵێت "ئەوە خەڵکن کە پێشەنگی ئەم شۆڕشەن" باشتر تێدەگەین. هەوڵدان بۆ یەکخستنی درووشمەکان و سەمبۆلەکان هەرچەند دەکرێت وەکوو نییەت چاکەی هێزە سیاسییەکای کورد ببینرێت بۆ هێشتنەوەی یەکگرتوویی لەگەڵ ناوەند، سڕینەوەی نادڵنیاییەکانی ئەوان لە کورد بەڵام پێویستە دەرک بە تێچووی ماڵوێرانکەری ئەم هەڵە گەورەیە بکەن. ئەم هەوڵە پێشکەشییەکی خۆڕاییە، ئەسپێکی ترۆوایە کە ئەگەر وەریبگرین لە ناوەوە ئێمە دادەماڵێت لە هەموو دەلالەتەکانی کوردبوون، سەپاندنی خۆبەخشانەی سەمبوڵ و ڕەمزەکانی ئەوانە، هێژمۆنیک کردنی گوتاری سەمبۆلیکی ئەوانە بە سەر گوتاری سەمبۆلیکی خۆمان، تەسلیم بوونە لە شەرگەی سیاسەتی سەمبۆلیک و جۆرێکە لە ئۆتۆ ئاسیمیلاسیۆن (تواندنەوەی خۆبەخشانە) لەناو گوتاری سەمبۆلیکی سەردەستدا. ئاکامەکەی وادەکات ئیدی کوردێک ئاڵای شێر و خۆرشید بە سەمبۆلی سەرکوت نەزانێت، لە خەیاڵدانی خۆیدا باوەڕ دەکات کە ئەم شێرە شمشێر بە دەستە چیدی جەرگی لاوێکی هەژاری کورد ورد ورد ناجنێت!

سیاسەتی کوردی دەبێ لە بایەخی سیاسەتی سەمبۆلیک تێبگات. ئەگەر سیاسەت بە واتای بە قەناعەت گەیاندن بێت ئەوا خەڵکی ئاسایی لە ڕێگەی دڵیانەوە باشتر بە قەناعەت دەگەن تا مێشکیان. سەمبۆلەکان لە پێشدا دڵ بە ئامانج دەگرن، فەتحی قلووب دەکەن، لە گەڵ دڵ دەدوێن، ئیمان و باوەڕ دەکەن بە ڕەفتار. سیاسەتی سەمبۆلیک مکانیزمێکی کاریگەرە کە لە ڕێگەی کەڵک وەرگرتن لە هێماکان، درووشمەکان و ڕەوایەتەکان وشیاریی ئێمە دەگۆڕێ و دەبێتە هۆی کردەوەی سیاسیی بەکۆمەڵ و بنجبەستنی ناسنامەی بەکۆمەڵ. بنەمای سیاسەتی مودێرن لەسەر زانست، عەقلانییەت و ماتریالیزم دانراوە بۆیە لە لایەنە سەمبۆلیکەکانی سیاسەت تێناگات. بکەر و سوژەی شۆڕش جگە لەوەی بە دوای ژیانێکی باشترە، شوێن بەرژەوەندییە ماددییەکانی دەکەوێ و لە هەمان کاتدا کەیلی مانا بەخشینیشە بە ژیانی.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بۆیە سیاسەتی کوردی دەبێ لە گرینگی سەمبۆلەکان تێبگات، پێویستە بزانین کە ئەم شەڕە بەر لەوەی لە سەر شەقامەکانی کوردستان و تاراندا یەکلا بکرێتە و لە ئاستی سەمبۆلیکدا یەکلایی دەکرێتەوە. سەمبۆلەکان خەزێنەیەکی گرینگن بۆ مۆبیلیزە کردنی خەڵک، گاندی بە کەڵک وەرگرتن لە کۆمەڵێک سەمبۆل وەکوو "چەرخە"، "خوێ"، "خۆر" و "جل و بەرگی وەرزێڕی" پشتی ئەمپریالیزمی بریتانیای شکاند یان بە هەمان شێوە دایکانی بێ سەر و شوێنکراوەکان لە ئارژانتین و مارتین لۆترکینگ لە ئامریکا بە کەڵکوەرگرتن لەم خەزێنە سەمبۆلیستییە توانیان کۆتایی بە دیکتاتۆرییەت و ڕەگەزپەرەستی بێنن. کورد دەبێ بزانێ بۆ لەنێوبردنی دەسەڵات و مسۆگەرکردنی پێگەیەکی یاسایی_سیاسی لە داهاتووی ئێراندا دەبێ سەرەتا شەری سەمبۆلەکان بباتەوە. کورد گەر دەیهەوێ لە دوارۆژی سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیەدا بە ڕەسمییەت بناسرێ دەبێت سەرەتا ئەم شەڕە نەدۆڕێنێت، چونکە سەمبۆلەکانن دەسەڵات و هێز بەرهەم دێنن؛ ئەگەر بە سەمبۆل و گوتاری سەمبۆلیکی ئەویترەوە دەربکەوین ئەوا دەبین بە بەشێک لە جەستەی ئەویتر، کە ئێمە لەناو گیانی ئەویتردا تواینەوە چۆن دەتوانین جیاواز بوونی خۆمان بسەلمێنین؟ شێرە شمشێر بە دەستەکەی ئاڵای ئێران، ئێمە بێبەری دەکات لە تیشکی خۆر! بەڵام خۆری نێو ئاڵای کوردستان بە بێجیاوازی هەموو کوردێک دەخاتە بەر ڕۆشنایی تیشکی خۆی. بزووتنەوەی ژینا دەریخست کە کورد زمانێکی سەمبۆلیکی بەهێزی هەیە کە لە خەزێنەیەکی سەمبۆلیکی دەوڵەمەندەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم خەزێنەیە ئامرازێکی گرینگە بۆ وشیاریی نەتەوەیی، بۆ دەستەبەرکردنی ناسنامەی بەکۆمەڵ و بۆ مۆبیلیزە کردنی خەڵک. ئەم شێوە تێگەیشتنە ئەگەری قووڵکردنەوەی کەلێنەکانی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی هەیە، بەڵام توانایەکی زۆر چاکیشی بۆ گەیشتن بە جۆرێک لە تێگەیشتن و بەڕەسمییەت ناسینی دوولایەنەی تێدایە. هەر بۆیە هێزە کوردییەکان دەبێ لە گرینگی ئەم شەڕە تێبگەن و نابێ کورد لەم چەکە ستراتیژیکە بێبەری بکرێ.

**سەرچاوە: گۆڤاری تیشک – ڕێکەوتی: ١٨ی دێسەمبەری ٢٠٢٢**

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# سەردەمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی نەماوە و دەنگی ژنانی ئێران گەیشتووەتە هەموو جیهان



**دیمانە: گۆڤاری ژنان**

لە کۆتاییەکانی هاوینی ئەمساڵدا و بەدوای کوشتنی "ژینا ئەمینی"، کچە کوردی خەڵکی شاری سەقز، لە تارانی پێتەختی ئێران بەدەستی پۆلیسی "ئەخلاق"، زنجیرە نارەزایەتی و خۆپیشاندانێکی بەرین، هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی گرتەوە و ئێستاش هەر بەردەوامە. بە مەبەستی تاوتوێکردنی ئەم بابەتە لە لایەن گۆڤاری ژنانەوە وتووێژێکی کورتمان لەگەڵ «شەونم هەمزەیی»، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و چالاکی سیاسی و مەدەنی پێکهێناوە؛ دەقی وتووێژەکە بەم شێوەیە:

**گۆڤاری ژنان: ئێوە ئەم ڕاپەڕینەی کە بەدوای شەهیدبوونی ژینا ئەمینی لە کوردستان و ئێران سەری هەڵدا، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**شەونم هەمزەیی:** بەکورتی وڵام بدەمەوە، دەبێ بڵێم بێوێنەترین نارەزایەتییەکان بوو کە بەرەورووی کۆماری ئیسلامی بووەوە لە مێژووی ئەم چلوئەوەندە ساڵ دەسەڵاتەیدا. شەهیدبوونی ژینا ئەمینی بووە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕاپەڕینی ئێراندا. ئەم ڕاپەڕینەی ژینا جیاوازیی بنەڕەتیی لەگەڵ هەموو ناڕەزایەتییەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران هەبوو. لە بزووتنەوەی مەشرووتەوە تا ساڵی ٨٨یش ئێمە شایەدی ناڕەزایەتی، ڕاپەڕین، کوودەتا و شۆڕش لە ئێراندا بووین، لە هەمووشیاندا ڕۆحانیەت ڕۆڵی هەبووە و بەشداریی تێدا کردووە و هاواری ئیسلامی سیاسی بەرز بووە و هاتووەتە گوێ. ئەمە بۆ یەکەم جارە شۆڕش لە ئێراندا بەتەواوی سێکۆلارە و لە دروشمەکانیدا دەردەکەوێ (مەلا ون بە لە پێش چاوان) لەو دروشمانەیە کە ئاخوند و مەلاکان دەتارێنێ، بەڵام تاراندنێک بەرەو شوێنی تایبەت بە خۆیان، واتە نابێ لە گۆڕەپانی سیاسیدا بمێننەوە. لێرەدا مەبەستم لە ئاخوند وەک نیشانەی دەسەڵاتە و ئەمە هیچ پێوەندییەکی بە ئاخوند و مامۆستایانی ئایینی سوننەوە نییە. بۆ یەکەم جارە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا ناڕەزایەتییەکان لەگەڵ ئەوەی سەراسەرین، ئامانجی سەرەکییان نەمانی کۆماری ئیسلامییە. خەڵک وەک پێشتر ناڕەزایەتییەکی بەتەنیا ئابووری یاخود سیاسییان نییە، بەڵکوو لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ... خوازیاری نەمانی ئەو ڕێژیمەن و خوازیاری چاکسازی و شتی لەو بابەتەش نین. لەم شۆڕشەدا ئێمە چینی بەرفراوانی پەراوێزخراوانی کۆمەڵگە دەبینین کە دەنگیان بەرزتر و دلێرترە لەوانەی وا لە بوارە جیاوازەکاندا لە چینی سەرەوەی کۆمەڵگەن، بۆ یەکەم جارە هەموو کەمینەکان، بە هاودەنگییەوە دەیانەوێ ڕیشەی هۆکاری هەڵاواردنە فرەڕەهەندەکان هەڵکەنن. لەم ڕووەوەیە کە من ناوی شۆڕشی لێ دەنێم ئەم ڕاپەڕینەی کە ئێستا لە ئارادایە.

**گۆڤاری ژنان: قەبارەی تێوەگلان یان بەشداریی ژنان لەم ڕاپەڕینەدا چۆن هەڵدەسەنگێنی – ژنان بەگشتی و ژنانی کورد بەتایبەتی؟**

**شەونم هەمزەیی:** ئاماژەم کردووە کە ئەم شۆڕشە، شۆڕشی پەراوێزخراوان و لەبیرکراوانی کۆمەڵگەی ئێرانە. جا کەواتە کێ دەتوانێ لە ژن لە گشتیەتی خۆیدا پەراوێزخراوترین پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئێران بێت؟ بێگومان بوونی نییە. جا بۆیە ژنان لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان بە باشترین شێوەی مومکین لەم دەرفەتە و لەم کەشە تێگەیشتوون و بۆیەش بە هێز و وزەیەکی بەرچاوەوە ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و پێیانوایە شەڕی مان و نەمان و شەڕی ڕزگاریی یەکجارەکی دەکەن، ئەوەیە کە هاندەریانە و بووەتە هۆی دەرکەوتن و بەشداریی بەرچاویان. ئەوان بەدروستی تێگەیشتوون کە ئەم دەرفەتە، دەرفەتێکی مێژوویی و نایابە. ڕۆڵی ژنان تەنیا بە بەشداری بەرتەسک نەبووەتەوە، بەڵکوو ڕۆڵی پێشەنگایەتی دەگێڕن و ئەمەش دیسان خاڵێکی جیاوازە و لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا نموونەی نییە، بۆ یەکەم جارە کە ژن پاشکۆی پیاو نییە. کوردستانیش دۆخەکەی جیاوازترە، ئێمە دەزانین کوردستان لە باقیی بەشەکانی تر ئێران – تەنانەت ناوەندیش – سیاسیترە، کولتووری حیزبایەتی و پلۆرالیزم لە کوردستاندا پڕڕەنگە، حیزبە سیاسییەکان لە نزیک بە هەشتا ساڵ لەمەوبەرەوە باس لە مافی ژن دەکەن و هەوڵی گشتگیری بۆ دەدەن، ژنان لە کوردستان سیاسین و دێنە مەیدانی سیاسیی


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خەباتەوە، بۆیە ڕۆڵی ژنان لە کوردستان زەقتر دیارە لەچاو شوێنەکانی تر. ئەم دەرکەوتنە پێشخانێکی سیاسیی بەهێزی لەپشتە، بێبەشییەکانی ژنانی کوردستانیش هۆکارێکی بەهێزی ترە بۆ ئەم پێشوازییەیان لەم ڕاپەڕینە.

**گۆڤاری ژنان**: ڕای ئێوە چییە لەسەر ئایندەی ئەم ڕاپەڕینە؟ چۆن کاریگەریی لەسەر دۆخی ژنان لە ئێران دەبێت؟

**شەونم هەمزەیی**: ڕای من ئەرێنییە. ئەم ڕاپەڕینە بەهۆی ئەوەی کە سەراسەرییە، بەهۆی ئەوەی کە خاوەنی دروشمی پێشکەوتووە، بەهۆی ئەوەی کە فرەڕەهەندە و لە بوارێکی تایبەتدا قەتیس نەماوەتەوە و هەموو چوارچێوەی ڕێژیمی ئێرانی کردووەتە ئامانج، سەرکەوتوو دەبێت و هەر هەتا ئێستاش سەرکەوتوو بووە. ئەم ڕاپەڕینە ئۆتۆریتەی ڕێژیمی ڕووخاندووە، ترسی خەڵکی لە بەرامبەر دەسەڵاتدا ڕشتووە، ڕێژیم دەستەوەستان بووە و لە هەموو بوارە سیاسی، ئایدۆلۆژی، کولتووری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و هتددا تووشی دارمانی قورس بووە. کۆماری ئیسلامی ڕەواییی نەماوە و نەک وەک دەسەڵاتێکی یاسایی و خەڵکی، بەڵکوو وەک داگیرکەرێکی سەرکوتکەر و بیانی چاو لێدەکرێ.  مادام ڕوانگەی زۆربەی خەڵک بگۆڕێ بۆ ئەم ڕوانگەیە، ئەوە یانی دەسەڵات شکست دێنێ، جا ئەمڕۆ بێ یا کاتێکی تر، بەڵام وەک خۆم دڵنیام کە نە کۆماری ئیسلامی، کۆماری ئیسلامیی پێشوو دەمێنێ و نە خەڵکیش خەڵکی ڕابردوو؛ لەم چەن ساڵەدا خوێنێکی زۆر ڕژاوە و دوژمنایەتییەکەی پڕگرتر کردووە.

لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی ژناندا، ئەگەر ئەگەر کۆماری ئیسلامی بشمێنێ، ناتوانێ ئەو زەبروزەنگەی بەردەوام بێ، نەک لەبەر ئەوەی بڵێین دەگۆڕێ، نا بە هیچ شێوەیەک، تەنیا لەبەر ئەوەی کە ناوێرێ تێچوو بدا، چون لێی قەبووڵ ناکرێ، ژنان و پیاوانیش بە ئاستێک لە تێگەیشتن گەیشتوون کە هیچ زۆرێک قەبووڵ ناکەن و نارەزایەتییان لەدژی دەبێ. لەگەڵ ئەوەش هەر هەتا ئێستا ئێمە شایەدی دەنگۆی کۆمەڵێک پاشەکشە، بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ بابەتی حیجابی زۆرەملی و دەرکرانی کۆماری ئیسلامی لە کۆمیسیۆنی پێگەی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و... هەین، ئەمە یانی گۆڕاوە سەردەمی دەسەڵاتداریی ڕەهای کۆماری ئیسلامی و دەنگی ژنانی ئێران، بە گوێی هەموو جیهان گەیشتووە.

**گۆڤاری ژنان**:  لە ساڵی ٨٨ لەگەڵ بزووتنەوەی سەوز، هەروەها ساڵەکانی ٩٦ و ٩٨یش خۆپیشاندان هەبوو لەسەر ئاستێکی بەرفراوان، ئایا ئێستا دۆخەکە هاوشێوەیە یان جیاوازی دەبینیت؟

**شەونم هەمزەیی**:  ئەوکات خۆپیشاندانەکان لە چەن شاردا قەتیس مابوون، هەموو ئێرانی دانەگرتبوو. نارەزایەتییەکە لە چوارچێوەی داواکارییەکی سیاسیدا بوو، داواکارییەکە ڕوون بوو، ئەویش ئەوە بوو کە «دەنگی من کوا؟» بە هیچ شێوەیەک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تەواویەتی کۆماری ئیسلامی نەکرابووە ئامانج. داواکارییەکە تەنیا سیاسی بوو، تەنیا لە چوارچێوەی ڕیفۆرمیستیدا بوو، تەنیا بەردەنگ وەزارەتی ناوخۆی وڵات بوو، خودیخۆپێشاندەران دەترسان لەوەی پێیان بوترێ ڕووخێنەر، بەتوندی ڕەدیان دەکردەوە، بەڵام ئەمڕۆ خەڵک کۆماری ئیسلامیی ناوێ، بە هەر دوو باڵی دیاریەوە کە ئەوکات دەیانتوانی کاریگەرییان هەبێ لەسەر بەشێک لە ڕای گشتی و ئەو نارەزایەتییانەش شەڕی نێوان ئەو دوو باڵە بوو (واتە ڕیفۆرمیستەکان و کۆنسێرڤاتڤارەکان) کە خەڵک ئێستا چەن ساڵە لەم قۆناغە پەڕیونەتەوە و چوونەتە قۆناغێکی یەکلاییکەرەوە. لە ساڵی ٩٦ و ٩٨ خەڵک بە قۆناغی تێپەڕین لەوان گەیشتن. ئەوکات ڕێژیم توانی بە دەسبەسەر کردنی ڕێبەرانی ئەو بزووتنەوەیە، بزووتنەوەکە کۆ بکاتەوە، ئەمڕۆ کێ ڕێبەرە؟ هەمووان ڕێبەرن، ئەوەی لە شەقامدایە خۆی ڕێبەرێکە. ئەو هەمووە دەسبەسەر کراون لە شارە جیاوازەکانی ئێراندا، بەڵام نارەزایەتی و ڕاپەڕین هەر نەنیشتووەتەوە، چونکە ئەم ڕاپەڕینە تاکڕەهەندی نییە و وەک چەن جار ئاماژەم پێ دا هەموو ڕەهەندەکانی شۆڕشێکی گرتووەتەوە و لە نارەزایەتی و داواکاری و ... تێپەڕیوە و چووەتە قۆناغی گۆڕینی ڕێژیم و لە هەمان کاتدا داهاتوویەکی سیاسیی دیاریکراویان بۆ داهاتووی وڵاتی ئێران دەوێ، نەک تەنیا نەمانی کۆماری ئیسلامی. ئەم داهاتووەش بەکورتی دەتوانم بڵێم بەشداریی سیاسیی بەرچاوی هەموو کەمینەکانە، لەوانە کورد و ژن و...

**گۆڤاری ژنان:** بەهۆی پچڕانی ئینتێرنێتەوە پێوەندی گرتن بە ئێرانەوە دژوار بوو، ئێوە زانیاریی وردتان لەسەر دۆخەکە هەیە؟

**شەونم هەمزەیی:** بەڵێ لە ئێران پێوەندیی ئینتێرنێتی تووشی پچڕان بووە و کۆماری ئیسلامی ئینتێرنێتی لەسەر خەڵک داخستووە بۆ ئەوەی دەنگی نارازییان بە کۆمەڵگەی جیهانی نەگات. سەرەڕای ئەوەش ئێمە لە ڕێگەی ئەندامانمان لە نێوخۆی وڵاتەوە، ئاگاداری دۆخەکە هەین و دەزانین چ باسە. لە کوردستان ڕاپەڕینەکە بەگوڕوتین و وشیارییەوە بەڕێوە دەچێ، لەگەڵ بەلووچستان — کە ئەوانیش کەمینەیەکی نەتەوەیین — زیاترین قوربانی داوە، دەسبەسەرکرانەکان لە کوردستان زۆر زۆرە. ژمارەی بریندراران گەیشتووەتە ئاستێکی یەکجار زۆر، هەموو کوردستان میلیتاریزە کراوە و بەبێ پشوودان هێزە سەرکوتکەرەکان بە چەکی قورس و نیوەقورسەوە ڕۆژانە و شەوانە مانۆڕ دەدەن و هەندێک جار تەقە دەکەن و کەشێکی ترسێنەر و شەڕیان زاڵ کردووە، هێرش دەکەنە سەر قوتابخانەکان و قوتابییان دەتۆقێنن و دەیانگرن و لە قوتابخانەکان پاش دەخرانیان، وەک شوێنی مانەوەی خۆیان کەڵک وەردەگرن، ئەمە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان ڕووی داوە. هەر بەم بۆنەیەوە لەلایەن ئەنجومەنی سێنفیی مامۆستایانەوە سێ ڕۆژ مانگرتن ڕاگەیەندرا.

بەگشتی دۆخەکە دۆخێکی ئەمنی و شوێنەکان میلیتاریزەکراون. لە چەند شاردا هێرش کراوەتە سەر ماڵی خەڵکی ئاسایی و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کەڵوپەلیان لەنێو بردووە، گرتنەکان بەردەوامن، لەگەڵ ئەوەشدا لایەنێکی تریشی هەیە و ئەویش ئەوەیە کە نارەزایەتییە پەنگخواردووەکانیش هەر دێ و زیاتر دەبێ، هەموو ئەمانە لە کۆتاییدا بە قازانجی خەڵک تەواو دەبێ نەک دەسەڵات، من لەم بارەیەوە دڵنیام.

**گۆڤاری ژنان**: ژینا ئەمینی ژنێکی کوردە و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی دروشمێکی کوردییە. ئایا شتێکی تایبەتی کوردی لەم راپەرینەدا هەیە؟ راتان چییە لەسەر پێگەی کورد لەناو ئەم راپەرینەدا؟

**شەونم هەمزەیی**: بەڵێ ژینا ژنێکی کورد بوو و هەر لە رۆژی ناشتنیدا لە گۆرستانی ئایچیی شاری سەقز، ئەم دروشمە بەرز کراوە و ئێستا لە هەموو جیهاندا بڵاو بووەتەوە. ئەم دروشمە پێناسەی سێ تەوەری گرینگە، تەوەری دژایەتی لەگەڵ هەڵاواردنی رەگەزی کە لە وشەی ژندا رەنگی داوەتەوە، تەوەری دژایەتی لەگەڵ هەڵاواردنی چینایەتی و ئاستی خۆشگوزەرانیی خەڵک کە لە وشەی ژیاندا بەرچاو دەکەوێ و تەوەری دژایەتی لەگەڵ دیکتاتۆرییەت کەوا لە وشەی ئازادیدایە. ئەم راپەرینەی وا هەموو گەلانی ئێرانی هێناوەتە سەر شەقام، قەرزداری گیانبازیی کوردستانە. کوردستان رۆڵی بەرچاو و زەقی چ لە دەسپێک و چ لە بەردەوامیی نارەزایەتییەکاندا گێراوە. لە کوردستان هاوکات کە دژی رێژیمن و خوازیاری نەمانی کۆماری ئیسلامین، چاوێکیان لە داهاتووش هەیە و شەری نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتییش دەکەن، هێما کوردییەکان، دروشمە کوردییەکان و ... نیشانەدەری رۆحێکی کوردیی مافخوازانەیە.

**گۆڤاری ژنان**: سپاس بۆ ئامادەبوونتان خاتوو شەونم

**شەونم هەمزەیی**: سپاس بۆ ئێوەش

سەرچاوە: ماڵپەری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران – رێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# چەند دێڕێک لەسەر دۆخی ئێستای ژن لە کوردستان و ئێران



**شنە درودگەر**

نێر و مێ، دوو ڕەگەزن کە پێکهێنەری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین و کۆڵەکە سەرەکییەکانی هەموو خێزانەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیەن. هەر تاکێکی ئەم خێزانانەش وەک یەکێک لەو رەگەزانە، رۆڵی تایبەت بە خۆیان هەیە و بۆ ئەوەی خێزان و بە گشتی کۆمەڵگەکەیان تەندروست و پێشکەوتوو بێ، دەبێ سادقانە فیداکاری بۆ گێڕانی رۆڵ و ئەرکی خۆیان بکەن و لەو پێناوەدا تێبکۆشن. جا ئەو تاکە چ پیاوی خێزان بێ، چ ژنی خێزان بێ، چ کچ یا کوڕ و...هتد بێ.

کەواتە نەتیجە دەگرین کە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەردوو رەگەزی نێر و مێ، واتە ژن و پیاو تەواوکەری یەکترن و بەیەکەوە ڕۆڵییان هەیە لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە و بەپێچەوانەکەشی، ئەگەر بێت و بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستن، زیان و خەساری گەورە بە کۆمەڵگەی خۆیان دەگەیەنن.

لێرەدا ئەگەر بمانهەوێ دیمانەیەک لە رۆڵی راستەقینەی ژن لە خێزان و کۆماڵگەدا وێنا بکەین، دەبینین و دەردەکەێ کە ژن چەندە دەتوانی شوێندانەریی هەبێت لە ڕەهەندەکانی سیاسی و کۆمالایەتی و ئابووری کۆمەڵگەدا. بەڵام ئایا ڕەگەزێ ژن کە خاوەنی ئەو باندۆر و کارتێکەرییە مەزنە-یە، لە بەڕێوەبردن و گێڕانی رۆڵی خۆیدا درێغی کردووە؟ یا ئەرکی خۆی بەباشی بەجێ گەیاندوە؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مێژووی مرۆڤایەتی سەلمێنەری ئەو راستییە-یە کە ژنان لە سەردەمانی جۆراوجۆر و قۆناغە هەستیارەکانی مێژوودا رۆڵ و کاریگەری زۆر ئەرێنییان لە بنیاتنان و تەنانەت بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا هەبووە و تەنانەت چەندین شۆڕشی وەکوو «بزووتنەوەی ئیستێر» کە بۆ سەربەخۆیی ئیرلەند لە بریتانیا و لە ساڵی ١٩١٦ی زایینی رێکخرا، لەلایەن "کێنستانس مارکیێویچ"ەوە رێبەری کرا. یا ساڵی ١٩٥٢ بزووتنەوەی ناسراو بە "٢٦ی مانگی مەی" لە کووبا و لەلایەن «سێلیا سانچێز» رێکخرا(ئەگەر چی لە مێژووی شۆڕشی کووبادا ناوی کاڵ و بزرە) کە هاوکات بوو لەگەڵ بەرخۆدانی کاسترۆ و چێگوارا. یا خود «ئەسما مەحفووز» کە توانی لە ساڵی ٢٠١١ی زایینی و لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شۆڕشێکی گەورە لە قاهیرەی پێتەختی وڵاتی میسر رێکبخات و بە ملوێنان خەڵک بێنێتە مەیدانی تەحریری ئەو شارە. یا خود مینا قازی موحەممەد(هاوسەر پێشەوە قازی موحەممەد) و حەپسە خان و لەیلا زانا و بە دەیان و سەدان ژنی دیکە کە ژنانی لێهاتوو و خاوەن بەهرە بوون و بەداخەوە بەهۆی ژێردەستەیی نەتەوەی کورد، لە لاپەرەکان و پێڕستەکانی ژنانی گەورەی جیهاندا بزر بوون.

واتە رەگەزی ژن لە رابردوودا جیا لەوەی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریدا زۆر بە باشی ئەرک و رەساڵەتی خۆی بەڕێوە بردووە، لە نێو خێزانیشدا ئەرکی پەروەردە کردن منداڵ و نەوەی نوێی زۆر بە باشی بەڕێوە بردووە، بۆیە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان لە رابردوودا خاوەنی وەها ژنانێکی زیرەک و لێهاتوو بوون کە توانایی شۆڕش و ئاڵوگۆریان لەسەر ئاستی وڵاتان و ناوچە و تەنانەت جیهان بووە.

بەڵام لێرەدا پرسیارێک زەق دەبێتەوە. ئەویش ئەوەیە کە بۆچی لە ئێران و وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە گشتی وڵاتانی جیهانی سێهەم، ژن بەشاروومەندی پلە دووی کۆمەڵگە هەژمار دەکرێ؟

لە وڵاتانی دواکەوتوو و جیهانی سێهەمدا کە وڵاتی ئێرانیش لەخۆ دەگرن، ژن بە هاوڵاتی پلە دوو هەژمار کراوە و سەرەڕای ئەوەی کە کەمترین ماف و نرخی بۆ داندراوە، بگرە بە مرۆڤێکی کەم و کاڵ مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و دەکرێ.

رێژیمی دواکەوتووی ئیسلامی لە ئێران، هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری روانگەی رەش و ناوەرۆکی بۆگەنی خۆی بەرامبەر بە پرسی ژن لە ئێرانی نیشان دا، بە دارشتنەوەی یاسای بنەڕەتیی وڵات، سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵێک مافی لە ژن زەوت کردن، بگرە کۆمەڵێک «قەید و بەندی» بۆ ژن دانا کە ژنی لە نیوەی زیندووی کۆمەڵگە و خێزانەوە کرد بە کۆیلە و کاڵای دەستی دارێژەرانی یاسای رژیمی ئیسلامی و تا ئێستاش لە هەموو مافەکانیان بێ بەشن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕێژیمی پیاوسالاری ئیسلامی لە ئێران هەر لەسەرەتای سەپاندنی خۆی بەسەر وڵاتدا، بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی «یا ڕوسری یا توسری» کەوتە سەرکوتی ژن لە ئێراندا، کە لە یاسای ڕێژیمدا بە زەعیفە و نیوەی ڕەگەزی نێر پێناسە کراوە. بەڵام غافڵ لەوەی کە ژن یەکەم هێزی ئۆپۆزسیۆنی مەلاکانە کە لە ڕاستیدا بەهێزترین ئۆپۆزسیۆنن(نارێکخراو) کە لەکاتی خۆیدا دەتوانن ببن بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر تەواوییەتی ڕێژیم.

نموونەی هەرە زیندوو بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە، شۆڕشی "ژینا"یە. شۆڕشێک کە لەلایەن ژنی کوردەوە ڕێک خرا و سەرەڕای ئەوە کە زیاتر لە ٩٠ ڕۆژە بەردەوامە، بەڵکوو زۆربەی هەرەزۆری شارەکانی کوردستان و ئێرانی گرتۆتەوە بە هەموو نەتەوەکانییەوە.

دەبینین کە سەرەڕای سەرکوتی زۆر توند و بێبەزەییانەی ڕێژیم و هاوکات پێشکەشکردنی سەدان شەهید و هەزاران بریندار و دەیان هەزار دەستبەسەر کراو، ئاگری شۆڕشی ژنان هەر بڵێسەی هەیە و ئێستا ئیدی شۆڕشی تایبەت بە ژنی کورد نییە و بووە بە شۆڕشی هەموو نەتەوە و چین و توێژەکانی ئێران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران – ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# تاسەباری یاوتاری شۆڕش؟



**هەردی سەلیمی**

تاسەباری، کردەیەکی کولتووری و مێژووییە و جیاوازییش لە نێوان کردەی تاسەباراندا هەیە و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە. بەگشتی بۆ خەمی لەدەستدانی کەس یا شتێک دەکرێ. ئەم ماوەیە شێوازێکی نوێمان لەم کردە کولتوورییە لە کوردستان و تا ڕادەیەکیش ئێران بینی.

هەروەک ئاماژەم پێکرد تاسەباری ئەکتێکی کولتوورییە و بۆ ڕێز لە یادی کەسی لەدەسچوو یاخود هاوبەشکردنی خەمی هەر ڕووداوێک بەڕێوە دەچێ. لە پێوەندی لەگەڵ مەرگدا پتر ڕووی ئایینیی بابەتەکە دەردەکەوێ، کە خودی ئایینیش بابەت و چەمکێکی کولتوورییە. لە مێژوودا زۆر ڕووی داوە کە مەرگی کەسایەتییەک و یادکردن لەو مەرگە "بەپیرۆز" بکرێ و ئەمەش زیاتر لە ئایینی مەسیحیەت و دواتریش لە ئایینزای شیعەدا بەرچاو بووە. وردە وردە هەر لە چوارچێوەی ئایین و کولتووردا قەتیس نەمایەوە و کەڵکی سیاسییشی لێوەرگیراوە. هەر لە سەردەمی پەهلەویدا لە ئێران، ڕێبەرانی ئایینیی شیعە کەڵکیان لەم دەرفەتە وەرگرت و لە ڕاستیدا کردیانە کردەیەکی سیاسیی دژبە ڕێژیمی پەهلەوی، کە کاراش بوو و ئەوانی بە ئامانجەکەیان گەیاند.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە ڕاستیدا شۆڕش مەیدانی کردەوە و خۆنواندنە، گەر شۆڕش گشتگیر دەبێ، کەس بێکار نییە و هەر کەسێک بەقەدەر توانایی خۆی ڕۆڵ دەبینێ. ڕۆڵی تاکەکانیش جیاوازە، بەڵام هەموو بۆ ئامانجێکی گشتییە کە دێنە مەیدانەوە.

لە مێژووی کوردەواریدا کۆمەڵێک ڕووداوی دڵتەزێن ڕوویان داوە، کە پاش شەهیدبوونی قارەمانەکان، کەسوکار و تاسەبارانیان بەوپەڕی وەرەبەرزییەوە دەرکەوتوون. بۆ نموونە دایکی شەهیدانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی کە پاش ئەوەی دەچێتە سەر تەرمی کوڕە شەهیدەکانی، گۆنایان سوور دەکا و لە ڕوونکردنەوەکەیدا دەڵێ: "نامەوێ دوژمنان منداڵەکانم بە ڕەنگزەردی ببینن." لەم نموونانە لە مێژووی کوردستان و خەباتی پڕتێچووی ئەم زێدەدا زۆرن. لێرەدایە کە دەبینین ئامانجی گشتی لە ژیانی تاک گرینگتر دەنوێنێ، ئامانجی کەسە لەدەسچووەکان گەلێک گرینگتر دەبێ لە خودی خۆیان.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پاشخانە با بڕوانینە ئێستای کوردستان و کوردستانی ئەمڕۆمان لەدوای دەسپێکی ڕاپەڕینەکەی ژینا. پاش ئەوەی لە تاران "ژینای ئەمینی"یان کوشت و دانەوەی تەرمەکەیان لە ترسی پێشوازیی خەڵک، وەدوا دەخست و شوێنیان دەگۆڕی، بەڵام بەو حاڵەشەوە نەیانتوانی پێش بە ئیرادەی حزووری خەڵک بگرن و ڕۆژی ناشتنی ژینا بووە ڕۆژێکی مێژوویی و تایبەت لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵات و ئێراندا. هەر لەو ڕۆژەدا بوو کە ڕستەیەکی مێژوویی لەسەر کێلی گۆڕی ژینا نووسرا: "ژینا گیان تۆ نامری، ناوت ئەبێتە ڕەمز" ئەم ڕستەیە گەورەترین دڵدانەوە بوو بە بنەماڵەی ئەمینی و باشترین هەوێن و نەخشەڕێگای داهاتووی شۆڕشەکە.

کاتێک شۆڕش بەرینتر و بەرفراوانتر بووەوە، لە شار و ناوچە جیاجیاکان کۆمەڵێک لە خەڵک و بەتایبەت لاوانی ڕاپەڕیو، گیانیان بەخت بوو. لە کوردستان پۆششی ڕەش و مۆم هەڵکردن و ... نەبووە باو و هیچ ڕێگەی پێنەدرا، بەڵکوو سەر گۆڕی هەر شەهیدێک بووە تریبۆنێک و هەر وتارێکی خۆڕسکانەی دایک و باوک و کەسوکاری شەهیدەکان، بوونە مانیفێستێک بۆ شۆڕش و بەردەوامییەکەی. نموونەکان زۆرن و مەجالی ئەوە نییە یەکەیەکەیان لێرەدا ئاماژە پێبکرێ، دەنا هەرکام لە وتەی کەسوکاری شەهیدان، دەتوانێ لە ڕیزی بەنرخترین وتەکانی مێژووی شۆڕشدا بۆ هەمیشە تۆمار بکرێن. باوکی شەهید "فەرەیدوون ئەحمەدی" بەوپەڕی ڕاشکاوی و بێلاڵەپەتەیی و ڕاستەوخۆ هەموو کەسە بەتەمەنەکانیشی بانگهێشتی بەشداریی شۆڕش کرد و هەر لەسەر گۆڕی کوڕەکەی وتی: "ئەم کۆنە ئەبێ نەمێنێ، ئەم کۆنەپەرستییە ئەبێ بڕوا". دایکی شەهید "پەیمان مینبەری" وتی: "پێویستم بە پرسە نییە، خوێنی ڕۆڵەکەم با ون نەبێ." کوردستان بە وشیارییەوە ئەم داوایەی قەبووڵ کرد و ئەمجار دروشمی سەرەکیی خەڵکەکە بووە "دایە مەگری بۆ ڕۆڵە! شەرت بێ بستێنین تۆڵە". هیچ بنەماڵەی شەهیدێک لە کوردستان بەتەنیا جێ نەهێڵدرا و ئاپۆرەی خەڵکی هاوبەڵێن و داخلەدڵ هەتا دواسات هاوڕێ و هاودڵی بنەماڵەکان بوون و هەر هەموو بنەماڵەکانیش هەستیان بە سەربەرزی و سەرفەرازی دەکرد و بە جۆرێک لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

جۆرەکان خۆیان بە بەختەوەر دەزانی کە شانازیی بوونە بنەماڵەی شەهیدیان پێبڕاوە.

بۆ ئەوەی هەستی پڕبەجێ و شیاوی ئەم بنەماڵانەمان بۆ دەربکەوێ، با فەکتێک بێنمەوە لێرەدا، بەپێی ئاماری فەرمیی خودی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٩٩١دا لە کۆی ٣٦٥ ڕۆژی ساڵ، ٢١٨ ڕۆژی شاری تاران گیرۆدەی پیسیی هەوا بووە و هەر لەو ساڵەدا ٤٤٦٠ کەس بەهۆی ئەو کێشەیەوە گیانی خۆیان لەدەست داوە؛ سەرنج بدەن ٤٤٦٠ کەس! هەر ئەم ئامارە بێننە لای کوژراوانی پێکدادانی ماشین، قوربانیانی سەرەتان و مادە هۆشبەرەکان و کۆڵبەران و... جا ئەمجار بۆمان دەردەکەوێ کە ماشینی کوشتار و قەتڵوعامی کۆماری ئیسلامی چەندە دڕندانە کار دەکات، بەرپرسیاریی هەموو ئەم مەرگانە لە ئەستۆی دەسەڵاتە، بەڵام کەمترین ڕەخنەشی لێوەرنەگیراوە و وەک چارەنووسێک

سەیر کراوە! کە گۆڕانی لە دەستی خەڵکدا نەبووە و قەزا و قەدەر وای هێناوە! ئەم نموونەیەم بۆیە هێنایەوە کە بڵێم کامە دەسەڵاتی دیکتاتۆری هەیە کە لە ماوەیەکی کورتدا ٤٤٦٠ کەس بکوژێ بۆ مانەوەی خۆی لە دەسەڵات؟ هیچ کام لەو مەرگانە هیچ تێچوویەکیشیان بۆ کۆماری ئیسلامی نەبووە. من نامەوێ بڵێم مەرگ هەر هەیە با بە شەهیدبوون بێ، بەڵام بە بینینی ئەم ڕاستییەیە بۆمان دەردەکەوێ هەتا کۆماری ئیسلامی بوونی هەبێ، ئەوە مەرگە بە دەممانەوە پێدەکەنێ.

خەڵکی کوردستان کە بەحەق بوونەتە ئۆلگوو و سەرباشقە، بەباشی لەم ڕاستییە تێگەیشتوون و ئاگاداری ئەوە هەن کە مانەوەی کۆماری ئیسلامی واتە مەرگ، ئەویش مەرگێک کە ڕەنگە هەستی هاوسۆزیی خەڵک ڕانەکێشێ و ئازیزە لەدەسچووەکانیان نەبنە قارەمان و ناویان نەبێتە ڕەمز و لە بێدەنگیدا بنێژرێن، بۆیە داوایانە بۆ ژیان و ژیانەوە، بۆ نەهێشتنی ئەم هەمووە نگریسی و مەرگە، بەیەکجاری کۆتایی بەو دەسەڵاتە بهێنرێ، ئەگەر تەنانەت لەو ڕێیەدا مەرگی تریش ببێتە میوانیان.

باوکی شەهید "کۆمار دەرئۆفتادە" دەبێتە قارەمانێکی نەتەوەیی و بێترس ڕوو لە خامنەیی و هەموو دیکتاتۆران، ئەنجام و کۆتاییی خوێنمژییەکانیان وەبیر دێنێتەوە و دەڵێ ئەوەی دەمێنێ ئێمەین نەک ئێوە! ئەمە سەرچاوە لەوە دەگرێ کە ویستی تاک، جێی خۆی گۆڕیوەتەوە بە ویستی گشت، لەم ڕۆژانەدا خوشکی "عەلی ڕووزبەهانی"، یەکێکی تر لە گیانبەختکراوانی ئەم شۆڕشە، لە چلەی براکەیدا حیجابی زۆرەملیی لەسەر لابرد و بەم شێوەیە پاڵپشتی و هاودڵیی خۆی سەرەڕای بڕوا کەسۆکییەکانی، بۆ خەڵکی ڕاپەڕیو ڕاگەیاند؛ ئەم کردەوانە لە کاتدا واتای زۆریان هەیە. لە بەرەبەری شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧دا زۆریەک لە ژنانی بێحیجاب بۆ دژایەتیی ڕێژیمی شا، لەچکیان بەسەر سەریاندا دەدا و بەم شێوەیە جیاوازیی خۆیان لەگەڵ دەسەڵات زەق دەکردەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەوەی کە کات کۆمەڵێک ئەکت دەگۆڕێ گرینگە، بەڵام گرینگتر لە کردەوەکە ئاکامێکە کە لەدوای خۆی دەیبێ. کاتێک "خوسرەو گوڵسورخی" وەک مارکسیست-لێنینیستێک سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپا و لە دەنگوڕەنگی ئەوکاتی ئێراندا بۆ ترساندنی خەڵک و پاساو بۆ ئێعدامی ئەوان، "دادگایی"یەکەیان بڵاو کردەوە، باسی لە ئیمامی یەکەمی شیعەیان کرد و وەک سەرباشقەی خۆی ناوی هێنا، لە جێی خۆیدا گرینگ بوو بۆ ئەوەی خەڵکانێکی تریش بەتایبەت ئایینییەکان ببنە دوژمنی دەسەڵات و کێشەکە تەنیا لە بەرەیەکدا نەمێنێتەوە. پاش نزیکەی پەنجا ساڵ "مەجیدڕەزا ڕەهنەوەرد" دێ و دەڵێ: "لەسەر گۆڕم هەڵپەڕن و شادی بکەن" یانی ئەی هەموو ئەوانەی خوازیاری شادی و خۆشین، من بەشێکم لە ئێوە و ئێوەش بە نەهێشتنی دەسەڵاتی شادیکوژ، وەدیهێنەر و پارێزەری ویستەکانم بن. ئەم پەیامانە لە دواساتەکانی ژیاندا، پەیامی گرینگ و چارەنووسسازن، ڕاستە دەسەڵاتەکان بۆ ترساندن و تۆقاندن خەڵک دەکوژن و دەیانهەوێ پەیامی بێدەسەڵاتیی بەندییە سیاسییەکان لە ڕێگەی دەنگوڕەنگیانەوە بڵاو بکەنەوە، بەڵام هەمیشە کاردانەوەی پێچەوانەیان دەبێ و خەڵک دەبنە گوێگری چالاکە سیاسییە قوربانیبووەکان، نەک دەسەڵاتە ترسێنەرەکان.

لە نوێترین دەرکەوتنی خاوەن شەهیدەکاندا، دایە "فاتمە مستەفازادە" دایکی شەهید "محەممەد حاجیڕەسووڵپوور" هەر لە درێژەی ئەو تێئۆرییە خۆڕسکەی ئەم ڕۆژانەدا کە تاسەبار بم یا ڕێبەرایەتیی شۆڕش بکەم؟ وتی: "من ناگریم، وەک تەرەغە وام، ڕۆڵەکەمم پێشکەش بە نیشتمان کردووە." ئەمەیە کە کوردستان و کردە شۆڕشگێڕانەکەی دەبێ ببێتە سەرباشقەی هەموو ئازادیخوازانی جیهان، دەسماڵی سووری دەستی دایکی شەهید "سمکۆ مەولوودی" دەبێ ئاڵای شۆڕش بێ تا ڕۆژی سەرکەوتن، نەک ڕەشپۆشین و ئەژنۆی خەفەت لە باوەشگرتن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران – ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژن، ژیان، ئازادی! ئەو دروشمەی تەختی حکومەتی وەلەرزە خست



**نەسرین یوسفزادە**

مەسەلەی ژن و بزوتنەوەکانی ژنان لە جیهاندا، مەسەلەیەکی نوێ نییە، بەڵکو ساڵانێکی دوور و درێژە بووە بە دەغدەغەی خەڵکی سەر گۆی زەوی، بەتایبەتی خەڵکی وڵاتە پێشکەوتووەکان.ئەو دەغدەغەیە لەو سەردەمەی ئێمەدا گشتگیربووە بەتایبەت ئێستا کە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان شۆڕشێک بە ناوی شۆڕشی ژن هاتووەتە ئاراوە.

ئەگەر لە کۆتای سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دا ئەم مەسەلەیە تەنها بیر و هزری بەشێک لە ژنان بوونیان لە دنیایی پیشەسازی و یەکسانی نێوان ژن و پیاو بوو، بەڵام لە شەڕی جیهانی دووەم بۆ دواوە ڕەهەندێکی مرۆی لەخۆ گرت و ژنانی زۆرینەی چین و توێژەکۆمەڵایەتییەکان بە هەموو شێوەیەک مەیلیان بۆ ئازادی و یەکسانی پەیدا کرد و ئەو ویست و داخوازییە بۆ وڵاتە تازە گەشەکردووەکانیش ڕاکێشرا.

بزوتنەوەی ژنان و هەوڵدان بۆ بە دەستهێنانی مافەکانیان جا چ مەدەنی و چ سیاسی و چ مافە کۆمەڵایەتییەکانیان، چەندین ساڵە درێژەی هەیە و سەری زۆر لە ئەنجومەن و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنانی گەرم کردووە. هەڵبەت دەکری لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین زۆرێش لەو ڕێکخراوە و سازمانانە بۆ وەدیهاتنی مافی یەکسانی و بەدەستهێنانی ئەو ویستە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دریغیان نەکردووە.

گەلێک لە یاساو ڕێساکانی ڕابردوو کە تەنیا بۆ پەراوێزخستنی ژنان لە مەیدانە و بۆ کارا کردنی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکخرابوو، چووە ژێر پرسیارەوە و کۆمەڵگەی پیاوسالاری چیتر نەیتوانی بە تەنیا وەڵامدەرەوەی پێداویستیەکانی تەواوی مرۆڤەکان بە گشتی ژنان و پیاوان بێت.

ئێستا کە لە ئێرانی کۆماری ئیسلامی یەکێک لە کاتە هەستیارەکانە و ڕێـژیم وە پەلەقاژە کەوتووە و هەر ڕۆژێک و بە شێوازێک خۆی دەردەخا جا لە بڕیاری لابردنی حیجابی زۆرەملی بگرە تا لابردنی گەشتی ئیرشاد و بەهەر شێوەیەک بێ هەوڵ دەدا براوەی ئەو مەیدانە بێ و ئەگەر براوەش نەبێ دەیهەوێ کێشەی سەرەکی ئەو خرۆشانە و ئەو شۆڕشە کە تا ئێستا سێ مانگە لە ئارا دایەی بکاتە کێشەی لابردنی حیجاب یان گەشتی ئیرشاد کە ئەگە بڵێین ئەو دوو کێشەیە نەبوون لەوانەیە وا نەبێ بەڵام بە دڵنیاییەوە کێشەی سەرەکی خەڵک حیجاب نییە بەڵکوو ئەو شێوازە بەڕێوابەرییەی دەوڵەت بۆ داسەپاندنی حیجابی زۆرە ملییە کە خەریکە ماڵی خۆیان (ڕێژیم) وێران دەکا و تەخت و تاجیان دەڕووخێنێ.

ڕۆڵی ژنان لەو شۆڕشەدا لە شەهید کردنی ژینا دەست پێ ناکا بەڵکوو شەهید کردنی ژینا بوو بە هۆکاری ئەوەی بڵێسەی ئەو ئاگرە دابگیرسێ و لە پڕ وەک بۆمبێک بتەقێ و هەموو دنیا بگرێ و هەموو ژنێک لە دنیا دا و بەتایبەت لە ئێران و کوردستاندا خۆی بە بەرپرسیار بزانێ بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتەی کە ئێستا بە دەوڵەتی منداڵ کوژ و ژن کوژ ناوی دەرکردووە لەسەر کار لاچێ و داهاتوویەکی گەش بببێتە دیاری بۆ ئێران.

هەڵبەت دەبێ ئاماژە بە ڕۆڵی پیاوان لەو خەباتەدا بکرێ کە بە دڵنیاییەوە پشتیوانی و پشتگەرمی پیاوان بوو کە ئەگەر لە چەند دەیەی ڕابردوودا ئەو دەوڵەتە بە هەر شێوازێک بێ جا لە زانکۆکان و خوێندنگەکانەوە کە بە هەموو شێوازێک کە توانیوییەتی دوو ڕەگەزی لێک جیا کردووەتەوە یان لە نێو کۆمەڵگەدا کە لە پیاسەیەکی سەر شەقامەوە تا خۆشیەکی کاتی لە جێژنێکی ئاسایی بەردەوام بەربەستی داناوە و هەروەها میدیا و سوشیالمیدیای کردووەتە شوێنێک بۆ داسەپاندنی ئەوەی کە لە بیری و هزری دواکەوتووی خۆیدا تێدەپەڕێ و هەمووکات هەوڵی داوە کە پیاو بە ڕەگەزی بالاتر و باشتر و ژن بە ڕەگەزی لاواز و ژێردەست و ژێر چەپۆک دەربخا، بەڵام بۆخۆی لەو شۆڕشەدا کاتێک کە هاوژینی فریشتە ئەحمەدی بە دەنگی بەرز لەسەر مەزاری هاوژینەکەی بە دەبگی بەرز بەرگری لە خۆشەویستەکەی کرد و کۆماری ئیسلامی بە قاتڵی فریشتە ناو هێنا و ئەوە نموونەیەک بوو کە بۆی دەرکەوێ براوەی ئەو یارییە مرۆڤایەتییە نەوەک ڕەگەز.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەر ئێستا بە دەیان کەسی لە زیندانەکان کردووە و هەر جارێک و خەبەری لەسێدارەدانی کەسێک بڵاو دەبێتەوە یان ئەوەی دەیان کوڕ و کچ کە لە زینداندا دەستدرێژیان دەکرێتەسەر و بە دەیان شێوە بێڕێزیان پێ دەکردرێ.

تیرۆری بەکۆمەڵی جەماوەری ڕاپەڕیو لە شارە کوردییەکانی وەک جوانڕۆ، مهاباد، بۆکان، شنۆ و سنە و سەقزی ژینا هەمووی لە ڕقی ئەو جەماوەرە گەورەیە بووە کە بوو بە چقڵ بۆ چاوی. کە ئەو بە ئێعدامی لاوەکان تۆڵەی دەکاتەوە.

کوشتنی کیانی منداڵ و خودانوور کە برای چەند خوشک بوو و تەنانەت ناسنامەی نەبوو دڵی هەموو جیهانی هێنا ئێش تا ئەو ڕادەیەی چەندین تابلۆ لە ئازاردانەکانی خودانوور بوو بە شانۆ و کەوتە بەر دیدی خەڵک لە شەقامەکانی ئورووپا و کاردانەوە زۆر باشی بوو.

ئەو شۆڕشە بە دروشمی ژن ژیان ئازادی دەستی پێکرد سێ وشە کە کۆماری ئیسلامی هەموو کات لێی ترساوە و سڵی لێ کردووە وشەی ئازادی وشەیەکە کە بە یەکەم پیتی ئەلف و بێ دەست پێدەکا و بە کۆتا پیت کۆتایی دێ، لەو نێوانەدا وشەی (زاد) هەیە کە بە مانای بوون و هاتنە دنیا و ژیانە و لە نێو مرۆڤەکاندا ئەوە تەنیا ژنە کە ژیان دەبەخشێ بۆیە پێویستە و دەبێ ژن ئازادی ببێ و ئەوە ڕێک بە دژی ویستی ئەو دەوڵەتەیە کە لە یەکەم ساتەکانەوە ژنی داپۆشی. ژیانی لە خەڵک ساند و ئازادی لە مەیدانێکی تاراندا زیندانی کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران – ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ژنان لەم بزووتنەوەیەدا ڕێبەرن



**ئاسۆ مینبەری**

زیاتر لە سێ مانگە ژینگەی کوردستان بووە بە گۆڕەپانێکی بەهێز بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیرکەران، گۆڕەپانێک لێوڕێژ لە وزە و پۆتانسییێل کە دوو فاکتەری سەرەکیی بەجەماوەریتربوون و ڕادیکاڵتر بوون، توانیویانە پێناسە و فۆرمێکی جیاوازتر لەوەی پێشوو بەم بزووتنەوەیە ببەخشن.

بە کورتی بزووتنەوەکە ئاوا دەستی پێ کرد: کچێکی کورد بە سەفەر ڕووی لە تارانی پێتەختی ئێران کرد، لەوێ بە بیانووی نەبوون یان پێڕەونەکردنی یاسای داسەپاوی حیجابی زۆرەملێ کەوتە بەر هێرشی دڕندانەی بەناو پۆلیسەکانی گەشتی ئێرشادی ڕێژیم و بەهۆی لێدان و توندوتیژییەک کە بەرانبەری کرا، بەداخەوە بە هەزاران ئاوات و خۆزگەی بەدی نەهاتوو، شەهید کرا. لەسەر گۆڕەکەی ژینای جوانەمەرگ نووسرا: «ژینا گیان تۆ نامری، ناوت دەبێتە ڕەمز» و ئەمە بوو بە دەسپێکێک بۆ سەرهەڵدانێکی مەزن نە تەنیا لە کوردستان بەڵکوو لە ئێرانیش، سەرهەڵدانێک کە زیاتر لە سێ مانگە درێژەی هەیە و هەر ڕۆژێکی لێوڕێژ بووە لە کۆمەڵێک حەماسە و چیرۆکی جیاواز و لە هەمان کاتیشدا کاریگەر!

**چەندین فاکتەر هەن کە لە بزووتنەوەی ئەمجارەدا گرینگ و جێی بایەخن کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەم:**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

▪ کوردبوونی ژینا:

لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا ڕێژیمی ئێران بە هەموو هێزەوە هەوڵی داوە کە کوردستان و گەلی کورد لە بوون و شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان داماڵێ، بۆیە لە هەر دەرفەتێک بۆ ئەم مەبەستە کەڵکی وەرگرتووە و زۆرجاریش بە تێچوویەکی ماددیی زۆرەوە پیلانی داڕشتووە تاکوو بتوانێ خەسار بە کوردستان بگەیەنێ، لە ڕاستیدا زیندووبوونی کوردستان لە باری سیاسییەوە و تێگەیشتنی خەڵکی کوردستان لە چییەتیی کۆماری ئیسلامی وای کردووە کە کوردستان هەمیشە وەکوو دوژمنی دەسەڵات چاوی لێ بکرێت؛ بۆیە لە سەفەری ژینای کوردستانیشدا بۆ تاران، هێزەکانی گەشتی ئیرشاد وەکوو ئەوی تر و دوژمن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کرد و ئەو ڕق و بێزارییەی کە دەسەڵات لە کوردی هەبوو، ئەمجارە کە کوشتنی ژینادا خۆی دەرخست.

▪ ڕەگەزی ژینا:

لەوەتەی کۆماری ئیسلامی وەکوو دەسەڵاتی حاکم بە سەر ئێراندا هاتووەتە سەر کار، دژایەتی لەگەڵ ژن بەشێکی حاشاهەڵنەگر لەم دەسەڵاتە بووە. هەر لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتاڵانبردنی دەسکەوتەکانی ئەم شۆڕشە لەلایەن ئاخوندەکانی ڕێژیمەوە، ژنان یەکەم توێژی کۆمەڵگا بوون کە کەوتنە بەر ڕقی ڕێژیمەوە، یەکەم هەنگاویش بۆ ئەم مەبەستە سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ بۆ ژنان بوو کە هەر لەو کاتەشدا لەگەڵ دژایەتیی ژنان بەرەوڕوو بووەوە، بەڵام ڕێژیم بە داڕشتنی یاسا و کەڵکوەرگرتن لە ئایین وەکوو ئامرازێک بۆ سەرکوتی ژنان، توانی حیجاب بە سەر ژنانی ئێراندا بسەپێنێ. ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا، حیجاب بەشێکی قەبووڵنەکراو لە ژیانی ژنان بووە، هەر بۆیە بینیومانە کە بە شێوازگەلی جیاوازیش و لە قۆناغی جیاوازدا بەنیسبەت ئەم بابەتە ناڕەزایەتییان دەربڕیوە و بەرەوڕووی بوونەتەوە.

فاکتەری ژنبوونی ژینا و ئیدئۆلۆژیی دەسەڵاتی حاکم کە چییەتییەکەی دژایەتیلەگەڵ ژن و ئازادییەکانیەتی لە هۆکارە سەرەکییەکانی کوشتنی ژینا بەدەستی پێتەخنشینان بوو؛ دوژمنایەتیی دەسەڵات و ئیدئۆلۆژییەکەی لەگەڵ ژنان بووە هۆی ئەوەی کە ژینا ببێتە قوربانیی قەتڵێکی حکوومەتی!



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**▪ هەستیاربوونی کۆمەڵگای کوردستان بەنیسبەت ژنان:**

لە ڕاستیدا شەهیدبوونی ژینا و لەسەرهەستبوونی کۆمەڵگای کوردستان بەنیسبەت قەتڵی حکوومەتیی ژینا توانی گۆڕانێکی گەورە درووست بکات و پێناسەی ڕاستەقینەی کوردستان زیاتر دەربخات کە ئەمە لە ڕاستیدا وەکوو شکستهێنانی دەسەڵات دەبێ چاوی لێ بکرێ. ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە ڕێژەی توندوتیژییەکان تێیدا بەنیسبەت ژنان زۆرە، خودی یاسا و دەسەڵات بە شێوەی سیستماتیک بەرانبەر بە ژنان توندوتیژی دەنوێنن و لە ڕێگەی میدیا و قوتابخانە و باقی پێگەکانیشەوە کە لەبەر دەستی دەسەڵاتدان توندوتیژییەکان بەرانبەر بە ژنان ئاسایی دەکرێنەوە؛ ڕێژیم بەنیسبەت کوردستان لەم بوارەدا سیاسەتێکی جیاوازی هەبووە، ئەگەر لە مانگێکدا لە سەرتاسەری ئێران ١٠ ژن کوژرابێتن و لە کوردستان یەک ژن، بێگومان ڕێژیم هەوڵی داوە ئەوەی کوردستان زەقتر نیشان بدات، بۆ ئەوەی کوردستان شوێنێکی نائەمن بۆ ژنان نیشان بدا و بڵێ پیاوی کورد جگە لە توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان هیچ ئاکارێکی ئەمرۆیی نازانێ و بەگشتی پیاوی کورد بە مرۆڤێکی نەزان و دەمارگرژ و توندوتیژ لەقەڵەم بدات.

بەڵام مەرگی ژینا ئەم پێناسەی لە ڕێژیم تێک دا؛ پیاوانی کوردستان بەنیسبەت قەتڵی حکوومەتیی ژینا لەسەرهەست بوون، چونکە مەرگی ژینایان بە دەستدرێژیی ئاشکرای دەسەڵات بۆ سەر شوناسیان واتە کوردبوونیان و بەشێکی جیانەکراو لە کۆمەڵگای کوردستان واتە ژنانی کوردستان زانی!

ڕەنگە زۆر کەس لە سەر ئەو بڕوایە بن کە ئەگەر ئەمە بەنیسبەت کچێک لە شارێکی دیکەی ئێران . مەبەست جگە لە کوردستانە . ڕووی دابا هەڵوێستەکە هەر ئەوە دەبوو و پیاوان دەهاتە سەر شەقام، بەڵام ڕاستییەکە شتی دیکەمان پێ دەڵێت، مەگەر کچی شین(دختر آبی)، بەهۆی گوشارەکانی ڕێژیم بۆ ڕێگریکردنی ژنان بۆ چوونە نێو ستادیۆمی فووتباڵ و بینی یاریی تیمی دڵخوازی خۆی ئاگری لە جەستەی خۆی بەر نەدا؟ مەگەر ئەمە توندوتیژیی سیستماتیکی دەسەڵات بەرانبەر بە کچێکی ئێرانی نەبوو؟ ئەی چۆن بوو کە بەنیسبەت مەرگەکەی هیچ ناڕەزایەتییەک نەهاتە ئاراوە؟

**▪ بەجەماوەریتربوون:**

ڕاپەڕینێک لە کوردستانەوە بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی دەستی پێ کرد، هەموو خەڵکی کوردستان بە چین و توێژی جیاوازەوە هاتنە سەر شەقام و دژی ڕێژیم و دڕندەییەکانی ڕاپەڕین، زۆری نەخایاند کە شارەکانی دیکەی ئێرانیش هاتنە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەر شەقام و بەکەڵکوەرگرن لە دروشمێک کە ئاخێزگەکەی کوردستان بوو، پەیوەست بە ڕاپەڕینەکەوە بوون؛ ڕاپەڕینەکە توانیی هەم لە بواری حەشیمەتەوە بەربڵاوتر بێت هەم لە باری جوغرافیاییەوە، ڕووبەرێکی گەورەتر لەگەڵ خۆی بخات.

## ▪ ڕادیکاڵتربوون:

ئەگەرچی پێشتریش نارەزایەتییەکان دروشمی ڕادیکاڵیان تێدا دەوترایەوە و تەواویەتی ڕێژیم و ڕێبەرانی دەکرانە ئامانج بەڵام لە ڕاپەڕینی ئەمجارەدا هەم دارشتنی دروشمەکان جیاوازترە و هەم خەڵکی ڕاپەڕیو کردەوەی ڕادیکاڵتر لە خۆیان نیشان دەدەن؛ ئانالیزکردنی کردەوەی خەڵکی ڕاپەڕیو لە زۆربەی شارەکانی کوردستان و ئێران نیشان دەدات کە خەڵک بە ئامانجی ڕووخانی ڕێژیم هاتوونەتە سەر شەقام، سەرنجدانێکی خێرای ئاخرین ستۆری و پۆستی شەهیدەکانی ڕاپەڕینەکان بەتایبەت لە کوردستان دەری دەخات کە ئەوان خۆیان یەکلایی کردووەتەوە، بۆیە بوێرانە و بەمەبەستی بە ئامانج گەیاندنی ڕاپەڕینەکە هاتبوونە مەیدانی کردەوە.

## ▪ دابەزینی تەمەنی بەشداربووان لە ڕاپەڕینەکە:

چاوخشاندنێک بەسەر ڤیدیۆ و وێنە بڵاوکراوەکان نیشان دەدات کە زیاترین ڕێژەی بەشداربووان لەم ڕاپەڕینە کەسانێکن کە تەمەنیان کەمە، کەسانێک کە هاوکات لەگەڵ ژیانکردن لەژێر چەتری دەسەڵاتی سەرەڕۆ و تۆتالیتەری ئێران و سەرەڕای هەموو هەوڵەکان بۆ پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکیان و ڕاکێشانیان بۆ ڕیزی بەسیج و مودافعانی حەرەم و گرووپە نیابەتییەکان بە بیری ڕزگاری لە چنگی دیکتاتۆری پەروەردە کراون! نەسڵێکی نوێ کە ڕێژیمیان لە خۆیان بێهیوا کرد و بە هەبوونیان لە مەیدانی کردەوەدا بە ڕاشکاوی ڕایانگەیاند کە داهاتوویان دەوێ و نایانەوێ لە بەرانبەر بێدادی و سەرەڕۆیی ڕێژیمدا بێدەنگ بن.

## ▪ بەشداریی ژنان:

ئەوەی کە زیاتر دەبێ بایەخی پێ بدرێت، بوونی ژنانە، بە پێچەوانەی پێناسەی باوی کۆمەڵگا و ئەوەی کە ڕێژیم هەمیشە هەوڵی دابوو جێگیری بکات، ژنان لە مەیدانی کردەوەدا خۆیان بە کۆمەڵگا سەلماندووە، بە دەیان ژن لەم ڕێبازەدا چوونە کاروانی شەهیدانی کوردستانەوە، دایکی شەهید بە بوێرییەوە دەڵێ کچی نیشتمان نەبم ئەگەر تۆڵەی نەستێنم، هاوسەری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شەهید بە وتنەوەی دروشمی شەهید نامرێ دەبێتە لیدەری ڕاپەڕینەکە، دایکی شەهیدێکی دیکە بە چۆپی کێشان دەچێتە پێشوازی تەرمی کوڕەکەیەوە، دایکێکی دیکە بە بوێرییەوە گرتە ڤیدیۆیەک بڵاو دەکاتەوە و ڕاشکاوانە دەڵێ بکوژی کوڕەکەی من کۆماری ئیسلامییە! ئەمانە نموونەگەلێکی بچووک لە هەزاران تابلۆی پڕ لە وانەی شۆڕشی ژینان، شۆڕشێک کە بە شەهیدبوونی ژنێک دەستی پێکرد و ئێستاش ژنانن کە بە بوونیان لە مەیداندا و بە پاڵپشتیردن لە کوڕ و هاوسەر و براکانیان بوونەتە هەوێنی درێژەپێدانی.

ژنان بە بەشداریی چالاکانە و پۆزەتیڤ لەم ڕاپەڕینەدا سەلماندیان کە ڕێبەرن! ڕێبەرانێک لەخۆبوردوو و بەهێز کە ئامادەن بۆ ڕزگاریی خاک و نیشتمان پێشمەرگانە تێبکوشن و لە بەرانبەر هێزە دڕندەکانی ڕژێمدا سینگیان بکەنە قەڵغان بۆ پاراستنی نیشتمان. ژنانی کوردستان ژینایان کردە سەرقافڵەی کاروانی تێکۆشان و بە بەشداریی چالاکانە، ناوی ژینایان کردە ڕەمزی بەرخودان بۆ بەگژداچوونەوەی داگیرکەران.

ڕاستە کە شۆڕشی ژینا، شۆڕشێکی جەماوەرییە و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگاش توانییان خۆیان تێدا ببیننەوە بەڵام بێگومان بەشداریی ژنان توانی ڕەنگوبۆنێکی جیاوازتر لەوەی جاران بەم شۆڕشە ببەخشێت، هەر بۆیە ئاسۆی ڕزگاری زۆر ڕوونتر لە جارانە. ژنان بوونەتە سەرقافڵەی کاروانی بێپسانەوەی تێکۆشان بۆ ڕزگاری و ئەبێ دواوێستگەی ئەم ڕاپەڕینە هەر ڕزگاری بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران – ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشی ژینا، نوقتەگۆڕانێکی مێژوویی



**مۆژگان عەلیپوور**

بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان و شۆڕشەکان لە وڵاتانی دیموکرات و پێشکەوتوو زۆر جیاوازترن لە وڵاتانی جیهانی سێهەم و دواکەوتوو. ڕەنگە بەشێک لەم جیاوازییانە بگەڕێنەوە بۆ هۆکارەکان و بەستەرەکان و ئاخێزگەی جیاوازییە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، کولتوورییەکانەوە. شۆڕشی ئەمجارەی «ژینا» وێنەیەکی جیاوازە لە چاو ڕووداوە هاوشێوەکانی پێش خۆی. تایبەتمەندی و ڕەهەندە نوێیەکانی ئەم بزاوتە وایان کردووە ببێتە نوقتەگۆڕان و دەستپێکی ڕەوتێکی نوێ کە سێبەری لەسەر داهاتووی ئێران و گۆڕانکارییە نێوخۆییەکانی ئەم جوغرافیایە قورسایی دەکات. جیاوازی و بێ وێنەیی ئەو شۆڕشە لەوەدایە کە پاش زیاتر لە ٤ دەیە دەسەڵاتدارییەتی ڕێژیمی ئاخوندی، ئەمجارە ژنانی ئێران، وە بە تایبەتی ژنانی کوردستان، پێشەنگایەتی ئەو شۆڕشەیان بە دروشمی «ژن ژیان ئازادی» کردووە.

ژینا ئەمینی، کچە کوردێکی خەڵکی ڕۆژهەڵات و شاری سەقز، پاش ئەوەیکە لەگەڵ بنەماڵەکەی بە سەفەرێک سەردانی تاران دەکا، تەنیا لەبەر ئەوەیکە تاڵە قژەکانی لە ژێر ڕووسەرییەکەیەوە وەدەر دەکەوەێ لەلایەن هێزەکانی» گەشتی ئیرشادی» ڕێژیمی ئێرانەوە دەسبەسەر دەکرێ و پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر گیانی لە دەست دەدا، ئەمەش دەبێتە هەوێنی ڕاپەڕین و خەباتێکی بەربڵاو و بێ وێنە لە ئاستی کوردستان و ئێران.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زیاتر لە سێ مانگە شۆڕشی ژینا لە شکڵ و فۆرمی جیاوازدا، بە ناوەڕۆک و پێکهاتەی جیاوازیەوە، لە پانتای کوردستان و هەرێمە نەتەوەییەکانی دیکەی ئێران بەردەوامە، لە ڕوانگەیەکەوە، ئەم ڕوتە ڕوولەگەشەیە، لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا جیاوازیی لەگەڵ هەموو شۆڕشەکانی پێش خۆی هەیە، لە ڕوویەکی دیکەوە، بەدەر لە بایەخ و ئامانجە مرۆیی و ئازادیخوازانەکەی، لە ڕووی پێکهاتە و بەربڵاو و تایبەتمەندییەکانیەوە، شوێنکەوتەی هیچ شۆڕشێکی دیکە لە جیهاندا نەبووە، ڕەهەندی ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ دەرد و ئازارو هاوکات خولیا و ئاسۆی ڕووانینی پێکهاتە و لایەنە بەشدارەکانی بزاوتەکە بەرەو ڕزگاری و ئازادی و تێپەڕینیان لە ستەمی فرەلایەن و چەوساندنەوەی سیستماتیکی ڕژێمێکی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران.

شۆڕشی ژینا بە ئاماژە و سیمایەکی ژنانە و بە دروشمی»ژن، ژیان، ئازادی» لە کوردستانەوە دەستیپێکرد و هاوکات کۆمەڵێک ڕوانگە و ویست و داخوازی سیاسیی و کۆمەڵایەتی هێنایە گۆڕێ کە یەک لەوان مەسەلەی بێ مافی و ئازادییەکانی ژنان بوو. دەرەنجامی ئەم ڕەوتەش بە پێشەنگایەتی خەباتی ژنان، بوو بەوە کە پرسی ژنان لە ئێران، لە پەراوێزەوە بێتە ناوەندی ئامانج و داخوازییەکان، ئەوەش زۆر زوو سنوورەکانی ئێرانی بڕی و دەرد و ئازارەکانی ژنانی کرد بە پرسێکی پڕبایەخ و جێی سەرنجی ڕای جیهانی و وڵاتان. هەر وەک چۆن بینیمان کە کۆمەڵگەی جیهانی(ناوەندەکانی بڕیار وپەرلەمانی وڵاتان و ڕێکخراوە جیهانییەکان، کەسایەتی و...) لەسەر پرس و مافەکانی ژنان و هەروەها پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران هاتە دەنگ.

ئامادەبوونی بەرچاوی ژنان لە کوردستان و ئێران لە سەر شەقامەکان، بە دروشمی» ژن ژیان ئازادی» وێڕای ئەوەی کە پاشخانی مێژوویی خۆی هەیە، بەڵام بە هاوکاری و پاڵپشتی و هاوبەشیی پیاوانی کورد بوو کە ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشە گەشەی کرد. ئەگەرچی شۆڕشی «ژینا» شۆڕشێکی فرەڕەهەندە بەڵام توانی بۆ یەکەم جار لە ئێران ئەگەر چی بە شێوەی ڕێژەیی، ببێتە پلاتفۆرمی خەباتێکی هاوشان و هاوبەش چ لە ئاستی پێکهاتە نەتەوەییەکان، چ لە ئاستی توێژ و چینەکانی کۆمەڵگای ئێران و کوردستاندا.

ئەو شۆڕشە بەو پێشینە مێژووییەی کە لە بەرەنگاری دەسەڵاتە سەرەڕۆکان لە ئێران هەیەتی، داواکارییەکانی خۆی بە ڕوونی هێنایە گۆڕێ و ئەمجارە ژنان بوون کە بە دروشمی «ژن ژیان ئازادی» ئەو ڕەوتە نوێیە لە خەباتییان ئاراستە کرد، بەڵام بەو جیاوازییەوە کە چوارچێوەی ویست و داخوازییەکان لە مافەکانی ژنان و ئازادییەکانیاندا بەرتەسک نەکردەوە و خەباتەکەیان لەگەڵ پرسی شوناس و ناسنامە و ڕوانگەی کوردستانی بوون لێک گرێ دا. لەم دیدەوە، ژنان خوازیاری بنەجێکردنی پرسی یەکسانی و دادپەروەری وبەهاکانی ئازادی و مافە مرۆیی و نەتەوەییەکانیانن، هەر بۆیەش لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

داهاتووی ئێرانێکی دێموکراتیک و سێکۆلاردا، پشکی خۆیان لە دەسەڵاتداریی و بەڕێوەبردنی ئەوە وڵاتە دەوێ، هەروەک چۆن پشکی بەرچاوی تێچوو و قوربانییەکانی ستەمکاری و داگیرکاری لە ئێرانی هاوچەرخدا وەبەر ژنان کەوتووە.
ئاراستەی ئەو ڕووداوانە تەنیا لە ناوخۆی ئێران نەبوو بەڵکوو گەیشتۆتە وڵاتانی دەروە و چالاکانی کورد و ئێرانی لە دەرەوەی وڵاتیش بەشێک بوون لەو شۆڕشە و توانیویانە بە ڕێکخستنی خۆپیشاندان و ڕێپێوان وهەروەها نارەزایەتیی دەربڕین لەهەمبەر زەوت کردنی مافەکانی ژنان و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئاخوندییەوە، ببنە نوێنگە و دەنگی پێکهاتە نەتەوەییەکانی سەر جوغرافیای ئێران و سەرنجی زۆرتر بخەنە سەر پرسی ژنان لەم وڵاتە. لەئەنجامدا، کاردانەوەکانیش زۆرتر لە ئاستی حکومەت و کەسایەتییەکان بوون، بە جۆرێک کە ڕۆژانە شاهیدی گوتنەوەی دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» و بڕینی قژەکان و پشتیوانیی پارلەمانتاران و سەرۆکی وڵاتانی جیاواز بووین کە ئەوەش لە خۆیدا بناغەی هاوپەیوەندییەکی جیهانیی بۆ خەباتی ژنان لە ئێراندا دامەزراند.

شۆڕشی ناسنامە تەوەر(لە کوردستان) و مافخوازانەی «ژینا» گەڵێک دەسکەوتی کۆمەڵایەتی، سیاسی و مرۆیی هەبوون، بەڵام ئەوی کەمتر ئاماژەی پێکراوە کاریگەرییەکانی ئەو شۆڕشەیە لە سەر چارەنووسی ژنان لە داهاتووی ئێراندا. ئەوەی کە ئێستا زیاتر لەنێو پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئێراندا دەوروونەخش دەبینی ژنانی ئێرانی بە تایبەتی کوردستانن، کە ڕۆژ نییە لەلایەن دەسەڵاتی ڕێژیمەوە تەنیا بەهۆی ئەوەیکە داوای مافە ڕەواکانیان دەکەن دەسبەسەر نەکرێن و لە سیاچاڵەکانی ڕێژیم ئەشکەنجە نەدرێن. ئەوەش نیشانەی ترسی هەمیشەیی ئەو ڕیژیمەیە لە بزووتنەوەی ژنان کە ساڵانێکە بۆ گەشەنەکردن و بەرەوپێشنەچوونی هەوڵی جۆراوجۆریداوە، بەڵام ئێستا بە هاتنەوە کایەی پرسی ژنان لە فۆرم و ئاراستەی جیاوازدا،بەرینایی و قووڵایی ستەم بۆ سەر ژنانی خستە ڕۆژەڤی ڕای گشتیی و میدیاکانی جیهانەوە، لە گەڵ ئەوەشدا پاڵپشتییەکی بێ وێنەی جیهانی ئازادی بۆ خۆی مسۆگەر کرد .

جێی تێڕامانە کە هەرچەندە شۆڕشی مافخوازانەی»ژینا» لە کوردستان هاتە ئاراوە و تا ئێستاشی لە گەڵدا بێت کوردستان تێچوویەکی زۆری بۆ ئامانجی «ژن، ژیان ئازادی» داوە، بەڵام ڕوانگەی کۆمەڵگەی جیهانیی، جیاوازتر لە خوێندنەوەی ئێمە و واقعی ئەو سەرهەڵدانەیە کە نەزمی جیهانی تەئامول لەگەڵ دەوڵەتەکان دەکا و ئەو شۆرشەش بە شۆڕشی گەلانی ئێران و بە تایبەتی ژنان دەزانێ و بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتە نێوخۆیی و دەرەکییانە دەبێ ئاگاهانە قۆناغەکانی دیکەی ئەو شۆرشە بچێتە پێشێ و کورد و ژنی کوردیش بارتەقای قورسایی خۆی لەو وڵاتەدا ئەو جێگە و پێگەیەی شایانی خۆی بەدەست بهێنێ..

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران – ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# گرینگیی ڕۆڵی ژنی کورد لە خۆپیشاندانەکانی گەلانی ئێراندا



**ڕۆژە عەزیزی**

بابەتێکی گرینگ لەکاتی باسکردن لەبابەتی مافەکانی ژنان لە ئێران، وردبونەوە لە کێشە و کەمبوودەکانی ژنانە. کاتێک کەمبوودەکان دیاری دەکرێن، بەدڵنیاییەوە دۆزینەوەی چارەسەر ئاسانترە، کلیلی چارەسەری کێشەکانی هەر کۆمەڵگەیەک، دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکانە لە بنەڕەتدا.

سەبارەت بە بارودۆخی ژنان لە ئێران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، دەکرێ بڵێین ژنی کورد تا ئاستێکی باش لەمەڕ ناسینی گرفت و کێشەکانی وەک ژنێک هۆشیارە. سەرکەوتووە لە دۆزینەوەی کەموکورییەکان و نابەرابەرییەکان لە کۆمەڵگەکەیدا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری کورد بوونی، ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە ژنی کورد ئەگەر جارێک بە هۆکاری ژن بوونی لە ئێراندا دەچەوسێتەوە، بەهۆکاری کوردبوونی دووجار دەچەوسێتەوە.

واتە ژنی کورد هەمیشە لە تەنیشت خەباتی خۆی بۆ یەکسانی کۆمەڵگە و بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەکەی شانبەشانی پیاوان لە شۆڕشی نەتەوەیی و یەکسانیدایە. ئەم بەشدارییەش باکگراوندێکی سیاسی و مێژوویی هەیە، بۆ نموونە بوونی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ژنانی سیاسەتڤان و چالاک لە شۆڕشەکانی کوردیدا وەک حەپسە خانی نەقیب و مەستورە خانی ئەردەڵان و لەیلا قاسم و مینا خانمی قازی و سەدان ژنی دیکەی ناوداری کورد سەلمێنەری ئەم ڕاستیەن کە خەباتی یەکسانیخوازی لە ناو کورددا، زۆر لەمێژە گەشەی سەندووە.

بەڵام ئەوەی ئێستا لە ئێراندا ڕوو دەدات و بڵێسەی ئاگری شۆڕشێک هەڵگیرساوە، شۆڕشێکە بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕێژیمی ئێران، ئەوە خۆی دەگەڕێتەوە بۆ وشیاری و شۆڕشگێڕی نەتەوەی کورد، ناوی ژینا و کوردستان بوونە هەوێنی ئەم خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییە سەراسەرییانەی ئێران. بەدوور نییە ببنە بناغەی گۆڕینی سیستەمێکی دیکتاتۆریش. درووشمی ژن، ژیان، ئازادی لەلایەن گشت نەتەوەکانی ئێران و زمانە جۆراوجۆرەکانی جیهان دەگوترێنەوە، ئەم درووشمە بۆتە شوناسی ئەم شۆڕشە و دنیای تەنیووە.

وشیاری ژنی کورد سەبارەت بەمافەکانی وەک تاکێکی کۆمەڵگە لە دێرزەمانەوە باس کراوە، لە بچووکترین ئۆرگانی کۆمەڵگە کە چوارچێوەی خێزانەکەیەتی، هەر لە منداڵییەوە هەوڵی پەروەردەکردن و هۆشیارکردنەوەی دەدرێ وەک تاکێکی کوردی مافخوراو لە چوارچێوەی سیستەمێکی دیکتاتۆر و دوژمنێکی داگیرکەر. هەربۆیە کاتێک بچووکترین دەرفەت هەڵدەکەوێ بۆ بەرەنگاربوونەوە، ژنان لە بەرەی پێشەوەن.

بۆیە پێشڕەوبوونی ژنی کورد لەیەکەم ڕۆژەکانی ئەم ناڕەزایەتییانە شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا، پاراستنی کەرامەت و کەسایەتی ژنی کورد، لەلایەن هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاو لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەرکێکی ئەخلاقی و ئینسانییە. لەکاتی کەوتنە مەترسی هەریەک لەم پیرۆزییانە، هاودەنگ و دەست لە ناو دەست، کۆمەڵگەی کوردی بەرەنگاری نەیاران و دوژمن دەبنەوە.

ناکرێ بڵێین ژنانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران گرینگی بە مافەکانیان نادەن، یاخود هەوڵەکانی ئەوان کەمڕەنگ نیشان دەدرێن، بەڵام بۆمان ڕوونە لەماوەی نزیک سێ مانگی ڕابردوودا شێوازی هاتنە سەرشەقام و گوتنەوەی دروشمەکان و بەدەنگەوە هاتنی ئەوان ئەو جیاوازییەی دروست کردوە و پێمانوایە ژنانی کورد چەند هەنگاو لە پێشترن.

ئەگەر ژنانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بۆ نموونە ژنی فارس، هەوڵ بۆ لادانی حیجابی ئیجباری یان ئازادی پۆشین دەدا، ژنانی کورد لە کوردستان خوێن دەدەن بۆ ئازادی ڕادەربڕین و خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی و چەندین مافی سەرەتایی دیکەی زەوتکراویان. ژنی کورد لەقۆناغە جیاوازەکانی مێژووی خەباتدا، هەوڵی بەشداری سیاسی و گەیشتن بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناوەندەکانی بڕیاردانی داوە، ئەمە دەریدەخات ژنی کورد بە جیهانبینی و ڕوانینێکی مۆدێرنانەتر، لە مەسەلەی مافەکانی خۆی دەڕوانێ و جیاواز لەژنانی گەلانی دیکەی ئێران بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی تێدەکۆشێ و بە بوونی ئایدلۆژییەکی دێموکراتخوازانە و دیاریکراو، ئاسانتر دەتوانێ بگات بەو ئامانجانەی هەیەتی. خاڵی پۆزەتیڤبوونی ئایدۆلۆژیای دێموکراسی، گەیشتن بە ئامانج ئاسانتر دەکاتەوە.

بەپێی لێکۆڵینەوە جیهانییەکان دەرکەوتووە، لە ئەم کۆمەڵگانەی ڕێژەی هۆشیاری ژنانیان لە ئاستێکی بەرزدایە، گەیشتن بە مافەکانی ژنان و یەکسانی جێندەری تا ڕادەیەکی بەرچاو باشترە. ڕەنگە لە زۆر لایەنەوە کۆمەڵگەی کوردی ئەو کۆمەڵگە نایابە نەبێ بۆ ژنی کورد، بەڵام لە بواری سیاسی و هۆشیاری بەرانبەر مافی تاک، لە ئاستێکی باشدایە. هەر کۆمەڵگەیەک ڕێژەی بەشداری ژنانی لە کاروباری سیاسی و ئاستی سەرکردایەتی باش بێت، بێگومان گەیشتنی ئەو چینە لە کۆمەڵگەش بە مافەکانی ڕێگەی زۆر دژوار نابێ.

بە هۆکاری بوونی حیزبە کوردییەکان و خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵات، ئاستی ئەم ئاشنایەتی و بەشدارییەی ژنان لەچاو نەتەوەکانی دیکەی ئێران جێگەی دڵخۆشییە. خەباتی ژنان لە حیزبە کوردییەکان بەمەبەستی یەکسانی جێندەری خەباتێکی درێژخایەن بووە. لە سەردەمی دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردستان و دامەزراندنی ڕێکخراوەی تایبەت بە ژنان بە ناوی یەکیەتیی ژنان، سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن و بەشداری ژنان لەکاری ڕێکخراوەیی و حیزبی باکگراوندێکی مێژوویی هەیە، لەگەڵ ئەوەش لە دێرزەمانەوە ئەم ڕاستیە دەرکەوتووە، کلیلی گەیشتنی ژنان بە مافەکانیان لە خۆپێگەیاندن و گەشەسەندنی پەروەردەیی خۆیان و وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بەتایبەتی چینی منداڵان و گەنجەکان دایە. بۆیە لەو دەرفەتانەی بۆ ژنان هاتۆتە بەردەست لە چوارچێوەی خەباتی نەتەوایەتیدا تا ئاستێکی باش ئەنجامی ئەرێنی بۆ ژنی کورد هەبووە.

لەگەڵ ئەوانەشدا دەکرێ بڵێم ئەو هەوڵانەی ژنانی ئێران بە گشتی دەیدەن بۆ گەیشتن بە مافەکانیان، جێگەی ڕێز و پێزانینە، چەوسانەوە و نابەرابەرییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ژنان لە چوارچێوەی وڵاتدا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە هەموو بوارە یاسایی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کەلتوورییەکاندا ڕوونە. واتە لە چوارچێوەی ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و دژە ژنی وەک ئێران، بە دڵنیاییەوە ڕێگەی گەیشتن بە ماف و ئازادییەکان نییە، بۆیە بە یەکگرتوویی ژنانی وشیار و بەتوانا تەنیا ڕێگەی وەدەستهێنانی ئەم مافانە بە ڕووخانی ئەو ڕژیمە دەزانرێ و هەر ئاوا دەکرێ، ڕێگەی گەیشتن بە یەکسانی جێندەری و ئازادی ژن ئاسانتر بکرێ.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گرینگە ئێمە وەک ژنانی کورد هەوڵ بدەین هەستی بڕوابەخۆبوون و پشت بەستن بەتواناییەکانمان بەهێزتر بکەین، ئەو ئاستە لە خۆپێگەیاندن و شارەزایی ژنانی کورد بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە ئێران، جێگەی شانازییە. بەڵام ڕەنگە نەبوونی یەکگرتوویی یاخود نەبوونی هەستی متمانە بەخۆبوون، زۆربەی کات ڕێگر بێ لە دەرکەوتنی خاڵە ئەرێنییەکانی بزووتنەوەکانی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران – ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ناوی "ژینا" مەهسا بوو بە ڕەمز، لە شۆڕشی نوێدا



**حەسەن حاتەمی**

کچێکی لاوی جوانی، ٢٢ ساڵەی سەقزی، بە کوردی ناوی ژینایە. ئەو کیژە شۆخە بە پێی پێناسە (شناسنامە)، ناو و ناوبانگی مەهسا ئەمینییە. ئەو لە مانگی ڕەزبەری ١٤٠١ (٢٠٢٢) قەراربوو بچێتە زانستگە و درێژە بە خوێندن بدات، بەڵام وەرزی هاوین بوو و خوێندگەکان بەسترابوون.

ژینا / مەهسا بۆ گۆڕینی هەوای ژیان و کەڵکوەرگرتن لە پشووی هاوین و دیداری ئازیزان و خزمانی لە تاران، لەگەڵ کیاڕەشی برای سەفەر دەکەن. ژینا هیچکات بە بیر و زەینیدا نەدەهات کە ئەم سەفەرە بەداخەوە بێ گەڕانەوە دەبێ. مەهسا، شاد و خۆشحاڵ بە دڵێکی پڕ لە ئومێد و خولیا، لە یەکێک لە شەقامەکانی تارانی پێتەخت، لە نزیک ئوتووبانی "حقانی" لەگەڵ کچە پوورەکەی، بە لەشساغی و دڵخۆشی تێدەپەڕی.

لە نەکاو ماشێنێکی وەن و چەند پیاو و ژنی نامۆیان لە بەرپێیان شین دەبن. کات سەری شەوێی سێ شەممە ٢٢ی خەرمانی (١٣ی سێپتامبر)ە. لەوپەڕی ناباوەڕیدا، ژینا دەگرن و بە ڕاکێشان بۆ نێو ماشێنە نگبەتەکەی گەشتی بە ناو ئیرشادی دژە ژنی دەبن. لە کاتی گرتنیدا، دەڵێن: نیگەران مەبن. ماوەی ٢٠ خولەک سەبارەت بە حیجاب قسەی لەگەڵ دەکەین!؟ پاشان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بۆ مۆڵگەیەکی پۆلیسی بە ناوی "پۆلیسی ئەخلاق و ئەدەب" لە شەقامی وزرا دەبرێ. بە بیانووی دیاربوونی چەند تاڵەمووی قژی جوانی "دەسکەنە دەکرێ" و ڕووی گەش و جوان و دەمی بە پێکەنینی بە هاوار و گریان، دەگۆڕن. بە تەواوی جارێ ڕوون نەبۆتەوە کە ئەو دوو کاتژمێرە چیان بەسەر هێنا!

کیارەشی برا و هاوسەفەری بە "دەرونێکی پڕ لە ژان" لە پرسیار و دڵەڕاوکێدا، بە دوای ئامبوولانسی خوشکە نیوەگیانکراوەکەی کە لە مۆڵگەی دژە کچ و ژن و مرۆڤکوژی شەقامی وزرا بەرەو نەخۆشخانەی کەسرا دەبرا، لە غەریبایەتیی و بێ پەناییدا، هاواری بۆ فریاکەوتنی ژینا / مەهسای خۆشکی دەکرد. دوای ماوەیەکی کورت، ژینا / مەهسا وێنەیەکی سەیر و سەرسوورهێنەری لێ بڵاوکراوەیە.- خاتوو "نیلوفەر حامێدی"، هەواڵنێری ڕۆژنامەی "شرق" ئەو وێنەیە بۆ ئەو ڕۆژنامەیە گواستەوە و دواتریش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بڵاوکریەوە .

ژینا / مەهسا لەسەر تەختی نەخۆشخانەی کەسرای تاران، لە ژێر دەزگادا، خەوێندرابوو. ژینا لە کۆمادا بوو. ئەو وەزعە زۆر ناخۆش و دەڵتەزێنە دوای سێ ڕۆژ بوو بە کارەسات. ژینا / مەهسا لە نەخۆشخانەی کەسرای تاران بە غەریبی گیانی دا!

تەرمی پیرۆز و جوانەمەرگ کراوی ژینا لە غەریبایەتییەوە بۆ زێد و نیشتیمان هاتەوە. لە بەردەرگای نەخۆشخانە کۆبوونەوە و نارەزایەتیی چێ بوو. دروشمگەلێک دران. دواتر سەقز بوو بە مەکووی غەم و دروشمدان. لەکاتی بە خاک سپاردنیدا، خەڵکێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێندێک ناوچە لە سەرانسەری ئێراندا، بەشدار بوون. کچان و ژنانی بوێر و ئازا بۆ نیشاندانی هاوسۆزیی لەگەڵ ژینا و ئەو بیانوویەی بەداخەوە لەسەری کوژرا کە دواتر بە "قتل حکومتی" ناوی برا؛ ڕووپۆش (لەچکە)ی سەریان توورِ هەڵدان یا سوتاندیان. ژمارەیەک بەشێک لە بسکیان بڕی کە دواتر بوو بە باو لە کۆبوونەوە و شوێنی نارەزایەتییەکاندا.

دونیای پێشکەتووی دیجیتاڵی و ئەلەکترۆنیکی، بە موبیل و گووشییەکانی دەستان و چاوانی خەڵکێکی بەشدار لە گۆڕستانی ئایچی و بڵابوونەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەلایەک، و نووسراوەی هەواڵنێری ڕۆژنامەی "هەممیهن" خاتوو "الهە محمدی"، بەناوی "یک وطن اندوە" (نیشتیمانێکی غەمین) لەلایەکی دیکە، بوون بە هۆی ئاگادارکردنی بەشێک لە بیروڕای گشتیی کە دیسان "سروشت هەواڵێکی ڕەش" و کارەساتی ژینا / مەهسای "بە گوێچکەماندا، چرپاند ."

گویا: یەکێک لە پوورەکانی ژینا، لەسەر گڵکۆیەکەی هەم بە هەنسێکی گریانەوە و هەم بە سۆزێکی دایکانەوە، قسە لەگەڵ کێلێکی ژینا دەکا و دەڵێ: بنوو ژینای خۆشەویست، دڵنیام ناوت دەبێتە ڕەمزی خەبات. هەرلەوێ، دروشمی " ژن ژیان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئازادی"، دەبێتە ئاڵای پڕ بە باڵای ژینای کوردان.

هەواڵی کارەساتی جوانەمەرگ کرانی ژینا / مەهسا، هاودەردیی سنەی "خوێناوی" و تووڕەهەڵدانی ڕووسەرییەکان و ئاگردانیانی لێکەوتەوە. "شینگێڕی" ئەو جارمان وەک بۆمبارانی "بانە" نەبوو؛ بەڵکوو بۆ هەموو کوردستان، ئێران و جیهان زایەڵەی چوو. جوانەمەرگی کرانیژینا / مەهسا بوو بە هاوارێک بۆ نیشانی دانی زوڵم و غەدری ڕێژیمی ئیسلامی سیاسیی لە ئێران و خوێنڕشتن لە پێناو، ئینسانبوون، ژنبوون، کوردبوون، جوانبوون، ناو ژینابوون، موسافیربوون، سونیبوون، بێحورمەتیکردن بە "کەرامەتی ئینسانی" و...

سێ حیزب و ڕێکخراوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەندام لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کە لەو کاتیدا، دێمۆکراتێکی یەکگرتوو و دوو کۆمەڵەی لە بەرەبەریی یەکگرتندا بوون، بۆ سێ ڕۆژانەی جوانەمەرگ کرانی ژینا / مەهسا لە ٢٨ ی خەرمانانـدا، داوایان لە خەڵکی کوردستان کرد، بەیانی هەتا نێوەڕۆ مان بگرن و لە دوانیوەڕۆیەشدا، هەتا درەنگانی شەوێ ناڕەزایەتیی دەبڕن.

کوردستان کە مانگرتنی گشتیی لە ٢١ ی خەرمانانی ١٣٩٧ (٢٠١٨)، ٤ ڕۆژ دوای کارەساتی مووشەک بارانی قەڵای دێمۆکرات و ناوچەی تێکۆشانی دێمۆکراتەکان لە کارنامەی پرشنگداریی خەباتی مەدنییدا هەبوو، ئەمجاریش داوای بانگەوازیی ناوەندیی هاوکارییان بەربڵاوتر و چالاکانەتر وەرگرت. هاتنە سەر گۆڕەپانی شار و شارۆچکەکان و تەنانەت گوندەکانیش کە مێژوویەکی مەزنی نوێی لە ماوەی پتر لە ٤ دەیەی دەسەڵاتی ڕەش و پرشورەیی ڕێژیمی ئیسلامی سیاسیی شیعە مەزهەبیی ویلایەتیی موتڵەقەی فەقیهیدا، خوڵقاند.

ڕووماڵی بەردەوامی تی ڤی و ڕادیۆکان، گەردەلوولی هەشتەگی "مهسا امینی" لە تویتێر بە فارسی و ئینگلسی کە لە ٢٧ ی خەرمانان دەستی پێکرد، لە یەکەم ڕۆژ دا، ١١ میلیۆنی تێپەڕاند. لە ماوی ٢٦ ڕۆژ دا، هەتا ٢٣ ی ڕەزبەری ١٤٠١ (١٢ ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢)، ڕادەکەی گەیشتە ٢٧٥ میلیۆن و لە بڵاوکرانەوە و چەند پات بوونەوەکان (باز نشر)دا، لە تویتێر، ئینستاگرام و تیکتاکدا، ٩٢٠ میلیۆن جار بینران و...

لە چلەی ژینادا، سەرەڕای قەدەغە و قۆرغ و هەڕەشەکانی ڕێژیمی دژی گەلیی بۆ نەچوونی گورستانی ئایچی و سەر گلکۆی ژینا / مەهسا، گەلانی ئێران و بەتایبەتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئاپۆڕای ١٠٠ هەزار کەسیان ئەنجام دا، و گەمارۆی لەشکری خوێنڕێژ و کوشتاریان شکاند. ئەمجار لە جێگەی هەواڵی "ڕەش" و کارەسات باری ژینادا، گەلی کورد قەقنەس ئاسا، لە کردەوەدا، دێرەکانی سروودی "هێزی گەل، هێزی خەبات و ڕاپەڕین، بۆ ئەوەی میللەت بە سەربەرزی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بژین"یان نۆژەن کردەوە.

لە دەرەوەی ئێران و لە تاراوگەش دا، گەلانی دڵ پڕ لە سۆ بۆ هاوڕێی لەگەڵ بزووتنەوەی ژن ژیان ئازادی (زن زندگی ئازادی) بۆ خوڵقانی شۆڕشی هاوتەریب لەگەڵ نیوخۆ، لە پتر لە ١٠٠ شاری گەور و بچووک، بە حەشیمەتی، لە هەزار هەتا پتر لە ١٠٠ هەزار کەسی، کە بواری ئازادی ڕێپیوان و کۆبوونەوەی ئازادانەیان هەیە، کوورەی شۆڕش و خەباتیان - لە سەرمای بەرەو زستان، لە ژێر شەڕی زۆر ناخۆشی داسەپاوی ڕووسیە بە سەر ئۆکڕایندا- نێڵ دا.

دڵسۆزانی بەرگری لە مافی رواى ئینسانی و هەوڵ دان بۆ "بانگی ئازادی و گرووی یەکسانی" لە کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤایەتیی و مرۆڤ تەوەرکان لە تاراوگە دا، هاوتەرتەریب لەگەڵ چوونەسەر و بڵێسەدار و بەرفراوان بوونی پتری شۆڕشی نوێی ژینا / مەهسا دا، ولاتانی ئاڵمان و ئیسلەند، بە تایبەتی خاتوونی ژێر و هەڵسوور، ئانالێنا بێربووک، وەزیری دەرەوەی ئاڵمان،یان هێنا سەر ئەو بڕوایە، داوای کۆبوونەوەی بە پەلەی شوورای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بکەن و "کۆمیتەیەک بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان " (کمیتەی حقیقت یاب) سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی ئێران دروست کرێ. لەوانەیە درەوەی ئێرانیش بە تایبەتی "تێرۆرە سیاسییەکان" ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆن و تێکۆشەرانی گەلان ئێران لە دەرەوەدا، بتوانن زیندوو بکرێنەوە. ئەو کۆمیتەیە بە ٢٥ دەنگی موافیق، ٦ دەنگی موخالیف و ١٦ دەنگی سپی (ممتنع)، پەسند کرا.

ئێستا بەخۆشییەوە شۆڕشی ژینا / مەهسا زۆر بەرەوسەر چووە. دروشمی ژن ژیان ئازادی بە فارسی (زن، زندگی آزادی) و زمانی نەتەوەکانی دیکەی نێو جوغرافیای ئێران و بە ئینگلیسی و زۆربەی زمانەکانی کاریگەری جیهان، دەنووسرێن و دەوترێن. لە سروودی "بۆ" (برای)ی شروینی حاجی پوور و بە چەند زمان کە دەگوترێنەوە جێگەی بەرجەستەی هەیە. کەوابوو، ناوی ژێنا / مەهسا بوو بە ڕەمزی شۆڕشی نوێمان، لە نێو گەلانی ئێراندا.

سەرچاوەکان:

گووگل، ویکیپیدیا، بلومبێرگ و کوردکاناڵ .

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران – ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شلەژانی شار و خۆفی ڕێژیم  و خرۆشانی ئێمە



**لە ڕۆژهەڵاتەوە**

**شاهیدحائیک**

ئەوڕۆژە هەواڵی دڵتەزێنی ژینا بەدەستی جەنایەتکارانی ڕێژیمان دەبیست، تەنیا خەممان دەخوارد و هیوای چاکبوونەوە و وەهۆشهاتنەوەمان بۆ دەکرد.

هیچ کوردێک بیری نەدەکردەوە دوای چل و سێ ساڵ زوڵم و چەوسانەوە و کوشتن بە تیر و لە سێدارەدان و زیندانی، کەس ورەی ئەوەی هەبێت دژی ئەم ڕەژیمە برژێتە شەقامەکان و دروشمی مەرگ و نەمان بۆ خامەنەیی و بەکرێگیراوانی لێ دریێ. کەس بیری نەدەکردەوە چەخماخەی شۆڕشێکی وا بەهێز دوای چل و سێ ساڵ لە کوردستانەوە لێ درێت.

بەڵام ئەوەی کرا و ئەوەی دیترا چاوەڕوان نەکراو بوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە هەر شوێنێکی ئەم کوردستانە بە هەر شێوە نارەزایەتێک بوو، ئەم نارەزایەتی و خۆپێشاندانانە سەری هەڵدا و تا ئێستاش بەدەوامە. کوردستان تازە دەیهەویست دەگەڵ خەمی گولاڵە شێخی و سۆعداخەدیرزادە و شلێر رەسووڵی، سێ ژنی زوڵملێکراوی کوردستانی بسازێ، کە هەواڵی ژینا و غەریبایەتی ژینا سەرلەنوێ برینەکانی ژنکووژی هێنایەوە ژان و خەڵکی کوردستان بۆ ئەمجارە بریاری دا ئیتر بەسە ژنکووژی.

لە سەرەتای شۆڕشی ژینا ژنان پێشەنگی ئەم شۆڕشە بوون و هەن.

لەم چەشنە شۆڕشە لە دوای چل و سێ ساڵ تەمەنی پڕ لە ئەشکەنجە و ئازار و کوشت و کوشتاری رێژیم کرا، دەتوانین بڵێین یەکمجارە دوای چوار دەیە کوردستان بەبێ ترس و بە خرۆشەوە رژانە سەرشەقامەکان و بە دروشم و بە زەربە لێدان بە جەستەی رەژیم شۆڕشێکی بێوێنەیان خوڵقاند.

شەقامگرتن و ئاگرکردنەوەی لاوەکان و وێرای یەکتر هاواری ژن ژیان ئازادی، هێز و گوڕ و تینێکی خستبۆوە خەڵکی چەوساوەی ئێران و بە تایبەت کوردستان.

خۆپێشاندان لە کوردستان بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو درێژەی پێ دەدرا لاوەکان دووان دووان و سێیان سێیان لە کوچەکان بە سەر و دموچاوی هەڵبەستراو بە ئاغابانووی پێشمەرگانەوە، بەپەلە خۆیان دەگایەندە شوێنی خۆپێشاندان. ساپیایەک تەگەر رایدەگرت و بە سێ خولک، ماشێن بەتاڵ دەکرا و ئاگری شۆڕش بڵێسەی دەگرت و لەنەکاو کەسێک هاواری دەکرد ژن ژیان ئازادی و خۆپێشاندەران بە دەنگی بەرز و بڵێندەوە دووپاتیان دەکردەوە.

دەنک بە دەنک جاشەکان و بنکەی سپا ئاگر دەدران و خاکفرۆشان بە سزای کارە قێزەونەکانیان دەگەیشتن.

لە هەر شەقامی شارەکان هێزەئەمنیەتییەکانی سەرتاپا تەیار بە جلوبەرگی دژە گوللە و چەک و باتووم و ساچمە هێرشیان دەکردە سەر خۆپێشاندەرانی بێ دەسەڵاتی رێگای ئازادی و شەهیدیان دەکردن .

هەر شەهیدێک کە بە خاک دەسپێردرا چەخماخەی خۆپێشاندانێکی بەهێزتر دەبوو.

تەواوی شارەکان پڕی چەکدار بوون ساچمە و گوللە بوو سینگی ئازادیخوازانی دەبڕی. لە هەر لاوە دەنگی شیوەن و زاری و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناڵای دایکان و بابان بوو. بەم حاڵەشەوە خۆپیشاندان درێژەی هەبوو تا ئەو کاتەی ڕێژیمی دژە مرۆڤی دژە کورد بە هاوکاری خۆفرۆشەکان و بەسیجێکان دەستیان کرد بە گرتن و شەهیدکردنێکی زۆرتر.

لە زۆرتری شارەکان کچانی مێرمنداڵ گیران و خرانە ژێر دەسدرێژی سێکسیەوە ترس و دڵەڕاوکە تەواو شارەکانی تەنی بوو و ڕێژیم لە هیچ چەنە جنایەتێک خۆی نەدبوارد بە دۆشکا و کەلاشینکۆف و ژێرسێ و تانک و فرۆکە و نەفەربەر بەنێو شارەکاندا هات و چۆی دەکرد و تەنانەت هێرشی کردە سەر شارەکانی مەهاباد و خانێ و بۆکان و جوانرۆ. بە ڕاشکاوی وەک بەرەورووی دوژمنێکی زۆر پڕ مەترسی بوویێتەوە هەڵسوکەوتی دەگەڵ خۆپیشاندەران کرد و لە ماوەی دوو ڕۆژدا دەیان شەهید و بریندار لێ کەوتەوە. سەرەڕای ئەوەی ناوشار وەک مەیدانی شەڕ بوو و پڕی هێزی چەکدار و ماشێنی جەنگی بوو، دوژمنی خوێنڕێژ بە شەو و نیوەشەو هێرشیان دەکردە سەر ماڵەکان و ئیزنی هیچ چەشنە جووڵەیەکیان بە کەس نەدەدا، لەبەر چاوی ژن و منداڵ یان دایک و باب جەوانەکانیان دەسبەسەر دەکرد و بێسەروشوێن دەکران پاش ماوەیەک زەنگیان لێ دەدا و بە بنەماڵەیان ڕادەگەیاند کە لەسەر چی گیراوان.

یەک بە تۆمەتی دار ئاگر تێبەردان، یەک بە تۆمەتی شەمچەی ئاگرکردنەوە، یەک بە تۆمەتی ئاگرتێبەردانی ستڵێ زبڵ دەگیرا و بێ سەروشوێن دەکران. ماڵ و خانوویان لێ سەروژێر دەکرا و کەلوپەلی ماڵەکان ورد و قاش دەکران. لە ئیست بازرەسێکان گووشێکان دەگیران و دەپشکندرانەوە. ئینتێرنێت یان بە تەواوی دەپچڕا و یان بەردەوام بەربەست دەکران. شارەکان لە ناخۆشترین بارودۆخی ڕووحی و ڕەوانیدا بوون. ترسی ئەوەی هەر ئێستا بڕژێنە ماڵێ و بە لێدان و کوتان دەستبەسەرت کەن و پاشان تەرمی بێ ڕوحت بگەڕێنەوە و لە ژێرچاوەدێریدا تەسلیم بە خاک بکرێی هێزی لە ئەژنۆیان بڕیببوو. نەتدەتوانی متمانە بە دراوسێکەت بکەی کە نەکا خۆی بە میلۆنێک فرۆشتبێ و ڕاپۆرتی لێ دابیت. هەمووی ئەمانە لەباری دەروونیەوە گوشاری خستبووە سەر منداڵان. شەوان لە باوشی گەرمی دایکانەشدا نەدەسرەوتن نیوەشەو بە هاوار و ناڵە لەخەو ڕادەبوون و خەو لە چاویان دەتۆرا. با هەمووی ئەوانە وەک ڕابردوو بسپێردرێتە مێژووی پڕ لە خوێنی گەلی کورد بۆ وەدەست هێنانی مافی ئازادی و سەربەخۆیی.

بژی کورد بژی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران – ڕێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژنێک لە چاوەڕوانی بەخشینی گیانێکدا گیانی دا



**نێران ڕەشیدی**

شەهید ڕێحانە کەنعانی کە لە تەمەنی ٣٢ ساڵێدا لە کاتێکدا کە تەنیا دوو حەفتەی مابوو ببێت بە دایک، لە کەمپی ئازادی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیە و لە قووڵایی خاکی باشووری کوردستاندا، ڕۆژی ٦ی ڕەزبەر کەفتە بەر پەلاماری موشەکی کۆماری ئیسلامی و شەهید بوو.

شەهید ڕێحانە لە تەمەنی ٢ ساڵ و نیویدا دایکی خۆشی لە دەست دەدابوو. هەر بەو ساواییە لە ئامێزی میهرەبانی دایکی بێبەش ببوو و ئەو و منداڵێکی تازە لەدایکبوو و باوکێکی خەفەتبار دەمێننەوە. شەهید ڕێحانە لەگەڵ براکەی کە تازە لەدایک ئەبێت لە ناز و موحیبەتی دایک بێبەش ئەبن، لەوکاتەدا باوکیان ناچار ئەبێت بۆ ماوەیەکی کورت منداڵەکانی بە دایکی خۆی، واتە نەنکی ڕێحانە بسپێرێت. چونکە باوکی بەهۆی کاری دەرەوەی ماڵ، نەیدەتوانی دوو منداڵی ساوا بەخێو بکات و پێیان ڕابگا. دوایی باوکی ژیانێکی نوێ لەگەڵ خاتوونێک پێک دێنێ و دوو منداڵ ساواکەی ڕێحانە و براکەی لەگەڵ زڕدایک و باوکی دەستیان بە ژیانێکی نوێ دەکەن. ڕێحانە کچێکی ئارام بوو، بەڵام بەهۆی بێ دایکی مەینەت و ئازار و سەختییەکی زۆری کە دیبووی و بە داخەوە هیچکات ئەو موحیببەت و سەمیمیەتەی کە لە نێوان دایک و کچێکدا پێویستە، لە نێوان خۆی و زڕدایکیدا درووست نەبوو. هەمووکات غەمبار و دڵتەنگ بوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شەهید ڕێحانە کاتێک کە مێرمندا‌ڵ بوو هەستی نیشتمانپەروەری لە دڵ و ناخیدا دەست پێدەکا و هەموو کات بیری لەوە دەکردەوە کە دەبێ ڕۆژێک ببێتە پێشمەرگە و دژی ئەو هەموو زوڵم و زۆرییە کە لە کورد و کوردستان و بەتایبەت لە ژن، لە کۆمەڵگەی ئێرانێکی نادادپەروەر دەکرێت، بوەستێتەوە. بەداخەوە دەرفەتی زۆرتری پێ نەدرا تا بتوانێ وەکوو پێشمەرگەی شاخ لە ڕیزەکانی حیزبدا زیاتر لە خزمەت ئامانجەکانی نەتەوەکەیدا بێ.

شەهید ڕێحانە بۆ ماوەی چەند ساڵێک وەکوو ئەندامی نهێنی حیزب لە نێوخۆ ئەرکی پێشمەرگەی شاری بەڕێوە دەبرد تا لەم دواییانەدا لە ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی بە مەبەستی ژیان پێکهێنان لەگەڵ پێشمەرگەیەکی حیزب ڕووی کردە باشوور و بوو بە ئەندامی ئاشکرای حیزب و هەر لەو ماوەیەشدا بوو بە ئەندامی یەکییەتی ژنان و کۆمیتەی زاگرۆس، ناوبراو یەکێک لە ئەندامانی هەڵسووڕ و چالاک ئەو ڕێکخراوانە بوو.

شەهید ڕێحانە لەو ماوە کورتەدا وەکوو سەرشانەیەکی چالاکی ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان، هەر ئەرکێکی پێی دەسپێردرا، بەو پەڕی دڵسۆزی و شانازییەوە جێبەجێ دەکرد.

گەورەترین هیوا و ئاواتی ڕزگاری کوردستان بوو و بۆ جارێکی دیکە بە ئازادی بگەڕێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەداخەوە بەو ئاواتەی نەگەیشت و ڕۆژی شەشی ڕەزبەری ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی کاتژمێر ١٠و نیوی بەیانی کاتێک کە دەنگی یەکەم مووشەک دەبیستێ لە تاوی هاوسەرەکەی ڕادەکاتە دەرێ و بە لێدانی دووهەم مووشەک زامێکی قورس هەڵدەگرێ، ئەوە لە کاتێکدایە کە تەنیا چەند ڕۆژی ماوە جوانترین دیاری پێشکەشی ئەو دنیایە و هاوسەری وەفاداری بکا و کۆرپەکەی کە هەر کاتێک دەزانێ کورە ناوی "وانیار"ی لەسەر دادەنێ بێنێتە دنیا.

دوکتورەکان هەوڵێکی زۆریان دا تا لە ڕێگای هێنانەسەر دنیای منداڵەکە، لە مردن ڕزگاری بکەن. بە هۆی قووڵی زامەکانی شەهید ڕێحانە، بڕیاریان دا بەرەو هەولێری بەرێی بکەن، بەڵام زۆر بەداخەوە، یەک دوو کاتژمێر زیاتر نەژیا و تێکەڵ بە کاروانی نەمران بوو و وانیاری ساواش تەنیا کەمتر لە ٢٤ کاتژمێر ژیانی بێ دایکی چێشت و ئەویش بەداخەوە چووە ئامێزی دایکی و دایکی نیشتمان تا هەردووکیان بۆ هەتاهەتایە لە ئامێز بگرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران – ڕێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# دەسکەوتەکانی شۆڕشی ژینا



**ڕەسووڵ سوڵتانی**

**دەرکرانی ڕێژیمی دژەمرۆڤ لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژنانی نەتەوەیەکگرتووەکان**

دیپلۆماسیی وڵاتان بەتایبەتی زلهێزە سەرمایەدارەکان و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتاندا، بەر لەوەی گرێدراوی کۆمەڵێک باس و بابەتی وەکوو مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئازادی بێت و لەسەر بوون یان نەبوونی ئەو شتانە پەکی بکەوێت، سەرلەبەری لەسەر پرسی بەرژەوەندی دامەزراوە. هەر ئەوەی کە دەڵێن لە سیاسەتدا نە دۆستی تاهەتایی هەیە و نە دوژمنی تاهەتایی، زیاتر لەسەر ئەو بنەمایەیە کە سیاسەت لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکان دادەمەزرێ و دادەڕێژرێت. هەر بۆیەش ئەو کەس و لایەنانەی کە ڕوانگە و تێگەیشتنێکی ڕۆمانتیکیانەیان بۆ ڕووداو و واقیعەکانی گۆڕەپانی سیاسەت هەیە، هەرگیز ناتوانن لێکدانەوەیەکی دروست و بەجێیان هەبێت و، هەموو جارێ وەختێک بەخەبەر دێن، کە کورد واتەنی دەمێکە کەوڵەکە ئاو بردوویەتی.

هاتنە سەرکار و بەردەوامبوونی کۆماری ئیسلامی کە تا ئەم دەموساتەش هەر لەسەر کارە، پەیوەندیی بە بەرژەوەندیی زلهێزەکانەوە هەبوو. لە چل و سێ ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی هیچ شوێنێکی ئەم دونیایە نەماوە یان تیرۆرێکی لێ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نەکردبێ، یان پشتی تیرۆریستێکی نەگرتبێ. لە چلوسێ ساڵی ڕابردوودا پەروەندەی هەموو جینایەتەکانی ڕێژیم بە بەڵگەی حاشاهەڵنەگرەوە لە بەر دەستی کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی سەر بەو ڕێکخراوەدا بووە، بەڵام جگە لەوەی جاروبار لە پێناو وەرگرتنی کۆمەڵێک ئیمتیازدا بە ڕاگەیەنراوێک مەحکوومیان کردووە، هیچ هەوڵێکی لیبراوانە و کاریگەریان نەداوە. بۆچی؟ چونکە تەواوی ئەو شتانەیان بە پرسی ناوخۆی ئێران زانیوە، تا ئەو جێیەی کە کێشەی بۆ بەرژەوەندیی ئەوان ساز نەکردبێ، بە گرفتی خۆیانیان دانەناوە و ئەو چەند ڕاگەیەنراوەش کە جاروبار بڵاویان کردوونەتەوە، هەم ئیمتیازیان پێ وەرگرتووە، هەمیش شتەکەیان بەوجۆرە لە ئەستۆی خۆیان داڕنیوە، بەتایبەتی وەختێک کە دیتوویانە گەلانی ئێران هێشتا ئەگەر بەشێوەی شانۆیەکیش بێ لە شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمدا بەشدارن و، هێشتا شێلگیرانە نەهاتوونەتە شەقام تا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش بەدەنگیانەوە بێن. بەڵام لەگەڵ شەهیدکرانی ژینا ئەمینی و هەڵاییسانی ئاگری پیرۆزی شۆڕشی ژینادا وردە وردە ئەم بالانسە گۆڕانی بەسەردا هات و دەنگی خەڵکی ئێران، بەتایبەتی دەنگی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتیتر پرسی ژن لە ئێراندا گەیشتە نێو کۆڕ و کۆمەڵ و بیروڕای جیهان و لە پەرلەمان و ناوەندە سیاسی و ڕووناکبیرییەکانی جیهاندا دەنگی داوە. شتێک کە کۆماری ئیسلامیی ئێران قەت بڕوای نەدەکرد بگاتە ئەو ئاستە.

### بزووتنەوەی ژنان لە ئێراندا

بۆ تێگەیشتن لەم ڕاپەڕینەی بە شۆڕشی ژینا ناسراوە و ژنان هێزی سەرەکیی شۆڕشەکەن، پێویستە ئاوڕێکی کورت لە بزووتنەوەی ژنانی ئێران بدەینەوە.

تا سەردەمی مەشرووتە لە ئاستی ئێراندا هیچ دەنگێکی ژنانە نابیسرێ. تەنانەت شاعیرە ژنەکانیش بە دەنگ و زمانێکی پیاوانە دەنووسن و دەدوێن. ژن لە شیعری پیاواندا تەنیا مەعشووقێکی قەدبارێکی چاوپیاڵەی لێوقەیتان و لێوخونچەی تاووس ئاسایە. ژن لە کۆمەڵگەی ئێراندا پاشکۆی ژیانی پیاوانە و بەگوێرەی ڕێوشوێنی ئایینی و مەزهەبی دەجووڵێتەوە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ. پرسی جلوبەرگ و خۆداپۆشین و ئەوەی پێی دەگوترێ حیجاب، تا سەردەمی مەشرووتەش هیچ پرس و باسێکی لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی ئێرانییەکاندا نییە. وێدەچێ ژنان تەواو پێملی بڕیاری پیاوان و فەرمان و ڕێوشوێنەکانی ئایین بووبێن.

یەحیا ئاریەنپوور لە کتێبی "از صبا تا نیما"دا دەڵێ: لە سەرانسەری پاشایەتیی قەجەردا، باسی ژن و ماف و ئازادییەکانی ژن هەر لە گۆڕێ نەبووە، ئەوەندە نەبێ جاروبار بەشێوەی لاوەکی قسەیەکی لێ کراوە؛ ژنانی ئێران تەنانەت



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەبەرچاوی کوڕ و ئامۆزا و خاڵۆزاش دەموچاوی خۆیانیان دادەپۆشی و وەختێک لە ماڵ دەچوونە دەرێ، پانتۆڵێکیان لەپێ دەکرد کە پێی دەگوترا "چاقجوور" و چارشێویان بەسەر خۆیاندا دەدا و پەچە و ڕووبەندیان دەبەست. خۆ ئەگەر ژنێکیش ئەو شتانەی ڕەچاو نەکردبایە، وەکوو ژنێکی بێشەرم و سووک و بێئابڕوو سەیری دەکرا." لە سەردەمی مەشرووتەدا پاش ئەوەی ڕووناکبیرانی ئێرانی لە فەرەنگ دێنەوە، وردە وردە ئەو باسانە دێنە گۆڕێ. ئاریەنپوور دەڵێ بەرپرسانی دەوڵەت ئەو کات مۆرک و تۆمەتێکی کە دەیاندایە پاڵ ئازادیخوازان، ئەوە بوو کە دەیانگوت ئەوانە لایەنگری سەر ڕووتکردن و فڕێدانی چارشێون. ئەو تۆمەتەشیان بۆیە دەدانە پاڵ تا خەڵک بە چاوی کەسانی بێدین سەیریان بکەن و بڵێن ئەوانە ئیمانیان لاوازە و ئیدی ڕوویان نەدەنێ و پشت بکەنە مەشرووتە و مەشرووتەخوازان.

تەنانەت یەکەم جار وەختێک ژنە ڕووناکبیرێک بەناوی تاهیرەی قورەتولعەین لەسەردەمی ناسرەدین شای قەجەردا تەنیا پەچە فڕێ دەدا، ناوی دەکەوێتە سەر زار و زمانان و لە هەموو تاراندا بە خراپ ناوی دێنن، بەڵام چونکە هاوکات کچی پادشاش ئەو کارە دەکات، ئیدی لە هەڕەشە و هێرش دەپارێزرێت.

نفووز و دەسەڵاتی گوتاری پیاوانی ئایین تا ئاستێک بوو، کە ساڵی ١٣١٤ وەختێک ڕەزا شا فەرمانی فڕێدانی چارشێو و لەچک دەدا و وەکوو یاسا پەسند دەکرێ، بەربەرەکانییەکی زۆر توند دەکرێ و تەنانەت لەو بەربەرەکانێیەدا بەشێکی زۆر لە ژنانی ئێرانی پشتیوانی لە گوتاری پیاوانی ئایین دەکەن.

لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا کە بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکەی سەنا ساریان ٦٧ لەسەدی ئێران خوێندەوار بوون، کەچی توێژی نەریتیی ژنان پشتیوانییان لە بەرنامە و گوتاری خومەینی و پەیامەکانی کرد، ئەگەرچی ژنە خوێندەوار و ڕووناکبیرەکانی ئێران، بەتایبەتی ئەوانەی بیری ئازادیخوازانە و چەپگەرایانەیان هەبوو، ملیان بۆ ئەو گوتارە ڕانەکێشا. پاش ساڵی ٥٧ یەکەم یاسایەک کە لە پەیوەندی لەگەڵ جلوبەرگی ژناندا پەسند کرا، مادەی ١٠٢ی یاسای سزادان بوو، کە دواتر بەشێوەی بڕگەیەک لە مادەی ١٤١ی یاسای سزای ئیسلامیی پەسندکراوی ١٣٥٧ زیاد کرا. حیجابی زۆرەملی لە ئێراندا لە ساڵی ١٣٦٢ـەوە و لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و بە پەسندکرانی سزا ئیسلامییەکان بۆ ڕەچاونەکرانی حیجاب لە شوێنە گشتییەکان و دەسنیشانکردنی سزاکانی ئەو یاساشکاندنە بە کردەوە جێبەجێ کرا. بەڵام بەشێک لە ژنانی ئێران کە شان بە شانی پیاوانی ئەو وڵاتە لە شۆڕشی دژی شادا بەشدارییان کردبوو، ئامادە نەبوون مل بۆ ئەو یاسا و حوکمانە کەچ بکەن، بۆیە دژی ئەو یاسایانە خۆپێشاندانیان کرد. ڕۆژێک پێش هەشتی مارسی ساڵی ١٣٥٧ لە حاڵێکدا کە دەستە و گرووپە سیاسییە جۆراوجۆرەکان خۆیان بۆ یەکەم ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانیی ژن لە ئێراندا ئامادە دەکرد، ڕۆژنامەی کەیهان بەو سەردێڕەوە بڵاو بۆوە: "ژنان دەبێ بە سەرپۆشەوە بچنە ئیدارەکان". ئیتر پاش ئەوە خۆپێشاندانی ناڕەزایەتی لە شارەکانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دیکەی ئێرانیش دەستی پێ کرد و هێزە چەکدارەکانی رژێم لەو ڕۆژەوە دەستیان کرد بە سەرکوتی ژنان.

لە ساڵی ٢٠١٨ـەوە نارەزایەتیی ژنانی ئێران لە شارەکانی وەکوو تاران و ئیسفەهان و کەرەج و شیراز فۆناغێکی دیکەی بڕی و دەستەواژەی ژنانی شەقام، یان کیژانی شەقام کەوتە سەر زاران. بەڵام لەگەڵ کوژرانی ژینا ئەمینی، ئەو دەنگە واتە دەنگی ژنان لە ئاستی ئێران و بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا تەقییەوە و دەکرێ بڵێین بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێراندا ژنان نەک شان بە شانی پیاوان، بگرە لە پێشەوەی پیاوان بوونە سەرکردەی خۆپێشاندان و ڕاپەڕینەکان.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پرسی مافی مرۆڤ

ئەگەر مەسەلەی مرۆڤ و پرسی مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بابەتێکی گرینگ بوایە و، کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان شێلگیرانە لەو بابەتەی کۆڵیبایەوە، بە دڵنیاییەوە کۆماری ئیسلامی نەدەبوو تەنانەت یەک ڕۆژیش لەو کۆمیسیۆنەدا ئەندام بێت. ڕێژیمێک کە لە دەستووری بنەڕەتیی وڵاتەکەیدا بێڕێزی بە ژنان دەکا و و لە یاسای دادوەری و یاساکانی سزاداندا بە ئاشکرا ژن بە نیوەی پیاو دادەنێ، چۆن دەبوو لەو کۆمیسیۆنەدا نوێنەری هەبێ؟

ئێستاش لە یاساکانی ئێراندا، بە دوو ژن لە شایەتیدا حیسابی پیاوێکیان بۆ دەکرێ و لە میراتیشدا دوو خوشک میراتی برایەکیان پێ دەبڕدرێ. تەنانەت لە پرسی قەساس یان تۆڵەشدا ئەگەر پیاوێک ژنێک بکوژێ، خوێنبایی نیوەمرۆڤێکی لێ دەستێنن. جگە لەوەی لەو چلوسێ ساڵەدا چەندین حوکمی سەنگساری ژنان لەو وڵاتەدا جێبەجێ کراون. وەها ڕێژیمێک چۆن دەبوو لەو کۆمیسیۆنەدا بەشدار بێت؟

بەڵام پاش شۆڕشی ژینا، ئەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوو کە لە بەرانبەر ویست و داخوازی گەلانی ئێراندا پاشەکشەی کرد و، لانیکەم ئاوڕێکی لە پرسی ژنانی ئەو وڵاتە دایەوە. شۆڕشی ژینا، دەنگی بێبەشیی ژنانی ئێرانی کردە بابەتی سەرەکیی نێو پەرلەمانی وڵاتان و کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و ڕۆشنبیری. هەر لەو سۆنگەیەوە بوو کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرەڕای هەوڵی وڵاتگەلی وەکوو ڕووسیا و چین و چەند دۆستێکی دیکەی ئێران، بەڵام ئەمجارە نەیتوانی ئەم بەشە لە مافی مرۆڤ لە ئێراندا لەبەرچاو نەگرێ و بە نەوت و بەرژەوەندیی دیکەی ئابووری و سیاسی بیگۆڕێتەوە، چونکە ئەگەر وەها کارێکی کردبایە، دەبوو بە ڕیسواییەکی گەورە و، ئەوەی چلوسێ ساڵە ساتوسەودای پێ دەکەن، دەبووە پەڵەی نێوچاوانیان.

هەڵبەت پێش ئەم دەستکەوتەی شۆڕشی ژینا، پەسندکرانی دامەزراندنی کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان، دەسکەوتێکی دیکە بۆ خەڵک و ڕاچڵەکینێک بوو بۆ کۆماری ئیسلامی. ئەگەرچی بەڵگەی جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی هێندە ئاشکران،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کە نە پێویستیان بە خۆزەحمەتدانە و نە بە لێکۆڵینەوە، چونکە هەموویان حاشاهەڵنەگرن و کۆماری ئیسلامییش نەک نکۆڵی بگرە داکۆکیشیان لێ دەکات.

شۆڕشی ژینا، جگە لەوەی دەنگی خەڵکی ئێران بەتایبەتی ژنانی نێو ئێران و کوردستانی کردووەتە بابەتی سەرەکیی کۆڕ و کۆمەڵ و بیروڕای گشتیی نێودەوڵەتی و میدیا جیهانییەکان، لەلایەکیش دەهۆڵی ڕیسوایی ڕێژیم و داشدیارەکانی ئەو جەللادانەی کوتاوە تا ئاستێک کە یەکێک لەو پشتیوانانەی ڕێژیم پشتی پێی گەرم بوو، واتە وڵاتی چین لە سۆنگەی ئەو شۆڕشەوە هەستی بە باری لاری ئەو ڕێژیمە کرد و، جگە لەوەی خاوەنداریەتیی وڵاتی ئیماراتی لەسەر سێ دوورگەکەی کەنداو بە فەرمی ناسی، کۆمەڵێک پرۆتۆکۆل و گرێبەستی ئابووریشی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو واژۆ کرد، کە سەرلەبەری ئەو شتانە دەکرێ بە دەسکەوتی شۆڕشی ژینا و نیشانەی باری لار و دۆخی نالەباری ڕێژیم لەقەڵەم بدەین.

هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر پێمان وابێ دونیا تازە کۆماری ئیسلامیی ناسیوە. نەخێر، دونیا هەر لە سەرەتاوە ئەوانەیان ناسیبوو. مەگەر لەو چلوسێ ساڵەی ڕابردوودا لە تەقاندنەوەی بنکەی جوولەکەکان لە ئارژانتینەوە تا تیرۆری دژبەرانی خۆیان لە دەرەوەی وڵات و وەڕێخستنی قەتڵەزنجیرەییەکان و دەیان و سەدان جەنایەتی دیکە و پشتیوانی لە تاقم و گرووپە تیرۆریستییەکانی لوبنان و فەلەستین و یەمەن و بەحرین و عێراق و مووشەکبارانکردنی خەزێنەکانی سووتەمەنیی سعوودیە و مووشەکبارانکردنی حیزبی دیموکرات و هەولێر تەنیا ئێمە بیستوومانن و خەڵکی جیهان و کۆمەڵی نێودەوڵەتی لێیان بێخەبەر بووە؟ نەخێر، ئەوان زۆر لە ئێمە باشتر ئاگاداری زۆر لەوە زیاتری کردەوەی تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامی بوون و هەن، بەڵام بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانیان لاواندوویانەتەوە و ئیمتیازیان پێ داوە و ئیمتیازیان لێ وەرگرتووە. ئێستاش کە لەو کۆمیسیۆنە دەرکراوە، ئەوە نەبێ تازەیان ناسیبێ، بەڵکوو پەرەگرتنی دەنگی نارەزایەتییەکانی ئێران و تەنینەوەی بیروڕای گشتییە. هەر بۆیە هەنگاوی داهاتوو پێویستە بەرەو دەرکرانی باڵیۆزە تیرۆریستەکانی ڕێژیم و داخرانی ژارگە و هێلانە سیخوڕییەکانیان بێ لە وڵاتان.

چونکە ئەگەر وڵاتانی جیهان پشت بکەنە کۆماری ئیسلامی و تەواو گۆشەگیری بکەن، بە دڵنیاییەوە خەڵکی ئێران بۆخۆیان مشووری دەخۆن و دەیخەنە زبڵدانی مێژووەوە. بەڵام ئەوە دیسان هەر خەڵکی ئێرانن، کە بە مانەوەیان لە گۆڕەپانی شۆڕش و شەقامەکانی ئێراندا پێویستە کۆمەڵی نێودەوڵەتی ناچار بکەن ئەو بڕیارەش بدات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران – ڕێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# دایکێک بۆ نیشتمانی پێشمەرگە



مینا سوڵتانزادە

باس لەسەر ژنێک، دایکێک، خوشکێک، توانایەکی لە ڕادەبەدەری دەوێ، جا بەتایبەت ئەو ژنە، ئەو دایکە شەهیدیش بێ. هەر کە وشەی شەهید دێتە مێشکمەوە بۆ ماوەیەکی کورت سڕ دەبم، فرمێسک لە چاوەکانم قەتیس دەبن و دڵم دەکوڵێ، ئاخر ئەو شەهیدە دایکمە.

ئەو ڕۆژەی ئەو ڕووداوە تاڵە ڕوودای، لەسەر کار بووم، چاوەڕێی پەیامی یەکێک لە هاوکارەکانم بووم تا بڵێ کەی دێ بۆ گۆڕینی شیفتی کاری، کە دیتم زۆر لە هاوڕێیانم زەنگیان لێداوە و پێیانوابوو کە زانیومە دایکم شەهید بووە، یەکێک لە هاوڕێکانم نووسیبووی) خەبەرت هەیە دیسان لە قەڵایان داوە؟ هێز لە ئەژنۆمدا نەما و یەکەم کەس کە زەنگم بۆ لێدا شەهید هاجەر بوو، بەڵام وڵامی نەبوو، دواتر پێدا هاتم و زەنگم بۆ زۆر لەو کەسانە لێدا کە لەوێ پێوەندیم لەگەڵیان هەبوو، یەکێک لەوان نووشین بوو، دەگریا و دەیگوت دیسان مووشەکبارانیان کردین، گوتم خەبەری باجە هاجەرت هەیە، گوتی ناوەڵا دایە هاجەر لە بەیانییەوە دیار نییە، کەس نازانێ لە کوێیە. منیش یەکسەر زەنگم بۆ کاک سەید برایم لێدا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و گوتی من باشم، گوتم باجە هاجەر لە کوێیە؟ بە دەم گریانەوە گوتی شەهید بووە، ئیتر نەمزانی لە کوێیم. وامدەزانی دەخنکێم، وامدەزانی ڕوحم دەردەچێ، هێز نەما لە ئەژنۆم، هاوارم دەکرد و هەستم دەکرد دەنگم بە هیچ کوێ ناگا، بەرەو ماڵێ هەڵدەهاتم و هەرچیم دەکرد نەدەگەیشتمەوە، ڕێگەم لێ ببوو بە ڕێگەی هات و نەهات، لەو کاتانەدا مرۆڤ هەست دەکا ئێستا ڕوحی دەردەچێ و پێی سەیرە کە هەر لەسەر پێیە. شەهید هاجەر بۆ من لە ساڵی ١٣٧٩ کە هاتمە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بوو بە دایکێکی میهرەبان و نەیهێشت لەو تەمەنە کە تەنیا ١٥ساڵ بووم، هەست بە نەبوونی دایکم بکەم کە مرۆڤ و بەتایبەتی کچ لەو تەمەنەدا زیاتر لە هەموو شتێک پێویستی بە بوونی دایکێکی دڵسۆز هەیە، ئەو پەنای منی دا، ماڵەکەی ماڵی باوانم بوو، میهرەبانییەکەی، دڵسۆزییەکەی بۆ من گەورەترین دڵگەرمی بوو.

کچە جوانەکەم، کچە دڵسۆزەکەم، دایکەکەم و زۆر وشەی دیکەی لەو چەشنە کە تەنیا دایکێک دەتوانێ ئەوەندە میهرەبان بدوێ، ئەو جگە لە من دایک و خوشک و پشت و پەنای زۆر لەو کیژو کوڕانە بوو کە بەهۆی پێشمەرگەبوونیان و دوور کەوتنەوە لە کەسوکاریان بێبەش ببوون لە نێعمەتی دایک، ئەو ژنە دڵسۆزە، ئەو میهرەبانە دڵی هێندەی دەریایەک گەورە بوو، تەنانەت دڵسۆزی بۆ گیاندارەکانیش دەکرد، خواردنی خۆی بۆ دەبردنە بەر دەرگا و نەیدەهێشت برسی و تینوو بن.
مرۆڤ بە مانای وشە یانی شەهید هاجەر، ئەو غەدری لە خۆی دەکرد، بەڵام دڵی کەسی زویر نەدەکرد، بۆ منداڵان وەک نەنکێکی میهرەبان بوو، هەر منداڵێک هاتووچۆی کردبایە سەرسام دەبوو بە میهرەبانی ئەو ژنە دڵسۆزە. ئەمن و دڵنیام هەموو ئەو کەسانەی شەهید هاجەری دایکم دەناسن و لە نزیکەوە لەگەڵی ئاشنا بوون و تەنانەت ئەو کەسانەی ڕەنگە بۆ جارێکیش ئەویان ناسیبێ یاد و ناوی هەر بە زیندوویی ڕادەگرن و لەبیر ناکرێ.

دایکە گیان، یاد و ناوت هەرمانە، لەگەڵماندا دەژی و لە بیر و دڵی من و نارین و هەموو ئەو کەسانەی تۆیان خۆش دەوێ بە زیندوویی دەمێنییەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران – ڕێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## هەڵۆ ئەردەڵان: کورد ڕێبەریی ڕاپەڕینێک دەکات کە بنەمای هزریی ویژمانی ئێرانیی خستووەتە ژێر پرسیاری بنەڕەتی



**وتوویژ: کاروان میراوی**

**بەرایی:** شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران نزیک بە سێ مانگ بووەتەوە و لەم ماوەیەشدا ئەگەر زۆربەی هەرە زۆری شارەکانی ئێران و کوردستانیش جاروبارە هێوەر بوونەتەوە، بەڵام کۆمەڵێک لە شارەکان و بەتایبەت شاری سنە بەردەوام و بەبێ ڕاوەستان لە شەقامدا بوونە و تەنانەت یەک ڕۆژیش شەقامیان چۆڵ نەکردووە و خەڵکی ورەزاڵەهاتوو لەسەر داوا ڕەواکانی خۆیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سوورتر دەبن و هەڕەشەی ڕێژیمی داگیرکەری ئێران و گرتن و کوشتن نەک تەنیا خەباتکارانی سەر شەقام ناترسێنێت، بەڵکوو زیاتر هانیان دەدات بۆ بەردەوامبوون، شۆڕشگێران لە چلەی شەهیدانی ئەم ڕاپەڕینەدا پەیمان نوێ دەکەنەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕاپەڕین و شۆڕش و ئەمەش یەکێک لە پاڵنەرەکانی ئەو بەردەوامبوونەیە و خوێنی شەهیدان مەشخەڵی گڕکانی ئەم ڕابوون و ڕاسانەیە. لەسەر ئەم مژارە تۆڕی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ بەڕێز هەڵۆ ئەردەڵان (ناوی خوازراو) خاوەن بڕوانامەی ماستەر، چالاکی سیاسی و یەکێک لە هەڵسووڕاوانی شۆڕشی ژینا لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێناوە.

**کاروان میراوی:** کاک هەڵۆ سەرەتا سپاس بۆ بەشداریتان لەم هەڤپەیڤینەدا، با بەم پرسیارەوە باسەکەمان دەست پێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**بکەین؛ هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە هەتا ئێستە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندین قۆناغی هاوشێوەی ئەم شۆڕشەی ژینای تێپەڕ کردووە، بە بۆچوونی ئێوە جیاوازیی ئەم جارە لەگەڵ جارەکانی پێشووتر لە چیدایە؟**

**هەڵۆ نەردەڵان**: سەرەتا سڵاو و ڕێزم هەس بۆ ئێوەی ئەزیز و هاوکارانی بەڕێزتان!

سەبارەت بەم پرسیارە ئەبێت ڕاشکاوانە عەرزی ئێوە و خوێنەرانتان بکەم کە چە لە ئەو پاشاگەردانییەی دوای دەسەڵاتی ڕەزاشای پەهلەوی و سێ - چوار ساڵێ بەر لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و دوای نەمانی کۆماری کوردستانیش، هەروەها لە شۆڕشی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی و دواتریش ڕاپەڕینی خەڵکگەلێک کە ئاکامەکەی بوو بە شۆڕشی نەتەوەکانی ناو جوگرافیای ئێران و سەرەونخونبوونی ڕێژیمی پاشایەتی و ئەو خۆپیشاندان و ڕاپەڕینگەلەی دوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامییش لە ئێران، هیچ کام لەو ڕاپەرینگەلە هاوشێوەی ئەم ڕاپەڕینەی ئیسە نابینم و وەک ئەم شۆڕشە بەراوەردیان ناکەم.

بەڵام جیاوازیی ئەم جارە لەگەڵ جارەکانی پێشوو لەوەدایە کە بە شانازییەوە پێشەنگایەتیی ئەم جارە بە شێوەکی بەرچاو و کارا، کچان و ژنانی سەربەست و چاونەترسی کۆمەڵگەکەمان لە ئەستۆیان گردگە و لێرەش نابێت ڕۆڵی ئەو دایکانە لەبیر بکەین کە بە زانایی تەواو کوڕ و کەنیشکگەلێکیان پەروەدە کردگە و ئەم ڕۆژانە بە لەخۆبردوویی ئەیاننێرن بۆ گۆڕەپانی خەبات. ئەوەی ئیسە لە ڕۆژهەڵات هەیە، ئەو بەیتە شێعرەی ماموستا هێمن دەخاتەوە بیرمان کە ئێژێت:

"دایکی زانایە کوڕی ئازا دەنێرێتە خەبات
من گوتم، تۆش تێبگە ئاگاتە دەریایە زنە."

هەروەها سەرەڕای ئەو هەموو کوشتن و بڕینە لە گشت ناوچەکانی ئێران، هێشتا کوردە کە لە ماوەی ئەم چل ساڵەدا لە سەنگەر ماگەسەوە و سەرباری سەرکوتی فرەتر لەچاو باقی نەتەوەکانی ناو ئێران (جگە لە نەتەوەی بەلووچ کە وکوو نەتەوەی کورد و لەو ئاستە سەرکوت کریاگە) هۆشیاریی نەتەوەیی و سەروەریخوازی و داواکاریی هەموو مافە نەتەوەییەکان هەر لە بیرمان نەچوگەسەوە و ئەگەر وردبینانە چاوی پێدا بخشنین، بۆمان دەردەکەفێت کە ئەم جارە کورد ڕێبەری و پێشەنگایەتیی ڕاپەڕینێک دەکات لە گشت ئێران کە بنەمای هزری و زەینی و دیسکۆرس و وێژمانی ئێرانی لە باری سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و مێژوویی دەخاتە ژێر پرسیاری بنەڕەتی و بگرە تێکیشی دەدات، هەروەها بڕبڕەی پشتی دوو دیسکۆرسی ئایدئۆلۆژیک و بگرە ئایینتەوەریش بە هەردوو باردا -ئێرانی باستان و ئێرانی سەفەوی ئایینی- لەیەک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەڵدەوەشێنێتەوە و دایدەپڵۆسێنێت. ئەم ڕاپەڕینە هەنگاو بە هەنگاو بە شێوەیەکی ڕیشەیی بەرەو ئامانجێک دەڕوا و لیزگ دەکێشێت بەسەر وڵاتێکدا -کە سەرباری فاشیستبوونی دەسەڵات و بێدەنگیی نەتەوەی فارسی دەسەڵاتبەدەست و نەتەوەی تورک کە بەشێکن لە دەسەڵات و شەریک و هاوبەشی فارسن- و بە جۆرێک ڕوونـاکی دەبەخشێت بە گشت چین و توێژەکـانی ناو ئەو جوگرافیایە کە ئیتر ئەگەر خۆشی گەرەکی بێت ناتوانێت بێهەڵوێست بێت، هەرچەند ئەم قسە بە مانـای ئەوە نییە کە کـردەوەی ئەوان بەقەد کـورد ڕیشـەییە و ئەوان بەس بنەمـای دەسـەڵاتیان کـردگە ئامـانج و ئاگایـانە یـان نائاگایـانە نایانهەوێت سیستەمی دەسەڵات و ئێران تێک بدرێت.

خاڵێکی تریش کە گەرەکمە ئاماژەی پێ بدەم؛ بەشداریی لایەنی ئایینی و بانگەوازەکانیانە لە پشتیوانیی خەڵکی ڕاپەڕیو کە بە شێوەیەکی بەرچاو هەم بەربڵاوە و هەم لە گشت بانگەوازەکاندا کە تا ئیسە بینراوە، ڕادیکـاڵتر و قـایمتر بنەماکـانی ڕێژیم کردووەتە ئامانج و بەردەوام ئەکاتە ئامانج، تـا ئاستێک کە ڕووخـاندنی ڕێـژیم ئەبـاتە قۆنـاغی "واجبی شـەرعی" و ناڕاستەوخۆ حوکمی جەهادی بۆ دەدات.

**کاروان میراوی**: بەڕێز ئەردەڵان خەڵکی شاری سنە زیاتر لە ٨٥ ڕۆژە شەقامیان چۆڵ نەکردووە و سنە جارێکی تر مێژووی قارەمـانەتیی خـۆی تۆمـار کـردووە. بەڕێزتـان کە لەنێـو جەرگەی خەبـاتی شـارن و لە نـزیکەوە زیـاتر ئاگـاداری خـۆڕاگریی خەڵکی سنەن، لەسەر ئەم بەرخۆدانەی شاری سنە بۆمان باس بفەرموون!

**هەڵۆ ئەردەڵان**: بۆ ئەم پرسیارە دەمەوێت بەس بە کـورت ئامـاژەی پـێ بـکەم و نـاچمە سەر وردەکـاریی چۆنیەتیی کـردەوە و خەبات و تێکۆشانی خەڵک کە چۆن بەپێی ئەو فیلم و هەواڵگەلەی کە بڵاو بـووگەنەتەوە، گشـتمان لە دۆخی شـاری سنە ئاگـادارین. شـاری سـنە بە قەد تەمەنـی خـۆی لە دەسـەڵاتی ئەردەڵان (میرنشـینی ئەردەڵان) خاوەنـداریەتی لە قەوارە و چواچێوەیەکی کوردی کردگە و دوای نەمانی ئەو دەسەڵاتەش هەر جارە بە شێوەگەلی جۆراوجـۆر و لە قۆنـاغگەلی جیـاوازدا لە پێناو کوردستاندا خاوەنداریەتیی شۆڕشی کـردگە یـان پشتیوانی بـووگە. ئەم جاریشە سنە هەر ڕۆڵ و نەخشی تـایبەتی خۆی کە ڕێبەرایەتی و تەوەری تێکۆشانبوونە، ئەوە دەگێڕێت و نابێت لەوە کەمتریشـی لـێ چاوەڕوان بکرێت. سنە هەمیشە ناوەنـدی شـۆڕش و ڕاپەڕینـی ڕزگـاریخوازیی نەتەوەی کـورد بـووگە و هەر بەو جۆریشـە دەمێنێت، ئەمە تایبەتمەنـدیی ئەو شارەسە و ئەو کوردستانیبوونە و کوردستانی کارکردنە لە زەینی تـاکی کوردی ئەو شـارەدا جێگیر بـووگە و بە خۆشحاڵیشـەوە زیـاتر پەرەی پێ دراوە بۆ گشت ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دیارە هەندێک کار و چالاکیی نوێ و تـایبەتیش لە سنە ئەبینین کە نیشـان ئەدات کـاری بە ڕێکخـراو و سیسـتەماتیک لە شـاری سنە بەرچـاوترە لە بـاقی شـارەکان و ئەویشـە ئەگەڕێـتەوە بـۆ چالاکییەکی چەندین ساڵە و تەمەنێکی لە پشت خۆی هەس.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**کاروان میراوی:** لە کاتێکدا زۆربەی شارەکانی کوردستان و ئێرانیش جاروبار هێوەر دەبنەوە و تا ڕادەیەک ئارام بوونەتەوە، بەڵام خەڵکی شارەکانی سنە، بۆکان، مەهاباد، جوانڕۆ، کامیاران و ... لەم ٨٥ ڕۆژەدا بەبێ ڕاوستان لە ڕاپەڕین بەردەوام بوون و کۆڵیان نەداوە. هۆکار، ڕەمز و نهێنیی ئەم بەردەوامبوونە لە چیدایە؟

**هەڵۆ ئەردەڵان:** ڕاستییەکەی لەگەڵ ئەوە نیم کە زۆربەی شارەکان و تەنانەت ئەو شارگەلە کە ناوتان لێیان هێناوە هەر لە ڕۆژگەلی سەرەتاییی دەربڕینی ناڕەزایتییەکان و خۆپێشاندانەکان و ئەم ڕاپەڕینە بەشدار بوویێتن و لانی کەم لە ١٠ تاکوو ٢٠ ڕۆژی سەرەتاییی خۆپێشاندانێک لە ئەو شارگەلە بوونی نەوگە و یەکجێ و یەکسەر وەکوو سنە نزیک بە ٨٥ ڕۆژ لەسەر یەک و بێبڕانەوە لەسەر شەقام نەبوونە. بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە بەشداریی خەبات و تێکۆشان لە ڕاپەڕینی ئەم جارە نەوگن. هەر شار و هەر پێگەی جەماوەرییەک تایبەتمەندیی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی هەس و هەر کامەیان ڕۆڵی خۆی ئەگێڕێت و بەداخەوە هەر کامەیان هەر بەپێی ئەو دۆخە تایبەتییە کە پێشتر وتم لە ئاستی خۆی تووشی کارەسات بووگە و شەهیدیشی لەم ڕێگە داگە و لە بەرانبەریشدا حەماسەیان خوڵقاندگە و مێژوویەکیان نووسیگەسەوە کە بێهاوتا بووگە یان ئەتوانین بێژین وێنەی لە مێژووی هیچ نەتەوەیەکدا نادۆزرێتەوە، دەبێت لێرەدا ئاماژەیش بە خاڵێک بکەم کە ئەوەش ناوی شار و نەخشی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتە وەکوو ئیلام و کرماشان و لوڕستان کە نابێت لە بەرچاو نەگیرێت و پەراوێز بخرێت. ئەگەر وا بوو ئەوە نیشانەی ئەوەسە کە ئەو ناوچەگەلە لە وێژمانی ئێمە دیار نین و لە بەرنامەکانماندا نەخشیان ناڕوون و نادیارە و سەلمێنەری بێبەرنامەییی ئێمەس لە بەرانبەر ئێنەگەلە.

وێڕای ئەو بابەتە کە بگەڕێمەوە سەر پرسیارەکە، بە بۆچوونی من ڕەمز و هۆکاری ئەم بەرداوامبوون و کۆڵنەدانە کەڵەکەبوونی فرەیەک داواکاریی کۆمەڵایەتی و نەبوون و زەوتبوونی مافگەلی نەتەوەییی خەڵکی کوردستانە لەلایەن سیستەم و دەسەڵاتی ئێرانی و هەروەها هەندێک ناڕوونیی سیاسی و ئابووری لە شێوەی بەڕێوەبەریی وڵات و ناڕوونی ئاکامی ژیانی چینی خوێندکار و پێگەیشتووی زانا و تێگەیشتوو کە ئیتر ناتوانێت باری قورسی ئەم دۆخە لەسەر شانی خۆی هەڵگرێت و دەرەتانێکی نەماوە بۆ پێکهێنانی ژیانێکی شیاو و کەرامەتی نەک هەر تێکشکاوە، بەڵکوو کەرامەتی کەسایەتیی سووتیاگە. بۆیە ئەبینێت و شی دەکاتەوە و لێبڕاوانە و ئاگایانە بڕیار دەدات کە سەنگەری خەبات و شەقام چۆڵ نەکات و تێچووەکەی قەبووڵ دەکات و گشت هەزینەیەکیش چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی دەروە بەسەر ڕێژیمدا دەسەپێنێت.

**کاروان میراوی:** چۆڵنەکردن و مانەوەی خەڵکی کوردستان لە شەقامەکان بە دژی ڕێژیمی داگیرکەری ئاخوندی لەو ماوەیەدا، چ دەستکەوتی بۆ خەباتی شار و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان بەگشتی هەبووە؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**هەڵۆ نەردەڵان**: وەڵڵا خۆ دیارە ئەو مانەوەی خەڵک لەسەر شەقام سەلماندی کە پێداگری و داکۆکی لە مافی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕبوون بنچینەی خەبات و تێکۆشانن، ڕوو لە حیزبەکان ئەوەی دەرخست کە ئەبێت گۆڕانکاریی بەسەر شێوەی کار و تێکۆشانی خۆیاندا بێنن و بەچۆکداهێنانی ڕێژیم لە ماوەی کەمتر لە سێ مانگدا بە دەستی بەتاڵ وەکوو دەسکەوتێک چاو لێ بکەن کە وزە و هێزێکی بێکۆتایی و بیبنی لە خۆی ڕاگرتگە و نابێت پارێز بکەن لە بڕیاردانی سەخت و دژوار لەم قۆناغەدا و خۆیان بە دوور بگرن و پەراوێزنشین و تواشاچیی ڕووداوەکان بن. دەسکەوتی ڕاپەرینی ئەم جارە هەر هیچ نەبێت ئەوسە کە سەرباری بە ڕواڵەت زلبوونی دامەزراوە و دەزگاکانی ڕێژیم، بەڵام بێناوەڕۆک و پووچەڵن و خەڵکیش ترسی لێیان نەماگە و ڕێژمیش بە باشی تێگەیشتگە کە کوردستان ئیتر کوردستانی جاران نییە و هەموو سەرمایەی خۆی لە کوردستاندا دۆڕاندگە و کوردستان تازە ناگەڕێتەوە بۆ دۆخی بەر لە ئێستەی، ڕۆژ بە ڕۆژیش دۆخەکەی لێ سەختتر دەبێت و خەریکە تێچووەکانیشی دەدات، هەروەها ئەبینین کە نە ڕەوایی لە ناوخۆی ئێران ماگە و نە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نێونەتەوەییشدا. بۆیە تا دەرفەت لەکیسمان نەچووگە و شیرازەی کار نەترازیاگە، ئەبێت بەرژەوەندی و قازانجی خۆمان لێ وەربگرین و هەنگاوێکی پتەو هەڵبگرین بەرەو ئامانجە سەرەکییەکانمان، لێرەدا نەخشی ڕێبەریی حیزبەکان گرنگە بەڵام بەداخەوە کاڵە و نەک ئیسە، بەڵکوو ئەمە چەند ساڵە کە زۆر لە خەڵک جیماگن و ئەبێت قەرەبووی بکەنەوە.

**کاروان میراوی**: لەم هەلومەرجە ئاڵۆزەی کوردستان و ئێراندا ئامانجی سەردانەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆککۆماری ڕێژیمی ئێران بۆ کوردستان و بەتایبەت شاری سنە چی بوو؟ بۆچی شاری سنەی بۆ ئەم سەردانە هەڵبژاردووە؟

**هەڵۆ نەردەڵان**: دیارە ئامانجی ڕێژیم سەرەتا پڕوپاگەندایە بۆ ئارامنیشاندانی دۆخەکە لە ڕۆژهەڵات و بەتایبەت لە سنە، دواتریش ڕەنگە پیلانگەلێکی تایبەتیان هەبێت بۆ چۆنیەتیی دادگاییکردن و تاوان خستنە سەر گیراوانی ئەم ڕاپەرینە. چۆن وەک دەزانن "ئیبراهیم ڕەئیسی" لەوەتەی هاتگە ناو دەسەڵاتی ڕێژیم هەر لە سەرەتاوە لە بەشی دادوەری و دەسەڵاتی دادوەریی بووگە و لە لەسێدارەدانی بەکۆمەڵەکەی هاوینی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی، دەستی ڕەها و باڵای بووگە و ڕەنگە پیلانگەلێکی تریش لە ئارادا بێت. بە هەرحاڵ ئەوە دواتر بەپێی کار و کردەوەکانی ڕێژیم ئاشکرا دەبن.

بۆ بەشی دووهەمی پرسیارەکەش؛ وەکوو پێشتر عەرزی بەڕێزتانم کرد، شاری سنە تایبەتمەندیگەلێکی هەس، چەقی چیرۆک و بەڕێوەبەرییە و ڕێبەرایەتییەکە شاری سنەس، بۆیە "ئیبراهیم ڕەئیسی" شاری سنەی هەڵبژاردووە بۆ یەکەم سەفەر، پاش بە ڕواڵەت هێوەربوونەوی باروودۆخەکە. ڕێژیم ناوەندی هەڵبژاردووە بۆ زەربەلێدان و باش تێگەیشتووە کە بە کۆتاییهاوردن بە فەرهەنگی شۆڕشگێڕی لە سنە تا ڕادەیەکی فرە ئەتوانێت کۆتایی بە شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێرێت.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**کاروان میراوی**: هەر وەک ئەزانین داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان جیاوازترە لە ئێران و بەتایبەت لە داخوازیی فارسەکان. پێتان وایە ئەم جیاوازیی داخوازییانە پێش بە یەکگرتوویی نەتەوەکانی ناو جوگرافیای ئێران و کۆدەنگیی خەڵک لە بەرانبەر ڕێژیمی ئێراندا ناگرێت؟

**هەڵۆ نەردەڵان**: نە، من وا بیر ناکەمەوە و تەنانەت بە پێچەوانەوە لەسەر ئەو بۆچوونە وێسیاگم کە هەر ناوچە یان نەتەوەیەک لە ئێران داخوازیی خۆی هەس و بگرە دروشم و کار و شعووری سیاسیشیان لەتەک یەک جیاوازە و تێگەشتنیان جیاوازیی فرەس لەسەر پرس و بابەتە جۆراوجۆرەکان، ئەمەش ئاساییە کە ئاوا بێت. تەنانەت تێگەیشتنی کورد و فارس لە دروشمی سەرەکیی ژن، ژیان، ئازادی، یەک جۆر نییە و بە پێی شێوەی جیاوازی ستەمی ڕەگەزی لەو دوو کۆمەڵگەیەدا سەرباری پیاوسالاربوونیان، هەر کامەیان بە ناخێک و بە ئامانجێک ئەو دروشمە لە شەقام ئێژنەوە و هاواری دەکەن. بەهەرحاڵ ئامانجی ئێمە و ئامانجی ئەوان ڕەنگە هاوتەریب بێت بەڵام فرە لەیەک دوورن. لانی کەم ئەم چل ساڵەی ڕابردوو ئەمەی نیشان داگە. ئەگەر گشت ئەو نەتەوەگەلە هەوڵ دەدەن ئەم ڕێژیمە تێک بشکێنن، بەڵام بە واتای یەک ئامانج و یەک شێوەبوونی کاریان نییە و ئەو جیاوازییە بەربەست نییە بۆ سەرەونخونکردن و ڕووخانی ڕێژیم. بەتایبەت ئەبێت ئەوەش لە بەرچاو بگرین کە ئەو ڕێژیمە بە هەموو شێوەیەک پیلانی دارشتووە بۆ سڕینەوەی پرسی کورد و داپلۆساندنی نەتەوەی کورد و پێشێلکردنی مافە سروشتی و ئاساییەکانی ئەم نەتەوە، باقی نەتەوەکان هیچ پێناسە و تەعریفێکیان لەو پێشێلکاریگەلە سەبارەت بە مافی ڕەوای نەتەوەیی نییە و هیچ دەرک، تێگەیشتن و هەستێکیان بەرانبەر بەوە نییە. ئەگەر کورد بە تاک و بەکۆمەڵ بڕیار لەسەر هەر شیوە بەرگریکردنێک بدات لە خۆی و چارەنووسی، ئەوە مافی ڕەوای بەرگرییە، کردەوە و خەبات و تێکۆشانی گەیشتە هەر ئاستێک ئەوە مافی بێ ئەملا و ئەولای خۆیە و ئاساییە. نەتەوەی کورد وەشیاگنە گیان سیستەم و دەسەڵاتێک کە هاوچەشنی گورگێکی دڕندە لەمێژ ساڵە بەربووەتە گیانیان و بە فتوا و کۆمەڵکوژی و مێتۆد و شێوەی جۆراوجۆر خەریکە لێکیان هەڵدەوەشێنیت و ئاسیمیلەیان دەکات و خاکیانی داگیر کردووە و ئەستاندنی گیان و ماڵیان و زەوتکردنی هەموو مافێکیان بە ڕەوا ئەزانێت، تەنانەت ئەبێ ئاماژە بەوەش بکەم کە ئێستە باقی نەتەوەکانی تر تا ڕادەیەک لەو دۆخەی کورد تێگەیشتوون و ئەزانن بەبێ دەستەبەربوونی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد لەو جوگرافیا، ئازادی و ژیانی خۆشیان لە ئاشتیدا مسۆگەر نابێت و دەربازبوون لەم دۆخە مەترسیدارە گونجاو نییە و نارەخسێت. بۆیە ئەم ڕۆژانە ئەژنەفین کە ئێژن "تاران ببێتە کوردستان، ئێران ئەبێتە گوڵستان" و ئەو دروشمە خۆی دەرخەری زۆر شتە بۆ ئێمەی کورد.

**کاروان میراوی**: وەک دەزانن کوردستان مەکۆی سەرهەڵدان ئەم ڕاپەڕینە بووە و ئاگری ئەم شۆڕشە زیاتر لە کوردستانیش کڵپەی دێت. دەتوانین بێژین کوردستان ڕێبەریی شۆڕشێکی مۆدێرنی ئێران دەکات؟ یان بە واتایەکی تر ڕێبەریی قۆناغێکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**نوێ لە شۆڕشی نەتەوەکانی ناو جوگرافیای ئێران دەکات؟**

**هەڵۆ ئەردەڵان**: نازانم مەبەستی بەڕێزتان لە شۆڕشی مۆدێرن چەس. بەڵام ئەتوانم بێژم بەڵێ پێشەنگایەتی و ڕێبەریی ئەم ڕاپەڕینە لە دەفری خۆی و لە ئاستی خۆی کورد ختسگییە سەر شانی خۆی و بەتایبەت ئەوە بینراوە کە کاتێک شاری سنە ئەگەیشتە ئاستێکی فرە بەرز و لە لووتکەی نموونەداری ڕاپەڕین بوو، تاران و ئیسفەهان و چەند شاری تریش چالاکیی بەرچاوتریان بووگە. هاوکات لەگەڵ ئەمانیشە ئەتوانم بێژم بە هاتنی ئامرازی نوێ و تازە لە دنیای پێوەندی و داتا و بەدیهاتنی بەستێنی جۆراوجۆر و ئینتێرنێت، دیسان ئەوە هەر کوردە کە بە شێوازی ڕاست و دروستی شۆڕشگێڕانە و لە سۆنگەنیگای چالاکی کاریگەر لەو بەستێنگەلە کەڵکی باش وەردەگرێت. بە کورتی ئەمە کوردە کە بۆش نییە لە شۆڕش و شۆڕشگێڕی و مافی خۆشییە کە ڕێبەرایەتیی ئەم ڕاپەڕینە بکات.

**کاروان میراوی**: چاوەدێران و شرۆڤەکارانی سیاسی، شاری سنە بە ناوەندی ناسیۆنالیزمی کوردی پێناسە دەکەن، ئەم پێناسەیە تاکوو چەندە ڕاستە و هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**هەڵۆ ئەردەڵان**: وەڵامی ئەم پرسیارە بە کورتی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی دەسەڵاتی میرنشینی ئەردەڵان و بونیاتنانی شێوە و چواچێوەیەک لە نیزامی دەسەڵات و شارسازی، هەروەها فەلسەفەیەک لە دەسەڵاتداری دەستی پێ کردووە کە دوای هاتنی ئیسلام لە کوردستان بێوێنە بووە و دەتوانین بێژین لانی کەم ٦٨٠ ساڵ بەگشتی و بەتایبەتی ٤٠٠ ساڵ لە شاری سنە کە پێتەختی ئەو دەسەڵاتە بووگە ڕیشەی هەس و هیچ پێوەندیی بەم ساڵانەی دوایی یان ئەم قۆناغەوە نییە، لە بیر و زەینی دانیشتووانی شاری سنە و دەوروبەری ئەو شارەدا ڕیشەی داکوتاگە و جیل بە جیل و بەرە بە بەرە هاتگە و هەمیشە خۆی نواندگە، چۆن ناسیۆنالیزم خۆ شتێکی نوێ نییە (ئەگەرچی ڕەنگە بە شێوەی زانستی چەمکێکی نوێ و پێناسەیەکی تازەی لێ کرابێت) و بەتایبەت فۆرمێک لە ناسیۆنالیزم لە خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان دەستی پێ کردووە کە بێوێنە و تایبەتییە، لێرەدا جێگە و دەرفەتی ئەوە نییە کە پرۆپۆخت لەسەری قسە بکەین. بەس جێگەی خۆیەتی ئاماژەی پێ بکەین کە ئەو ناسیۆنالیزمە گشت میرنشینەکان کەم تا فرە لەبەر گرتووە و ڕاستییەکەی ئەوەسە کە هەموویان بێجگە لە دوو بنەماڵەیان نەبێت، بە ڕەچەڵەک ئەردەڵانی بوونە و تەنانەت ئەگەڕێنەوە بۆ ئەیوبییەکان و هەزبانییەکان و دەسەڵاتە کوردییەکانی بەر لە ئیسلام. بۆ ئەم وابێژییە ئەتوانین ئاماژە بە نەخشی شێر و شکار بکەین کە هێمای ئاڵا و سپای ئەردەڵانەکان و هەزبانییەکان و دەوڵەتی میدیا و تەنانەت سومێرییەکانیش بووگە، ئەمە بە هەڵکەوت نییە و هزر و فەلسەفەیەک ها لە پشتی، هەروەها داری بنەماڵەیی گشتییان ئەگەڕێتەوە بۆ زۆراوی گەورە کە باپیرە گەورەی هەڵۆخانی بابی خان ئەحمەد خان بووگە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**کاروان میراوی**: وەک دواهەمین پرسیار، ئەم پرسیارەمان لە زۆر کەسی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسیوە و پێمان باشە ڕا و بۆچوونی ئێوەش لەم بارەیەوە وەرگرین. پێتان وایە کە لەم هەلومەرجەی ئێستەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا داخوازیی خەڵکی ڕۆژهەڵات بەگشتی و بەتایبەت لەم بارودۆخەی هەستیارەدا لە حیزبە کوردستانییەکان چییە؟

**هەڵۆ ئەردەڵان**: بە کورتی کاراترکردنی ڕۆڵی دیپلۆماسی لە دەرەوەی وڵات و لە درێژەی هەمان چاوەڕوانیشدا وەگەڕخستنی پڕۆژەگەلێک کە وەڵامدەری دۆخی هەنووکەیی بێت نە پڕۆژەگەلێک کە کۆڵەکەیان لەسەر بنچینەی ئەگەر و ئیحتماڵاتی نابەجێ دامەرزیاگە و کار و ڕەوتێکی دوور و چەند ساڵە لەبەر ئەگرێت و بەفیڕۆدانی هەزینە و هێزە و تەنانەت پێویستی بە دۆخی کارەساتبار و پڕلە مەترسییە بۆ خەڵک. بۆ وێنە ڕاشکاوانە عەرزتان بکەم کە پڕۆژەی ناوچەی دژە فڕین و داواکردنی بۆ ڕۆژهەڵات یا کاراکردنەوەی بۆ باشوور لە دوو ڕەهەندەوە ئەکرێت تاووتوێ بکرێت. سەرەتا بۆ ڕۆژهەڵات، مادام کە بستێک لە خاکمان ئازاد نەوگە یا تووشی کۆمەڵکوژییەکی بەرفراوان نەبووینە یان هیچ کامێک لەو تایبەتمەندیگەلەی دۆخی ئیسەی بۆ ناگونجێت و نە تەنیا ئەگەری لەبارچوونی فرەس، بەڵکوو بگرە نیشاندەری ئەوە بێت بۆ دنیای دەرەوە کە تاکی چالاکی سیاسیی کورد هیچ خوێندنەوەیەکی لەسەر کۆمەڵگەی خۆی نییە و لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ناتێگەیشتوو و بێبەرنامەیە. هەروەها بۆ خەڵکی ناوخۆیش ئەوە ئەگەیێنێت کە بێهیوا بن لە چالاکانی سیاسی، لە ڕێبەرایەتیی ئێستەی حیزبەکان و پشتیان بە خۆیان گەرم بێت و چاو لە کار و ئیرادەی خۆیان بکەن. دواییش ئەگەر بۆ کاراکردنەوەی مەداری ٣٦ دەرەجەیە لە باشووری کوردستان، دیارە کە چالاکی سیاسیی ئێمە هەر جێگەی خۆی ناناسێت و نازانێت کە هەم لە ئاستی سیاسیی کوردستان دەست لە کاروباری باشوور وەر نەدات، هەم لە ئاستی سیاسیی نێوەدەوڵەتیدا خاوەن ئەو جێگە و پێگە یاساییە نییە کە وەها داواکارییەکی هەبێت. بۆ درێژەپێدان لەسەر ئەم بەشەش ئەبێت شرۆڤەکانی بەشی یەکەم دووپات بکەمەوە و هەندێک خاڵی تریش کە نامەوێت لەسەری بڕۆم و قسەی لێوە ناکەم و ئەیبڕمەوە و ئێرەش جێگەی نییە. داواکاری و هیوای خەڵکی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە حیزبەکان ئەوەیە کە کار بۆ یەکگرتوویی و یەک وتاریی کورد لە گشت کوڕ و کۆمەڵێک بکەن و خاوەن دیسکۆرس و وێژمانی کوردستانی بن کە بە داخەوە ئەبێت بێژم وتاریان بەتاڵە لە هەرجۆرە دیسکۆرس و جیهانبینییەکی کوردستانی و بەڕاستی تووشی قەیرانن لەم بوارەدا کە هیوادارین چارەسەری بکەن.

**کاروان میراوی**: بەڕێز هەڵۆ ئەردەڵان سپاس بۆ ئەوەی کە لەو بارودۆخەی ئێوەی شۆڕشگێرانی ناوخۆی کوردستان و بەتایبەت بەڕێزت کە ئاگادارم زۆر سەرقاڵن، لەم هەڤپەیڤینەدا هاوکارمان بوون. لە کۆتاییدا ئەگەر شتێک ماوە باس بکرێت و ئاماژەمان پێ نەکردووە یان ئەگەر پەیامێکتان هەیە بفەرموون!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**هەڵۆ ئەردەڵان**: سپاسی بێکۆتایی و پێزانین بۆ ئێوە و هاوکارانی بەڕێزتان. دەستی گلایکتان خۆش بێت بۆ پێکهاوردنی دەرفەتێک بۆ ئەم وتووێژە و بەتایبەت بەڕێزتان کە زەحمەتی کاری وتووێژەکە لە ئەستۆتان بوو.

لێرەدا گەرکمە بە کورتی ئاماژە بە دوو خاڵ بدەم کە بە پێویستی دەزانم باسیان لەسەر بکەم.

**یەکەم**: ئەوەیە کە ئێمەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژاییی لانی کەم ١٢٠ ساڵی ڕابردوو ڕێگەیەکی پڕ لە هەوراز و نشێو، پڕ لە کۆسپ و لەمپەرمان بڕیگە و ئیتر ڕێگەیەکمان بۆ گەڕانەوە لە بەرپێدا نەماگە و تێچووی زۆریشمان لە پێناویدا داگە و کارەساتی فرەمان بە چاوی خۆمان دیگە و ئەبێت کە سەر بکەفین، بۆیە داواکاریم لە چالاکانی سیاسی لە ئاستی ڕێبەرایەتیی حیزبەکان ئەوەسە کە کار و چالاکییان لە ئاستی خەڵکی ناوخۆدا بێت و لە ڕێبەریی ئەم ڕاپەرینە دوورەپەرێز نەبن و نەخشی بەرچاوتریان بێت، بیر لە سەختترین بڕیارەکان بکەنەوە و بەرپرسیارانە بڕیار بدەن و ئەرکی ئەم زەحمەتە نەخەنە سەر شانی جیلی داهاتوو و نەکەنە کارێک کە دەرفەت بسووتێت، ئەبێت پەند و دەرس لە پێشینیانمان بگرن کە ئەگەر ئەوان ئەو بڕیارەیان دابا و باری قورسی تێچووەکەیان لە ئەستۆ گرتبا، ڕەنگە ئێستە چارەنووسمان ئەمە نەبا و ئەم جیلە شەهیدی بەم شێوە نەدابا. تێچووی پەشیمانی یان گەڕانەوە یان بڕیارنەدان لە کاتی پێویستی خۆیدا بەرە بەرە لەگەڵ بەرە دەڕوات و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زۆرتر دەبێت. ئەگەر ئەوان نەیانکرد و زەحمەتیان خستە سەر شانی ئێمە، دەبا ئێمە قەدری ئەم دەرفەتە بزانین و وەکوو ئەوە کە پێویستە بەرپرسیار بین و چاونەترسانە و لێبڕاوانە بڕیارێک کە تایبەت بە دۆزی گران و ڕۆژانی ئەستەمە بیدەین، هەر هیچ نەبێت ئیرادەی نەتەوەکەمان ببینین و بە دنیای دەرەوەش بسەلمێنین کە ئیرادەی خۆمانە چارەنووسمان دیاری دەکات و پارامێتری سەرەکی بین لەم هاوکێشەیەدا و پلەیەک بەرەو ئامانجە بەرزەکانمان هەنگاو هەڵگرین و لێی نزیک بینەوە، تەنانەت ئەگەر پێویستە مێتۆد و شێوەی تێکۆشانمان ڕوو لە باشتربوون بگۆڕین و ڕووداو و پێشهات و ئەگەر و قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان وەک خۆی ببینین. دڵنیا بن کات تەنگە و دەرفەت کەم و گۆڕان لە ئاستی دنیادا زۆر و خێران و زۆربەشی لە ئێستە و لە داهاتوودا بە دڵی کورد نییە و نابێت.

**دووهەم**: دەورە و قۆناغی ڕەوایی‌وەرگرتن لە شۆڕشگێڕبوونی پێشوو و پێشەنگایەتی لە ڕەوتی خەبات یان ڕێبەرانی شەهید کە یان دامەزرێنەر بوونە یان لە قۆناغێکی تایبەتدا هەندێک دەسکەوتیان بووە و ئێستە خۆیان نەماون یان شۆڕشگێڕبوونی ڕێبەرایەتیی ئێستەی حیزبەکان لە کاتی هەنووکە و لە ڕابردووشدا کارایی و کاریگەرییان نەماوە و ئەو ئەدەبیاتە چی تر بایەخی پێ نادرێت لەناو کۆمەڵگە و لەم سەردەمەدا ئەو ڕەواییە باوی نەماوە و وەڵامدەری بارودۆخی ئێستە و داهاتوو نییە و نابێت. ئەوەی کە فەرمییەت و ڕەوایی بە لایەن و حیزب و پارتێک دەدات بەرنامە، پرۆژە، پەروەردە، کار و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تێکۆشانی هەنووکەیییە لەو بوارانەدا و تەنانەت بەرنامەیەک کە ٥ یان ٦ ساڵی ڕابردوودا پێشکەش کراوە، سەرەڕای وەڵامدەربوونی بۆ ئەو کاتە یان نە، ئەوەش کاریگەری نییە. ئێستە کە بە هەزاران خوێندکارمان هەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەر یەکەیان لە ڕشتەیەکی تایبەت و بەش بە حاڵی خۆی لە بوارێکدا چالاکن و جگە لە بەرنامەی تۆکمە و بەربڵاو نەبێت بۆ ڕزگاری و بۆ دوارۆژی ڕزگاری کە شێوەی بەڕێوەبەریی وڵات و سیستەمە، هیچی دیکە چاوی لێ ناکرێت و ئاوڕیشی لێ نادرێتەوە. با بزانین کە ڕۆژهەڵات تاقانەی ناو هەر چوار بەشەکەی کوردستانە و قەدری خۆی ئەزانێت، بەم ئەدەبیاتە دەستەمۆ نابێت، مل داناکێشێت، کۆڵ نادا و ئەمەش لەم ڕاپەڕینەدا بەتەواوەتی بۆ هەموو لایەنەکان لە دۆست و دوژمن سەلمێنراوە.

**کاروان میراوی**: شتێکی ئەوتۆ نەماوە و هیوای سەرکەوتن و سەرفەرازیتان بۆ دەخوازم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی بەفرانباری ٢٧٢٢ی کوردی = ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## دەستکەوتەکانی سەد رۆژەی شۆڕش



**سایتی پەیام**

شۆڕشی ئازادی خوازانە، بەرابەری تەڵەب و دادپەروەرانەی خەڵکی ئێران چۆتە نێو چوارەمین مانگەوە. ئامارەکان باس لەوە دەکەن کە ١٦١ شار لەماوەی زیاتر لە سێ مانگی ڕابردودا گۆڕەپانی نارەزایەتی بوون و بە گشتی نزیکەی ١٢٠٠ کۆبوونەوەی شاری و زانکۆییش بەڕێوەچووە. شۆڕش لەم ماوەیەدا گەلێک دەستکەوتی گەورەی بووە کە لێرەدا ئاماژە بە هێندیکیان دەکەین:

سیاسی و نارازی بوونی بەرین و کۆمەڵایەتی توێژێک کە خوازیاری ڕوخانی کۆماری ئیسلامیە و هەوڵدان بۆ بەکردەوە دەرهێنانی یەکێک لە گرنگ ترین دەستکەوتەکانیەتی. لەپاڵ ئەوەدا دەبێ ئاماژە بە دروست بوونی هاوسەنگیەک بکرێت کە لەسەر بەستەر و بەستێنی ئەودا، ئازادی پۆشین بە کردەوە بە سەر ڕژێمدا سەپاوە.

کرێکاران لەم هاوسەنگی هێزە لە مانگرتنەکانیاندا کەڵکیان وەرگرتوە و لە ئاکسیۆنەکانی مانگرتن و کۆبوونەوەی خۆیاندا داخوازی هێرشبەرانە تریان تەرح کردوە و دەستکەوتیان بەدەست هێناوە. هەڵوەشانەوەی بەکردەوەی گەشتی هەوسار پچڕاو، جەنایەتکار و بەدنێوی ئێرشاد لە ناخی ئەوەدا بۆتە بابەتێکی واقعی. شانۆی نارەزایەتی بێوێنەی شۆڕشگێڕان لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ وەحشیگەری سەدە نێوەڕاستیەکانی ڕژێم لە سەرشەقامەکان و لە زیندانەکاندا دەرخەری ئەم هاوسەنگی هێزە تازەیە. هەر لەم ماوەیەدا وەحدەت و هاوپشتیەکی، بەشێوەی مێژوویی، بێ وێنە لە نێوان نەتەوە و چین



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و تـوێژە جۆراوجۆرەکـان لە شـار و ناوچەکانـدا بەدیهـات و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژیـش پـتەو تـر بـوو. پـوچەڵ کـردنەوەی ئەو تاکتیکانەی بۆ دروست کردنی جیایی و دووبەرکی نانەوە لە لایەن سەرکەتگەرانەوە گیرابوونە بەر لە پتەوتر کردنی ئەم یەکگرتووییەدا دەوری کاریگەری هەبوو.

دەستکەوتی گرنگ ئەوەیە کە خوێندکارانی پێشڕەو نارەزایەتیان لەسەر پێویستی هاوپشتی زیاتر لە نێوان خۆیان و کرێکاران و کۆمەڵ لە دروشمەکانیاندا پیشاندا. کچان و کورانی ناڕازی و شۆڕشگێڕ لە چەند مانگی ڕابردودا گەلێک تاکتیکی ڕوو بە کامڵ بوونیان گرتۆتەبەر کە بوو بە هۆی ماندووبوونی هێزە سەرکوتگەرەکان. بەرەورووبوونەوە لەگەڵ سەرکوتگەران لە سەرشەقام و گەڕەکەکان و دەربڕینی نارەزایەتی بە شەو و ڕۆژ لە زومرەی ئەو تاکتیکانە بوون. نموونەی بەرچاو لەم بوارەدا، لە بەیانییەکدا لەژێر ناوی" مندالی کرێکارانین، لەگەڵیانین" داوایان لە چین و توێژە جۆراوجۆرەکان کرد لە ڕۆژی خوێندکار دەست بکەن بە کۆبوونەوە و دەربڕینی نارەزایەتی.

لەو دەستکەوتانەی کە دەکرێت ئاماژەیان پێبکرێت هێنانە مەیدانی بەملیۆن کەس لەو ٦ ملیۆن کۆچبەرە ئێرانیانی و بەشێک لە هێزە پێشکەوتن خوازەکانی ئەو وڵاتانە، پشتیوانی بێ وێنەی سیاسەتمەداران، هونەرمەندان، وەرزشوانان و کەسانی تر بووە لە نێوخۆ و لە دەرەوەی وڵات لە لایەن شۆڕشەوە. شۆڕشی ئێران بوو بەهۆی پەراوێز کەوتنی نێونەتەوەیی کۆماری ئیسلامی کە وێنەکەی تەنیا دەکرێت لە ئەفریقای باشور ببینین لە دەیەی ٨٠ ی زایینیدا. گەمارۆی بەرین و دەرکرانی کۆماری ئیسلامی لە کۆمیسۆنی پێگەی ژنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرهەمی ئەم پەراوێز کەوتنە بوو.

لەنێو دەستکەوتەکاندا دەبێ لەسەر خۆڕێکخستن و هەوڵدان بۆ دەروست کردنی هاوپشتی لەنێوان ڕێبەریی و جەماوەری خەڵکی ناڕازیدا جەختی تایبەت بکرێتەوە. لەو ماوەیەدا لاوانی کچ و کوری شۆڕشگێڕ لەنێو گەرەک و زانکۆکاندا سازماندەر و لە هێندێک حاڵەتدا تەشکیلاتی خۆیان لەیەکتر نزیک کردۆتەوە و بانگەوازی هاوبەشیان بڵاو کردوە.

دوای ئەوانە دەبێ ئاماژە بە نموونەی درەوشاوەی بانگەوازی گۆروپە پزیشکی و پەرستارە ئازادی خوازەکان بکرێت، و بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە وترا شۆڕشگێڕان بەرەو ئەوە دەچن تا یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی ئەم شۆڕشە چارەسەر بکەن، کە ئەویش سازماندانی لاواز و ڕێبەری ناوچەیی و پرژوبلاوە. بەدی هێنانی ڕێکخراوگەلی بەهێز، سەربەخۆ و تایبەت بە ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ڕێبەریەکی جێی پەسندی جەماوەری خەڵک تەنیا لە ناخی ئەم شۆڕشەدا پێکدێت و تۆماری تەمەنی کۆماری ئیسلامی تێکەوە دەپێچێ.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# سەدەمین ڕۆژی شۆرشی ژیناو ئاکام ودەرکەوتەکانی



**لوقمان زەهرایی**

**لە گۆڤاری فەرانسەوی زمانی "لۆپۆوەن"(Le Point) ١٥ - ١٢ - ٢٠٢٢ دا بابەتێکی سرنج ڕاکێش لە ژێر نێوی "چۆن دیکتاتۆرییەکان کۆتاییان پێ دێ؟ لە هیتلێرەوە تاکوو قەزافی، دوایین ڕۆژەکانی زالمان". بڵاوبۆتەوە کە ڕێک لە حال و وەزعی دیکتاتۆری عەلی خامنەیی و کۆماری ئیسلامی دەچێ لە دوای ١٠٠ ڕۆژ لە خۆراگری وبەرخۆدان وخوێندانی خەڵکی ئێران بۆ گەیشتن بە ئازادی ودێموکراسی وڕووخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆر.**

**هیتلێر لە دواین ڕۆژەکانی ژیانی دا و پێش ئەوەی خۆی بکوژێ وکۆتایی بە ژیانی بینێ دەڵێ "دەتانهەوێ چی بکەم لە گەڵ میللەتێک کە دەستدرێژی دەکرێتە سەر ژنەکانیان و بەڵام پیاوەکانیان ئامادە نین شەڕبکەن وبەرگری لە خۆیان بکەن؟**

**پۆلپۆت دیکتاتۆری کامبوج کەمێک پێش مردنی لە ١٩٩٨ لە چاوپێکەوتنێک دا دەڵێ "چاو لە من بکەن. ئایا من کەسێکی وەحشیم. من کەسێکی زۆر هێدی وئاساییم". پەشیمانیش نیم لەوەی کردومە.**

**دیکتاتۆری لیبی "معمر قزافی هیوا وڕوانگەی ئەوە بوو کە وەکوو باوکی قاڕەی ئافریقا ناوبانگ دەربکا، ئافریقایەک کە لە ژێر هێژمونی و دەسەڵاتی ڕۆژئاوا نەبێ. بەوهۆکارەش بوو کە لە دەسەڵاتە گەورەکان یاخی ببوو. وڵاتەکەی کردبوو**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەگەورەترین پێگەی چەک وجبەخانەی ئافریقا وسوێندی خواردبوو کە تا دواین کەس لە دژبەرانی قەتلەعام بکا. تەنانەت ئەگەر ناچار بێ لە زێراوی ژێر شاری بنغازی داش لێیان بگەرێ وبە نەیارانی خۆی دەکوت مشک. بەڵام لە کاتی ڕووخانی دەسەڵاتەکەی دا ئەوە ئەو بوو کە خۆی لە زێراب داشاربۆوە ودژبەرانی لە سەر شەقامەکان هاواریان دەکرد کە ناوبراو مشکە وخۆی شاردۆتەوە.

چارەنووسی دیکتاتۆری عێراق سەدام حوسێن چێ لە هی قەزافی باشتر نەبوو. لە کۆتایی ٢٠٠٣ دوای هەشت مانگ گەڕان وپشکنین لە لایەن هێزی مارینزی ئامریکا لە کونە مشکێک لە نزیک تکریت هێنایانەدەرێ ولە ٢٠٠٦ دوای دادگایی لە سێدارەدرا.

"ماوریزیۆ سەررا" ئەندامی ئاکادێمی فەرانسە، نووسەر ومێژوونا‌س بۆ تێکشانی دیکتاتۆری مۆسولینی دیکتاتۆری ئیتالیا وهاوپەیمانی هیتلێر دەڵێ" بۆ تێکشکاندنی دەسەڵاتی موسولینی دەباو پێویست بوو کە قودسییەتی خۆی و دەسەڵاتەکەی کرابائامانج وتێکشکێندرابا.

ئەوەی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری سێدارەش دایە رێک ئەوەیە کە دوای ١٠٠ رۆژ ڕاپەڕین وبەرخۆدان قودسیەتی خامنەیی وحکومەتەکەی لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە تێکشکێندراوە وخراوەتە ژێر پێ وئیتر خامنەیی ئەو کەسە وڕێبەرە نیە کە لە ڕوانگە وفکری خەڵک دا نەکرێ دژایەتی بکرێ وئیتر خەڵک ترسیان لە دیکتاتۆر شکاوە وبە هیچ رازی نەبن ، جگە لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ومەرگی ڕێبەری ئەو ڕێژیمە چەپل وتاوانکارە.

لەو ١٠٠ ڕۆژ پڕ لە حەماسە وخۆڕاگری وسەرهەڵدان وبەرخۆدانە دائاڵ وگۆڕی زۆری دروست کردووە ودەسکەوتی زۆریشی بووە کە دەکرێ ئاماژە بە چەند خاڵی گرینگ بکەین.

- گەڕانەوەی متمانە وبڕوابەخۆبوون بۆ دژایەتی دەسەڵاتی دیکتاتۆر وشکاندنی قودسییەتی کەسایەتی دیکتاتۆری عەلی خامنەیی و ڕێژیمی ئیسلامی شیعە دوای ٤٣ ساڵ دەسەڵاتداری
- شکان ونەمانی ترس لە دام ودەزگای تۆقێنەر و جەنایەتکاری ڕێژیم
- هیواداربوون بە ئایندەیەکی گەش و گەیشتن بە ئازادی ودێموکراسی
- هاوپەیوەندی وهاوسۆزی هەموو نەتەوەکانی ئێران بە نیسبەت یەکتر
- کوردەکانی ڕۆژهەڵات دوای ٤٣ ساڵ خەبات وخۆراگری لە دژی کۆماری پەت وسێدارە هەست بە تەنیایی وبێکەسی ناکەن


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

- لە کوردستان وبەلوچستان بەرجەستە بوونی هەرچی زیاتری هەست وبیروهزری نەتەوەیی وبوێری تاکەکانی کۆمەڵگا
- ماتەم نەگێران ورەشپۆش نەبوون بۆ شەهیدانی دەستی تاوان وبەردەوام بوونی دژایەتی وخۆڕاگری لە هەمبەر کۆماری پەت وسێدارە
- ناسرانی دروشمی ئەو ڕاپەرینە "ژن، ژیان، ئازادی" وەکوو دروشمێکی سەردەمیانە وئازادیخوازانە بە ناوەرۆکی ئینسانی وژیان خۆشەویستی ومردوو نەپەرەستی کە هەڵگری کۆمەلێک چەمکی بەرابەری خوازانە و مۆدێرنە وهەر بۆیەشە لە سەر ئاستی هەموو دونیادا پشتگری لێ دەکرێ.

خۆپێشاندان وپشتگری بە هەزاران لە کوردەکان وئێرانیەکانی دەرەوەی وڵات ودەنگدانەوەی بێ وێنەی شۆرشی ژینا لە مێدیاکانی وڵاتانی جۆراوجۆر و لە کۆمەڵگای نێونەتەوویی دا.

پشتگری ئەندامانی پارلمانی وڵاتان، کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆژئاوا، ڕێکخراوەکانی ژنان، کەسایەتی هونەری وئەدەبی ووەرزشی لە وڵاتانی جۆراوجۆردا.

شۆرشی ژینا لە کوردستان سەریهەڵدا ولە ماوەی ئەو ١٠٠ ڕۆژە دا ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئاشکرا وسەربەرزانە بۆتە پێشرەوە و ڕێ نیشاندەری ئەو خەباتە لە سەر ئاستی هەموو ئێران وخەڵکانی باقی بەشەکانی دیکەی ئێران بە چاوی ئازایەتی ورێزەوە سەیری کوردی ڕۆژهەڵات دەکەن و کورد بە پێشرەوی ئەو ڕاپەرین و وەخەبەرهێنانی بەشەکانی دیکەی ئێران دەزانن.

١٠٠ ڕۆژ خەبات وخۆڕاگری نەک لە سەر ئاستی ئێران، بەڵکوو خەڵکانی وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراوی ناوچەکەشی هێناوەتە سەر خەت وخەڵک بە تایبەت ژنان لە تورکیە، لە ئەفغانستان لە سوریە وعێراق وتەنانەت لە چین بوێرتربوون بۆ هاتنە سەر شەقام وداواکاری داخوازییە ڕەوا ودێموکراتیەکانیان.

لەرزینی دەسەڵاتی عەلی خامنەیی وحکومەتە ئیسلامیەکەی زەنگی مەترسیە بۆ هەموو گروپە ئیسلامیە توندرەوەکان لە ناوچەکە ولە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وبێگومان بە ڕووخانی دیکتاتۆری ئیسلامی شیعە لە ئێران، جێگە وپێگەی ئیسلامی سیاسی ودیکتاتۆرەکانی دیکەی ناوچەکەش دەکەوێتە بەر مەترسی هەرەشە ولەناوچوون. خەڵک لە دیکتاتۆری وبێ مافی لە ژێرناوی دین وئیسلام بێزارن وخوازیاری ئاڵ وگۆرن بەرەو ئازادی ودێموکراسی.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کۆماری پەت وسێدارە بە زەبروزەنگ وتوندوتیژی لە ڕادەبەدەر لە ماوەی ئەو ١٠٠ ڕۆژە دا وبە کوشتنی سەدان کەس وبریندارکردنی بە هەزاران وبە گرتنی بە هەزارانی دیکەش نەیتوانیوە پاشەکشە بەو ڕاپەرین وسەرهەڵدانەی خەڵک بکا و لە ئاست سووربوون وخۆڕاگری خەڵک لە سەر شەقامەکان و پێداگریان لە سەر خواست و ویستەکانیان کە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و دیکتاتۆری عەلی خامنەیین دەستەوەستان ودۆش داماون. خەڵکی ئێران بە گشتی وکوردستان وبلوچستان بە تایبەتی بوونەتە سەنگەری خۆڕاگری و بەرگری وسەرتۆپی ئە و ڕاپەرینە شوناسخوازانە ودیموکراسی خوازانە.

وەزعی کۆماری پەت وسێدارە زۆر لەوە شڕترە کە بتوانێ ئەو ڕاپەرینە مافخوازانە ویەکسانی خوازانە کە پێشەنگی بە دەستی ژنان ولاوانە سەرکوت بکا وکۆتایی بە نارەزایەتیی خەڵکی ئێران بێنێ. لە سەر ئاستی نێوخۆیی دا جگە لە خۆراگری وبەربەرەکانی خەڵک، بێکاری، گرانی، هەژاری،بێ نرخ بوونی هەرچی زیاتری تمەنی خومەینی لە هەمبەر دۆلار دا کە ئاستی دابەزینێکی زۆری تۆمارکردووە و وێرانی ژینگە، دارمانی خێزان وکۆمەڵگا ونەبوونی هیوا بە داهاتوو لە ژێر سێبەری ئەو ڕێژیمە دزوگەندەڵە و ڕاکردنی کەسانی خوێندەوار لە ئاستی بەرزدا بۆ دەرەوە وزۆر شتی تر هەمووی هۆکارگەلێکن بۆ ڕووخانی ڕێژیمی ئیسلامی.

لە سەر ئاستی نێونەتەوەیش کۆماری سێدارە ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ بێزراوتر دەبێ وەدەرکردنی دوو بڕیاری گرینگ لە سەر ئاستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کە یەکیان، مەحکوم کردنی کۆماری ئیسلامی بۆ کوشتنی خەڵکی ئێران ودیاریکردنی لێژنەیەک بۆ بەدواداچوون ولێکۆلینەوە لە ڕاستیەکان لە ناو خۆی ئێراندا وەدەرکردنی کۆماری سێدارە لە کۆمیتەی پێگەی ژنانی سەربە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان وەدەرکرێ بکوترێ کە هەردووک بڕیارەکە لە بەرژەوەندی خەڵکی ئێرانە.

دژایەتی ڕۆژئاوا لە هاوکاری نیزامی کۆماری ئیسلامی بە ڕوسیە لە شەڕی ئوکراین و بە ئەنجام نەگەیشتنی دانوستاندنەکانی بەرجام وکۆتایی پێهاتنیان وکۆمەڵێکی تر لە گەمارۆ ئابورییەکان و داسەپاندنی گەمارۆ بە سەر دەیان کەس وڕێکخراوی سەربە کۆماری سێدارە نیشاندەری ئەوەن کە ١٠٠ ڕۆژ خەبات وبەرخۆدانی خەڵکانی ئێران لە دژی دیکتاتۆری عەلی خامنەیی هەم لە سەر ئاستی دونیا ناسراوە وبە چاوی ڕێزەوە سەیری دەکەن وهەمیش هاوپشتی وهاوسۆزی کۆمەڵگای نێونەتەوەی بۆ خەڵکی ئێرانی بە دوای خۆیداهێناوە وپڕەدسکەوت بووە.

ئەوەی ڕوونە وبە دڵنیایەوە دەتوانین بڵێین کە شۆرشی ژینا لە ماوەی ئەو ١٠٠ ڕۆژەدا زۆر بەهێزترومتمانەتر بە خۆی بووە وتازە مەحالە کۆماری پەت و سێدارە بتوانێ پاشەکشەی پێ بکا وتێکی بشکێنێ. بێگومان کەندوکۆسپی سەر ڕێگای هەیە ودەبێ و بەڵام سووربوونی خەڵکی ئێران وبەردەوام بوونیان لە خۆپێشاندان ومانگرتن ودروستکردنی ڕێبەرێکی سیکولارو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دێموکرات وبەرابەری خواز کە نوێنگەی ویست وداخوازییەکانی هەموو پێکهاتەکانی ئێران بێ بۆ تێپەربوون لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری عەلی خامنەیی گەلێک گرینگە وپشتیوانی ڕۆژئاوای بە دوای خۆی دادێنێ ولە کۆتایش دا چارەنووسی عەلی خامنەیی وریژیمە ئیسلامیەکەی هەر وەکوو دیکتاتۆرەکانی پێش خۆی دەبێ کە ئێستا زۆریان بە گۆرستانی مێژوو ئەسپێردراون.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

---

## ئەو سەد ڕۆژەی کە خەڵک بە ئەندازەی چەندین ساڵ ئەزموونیان بەدەست هێنا




سایتی پەیام

شۆڕشی سیاسی و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی فێرمان دەکات کە هێندێک ڕۆژ و ساڵ لە ژیانی گۆمەڵگاکاندا دێنە پێشێ کە تێیاندا خەڵک بە ڕادەی دەیان ساڵ ئەزموون فێردەبن. لە کاتی قەتڵی حکومەتی ژینا ئەمینی کچێکی لاوی کوردستانیەوە لە تاران، تا ئێستا نزیکەی سەد ڕۆژ تێدەپەڕێت. ڕووداوەکانی ئەم ٣ مانگ و دە ڕۆژە کوردستان، ئێران و تەنانەت بەشێکی زۆری دنیاشی خستۆتە ژێر کاریگەری قوڵ و جیدی خۆیەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەم سەد رۆژەدا دروشمی ژن. ژیان. ئازادی کە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا بوو بە ماتۆڕی بزواندنی بزوتنەوەیەکی پێشڕەو و ئازادی خوازانە کە بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئەم کۆمەڵگایەی لە بەرانبەر ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا ڕاگرت. ژنان و لاوان هاتنە مەیدان تا وێڕای داخوازی ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕۆشنترین و ئینسانیترین ئاسۆی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بە ڕووی خەڵکدا بکەنەوە.

تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی لە هەمانحاڵدا بازدانە بەسەر دنیای کۆندا و ئاوێتەبوون لەگەڵ کاروانی ئازادی و بەرابەری و ڕیفاه، ئامانجێکە کە لە شۆڕشی مەشروتەوە و لە ماوەی ١١٨ ساڵی ڕابردودا چەند نەسڵ لە پێناو دەستەبەربوونیدا هەوڵیان داوە و گیانبازیان کردوە و لەمڕۆدا بەرەو ئەوە دەچێت بە ئاکام بگات.

ڕەدکردنەوەی ئیستبداد، دابینبوونی یەکسانی ژن و پیاو، ڕێز و پێبەندبوون بە مافە سەرەتاییەکانی ئنسانەوە، جیایی دین لە دەوڵەت و لە ئاموزش و پەروەرش، دابینبوونی ئازادیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، بە ڕەسمیەت ناسرانی مافی تەشەکول و دەربڕینی ناڕەزایەتی، تێکەوپێچرانی هەتاهاتایی زیندانی سیاسی و هەڵوەشانەوەی ئەشکەنجە و ئێعدام، پەرەدان و بڵاوکردنەوەی زانست و بەرەوپێشچوون و دژایەتی کردن لەگەڵ خورافە و ناوەندەکانی پشتبەستوو بە نەزانی و دواکەوتویی لە زومرەی لانیکەمەکانی داخوازی، دروشم و هیوا و ئاواتی هەنوکەیی بە ملیۆن کەس لە خەڵکە.

لە سەد رۆژی ڕابردودا خەڵک هێزی یەکگرتوویی و یەکپارچەیی خۆیان ئەزمون کرد. حکومەتیان لەو گۆڕەپانانەدا کە ببونە هێما و پەرچەمی کۆماری ئیسلامی، لەوانە لە پۆشینی زۆرەملێ، پیرۆزبوونی ڕۆحانیەت، دەسەڵاتی ناوەندە مەزهەبییەکان وادار بە پاشەکشە و شکست و ناکامی کرد.

لەم سەد رۆژەدا ژنان، لاوان و خەڵکی تێکۆشەر بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی ڕابردوی خەباتکارانە و کەڵک وەرگرتن لە مێدیا و ڕاگەیەنەرە کۆمەڵایەتیەکان بە ملیۆن کەسیان لە نێوخۆ و لە دەرەوەی وڵات بەرەنگاری کۆنەپەرستی مەزهەبی کردەوە. دروشمە پێشکەوتن خوازانەکان توانی پشتیوانی بە ملیۆن، یان ڕەنگە بە ملیارد کەس لە خەڵکی هاوچارەنووسی دنیا بۆلای خۆی ڕابکێشێ.

سەد رۆژ خەبات نیشانی خەڵکیدا کە تێپەڕبوون لە بارودۆخی ئێستا و بنیادنانی نیزام و نەزمێکی تر و دنیایەکی باشتر ئەگەرچی بە مەسیرێکی گەلێک پڕ لە کەندو کۆسپ و هەوراز و نشیودا تێپەڕ دەبێت و لە ڕاستیدا ڕێگایەکی نێوقەدبڕ بۆ گەیشتن بە ئامانج بوونی نییە، بەڵام بابەتێکە ئیمکان پەزیرە و محاڵ نییە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەم سەد رۆژەدا یەکگرتویی خەڵک ئەزموون کرا، هیوا و ئاوات لە دڵاندا ژیانەوە و بێ هیوایی و شپرزەیی لە نێو ڕیزی دەسەڵاتداران و بەکرێگیراوانی حکومەتیدا پەردەی لەسەر لاچوو.

ڕوون و ئاشکرایە کە ئەزموونەکانی ئەم سەد رۆژە هاسان و بێ هەزینە دەستەبەر نەبوون. بە داخەوە زیاتر لە ٥٠٠ کەس بە قەتڵی حکومەتی لە سەر شەقامەکان و لە زیندانەکاندا گیانیان بەختکرد. زیاتر لە ٢٠ هەزار کەس دەستبەسەر، زیندانی و بەشی زۆریان ئەشکەنجە دران. بە هەزاران کەس بریندار بوون و بنەماڵەی بەشێکی زۆریان بەرەو رووی کێشە و گرفت و سەرئێشە و کارەسات بوونەوە. بەڵام لە هەمانحاڵدا لەم سەد رۆژەدا شاهیدی هاوپشتی خەڵکی هاوچارەنووس لە کوردستانەوە تا بەلوچستان، ژنان، لاوان، کرێکاران و زەحمەتکێشان، هونەرمەندان و ڕووناکبیران، نووسەران و وەرزشوانان، پزیشکان و پەرستاران و هیتر بووین، و ئەم هێزە گەورە و بەرینەیە کە توانایی بەسەرکەوتن گەیاندنی شۆڕشی هەیە. لەم سەد رۆژەدا بە هەموان نیشاندرا کە ڕوخانی حکومەتی ئیسلامی حەتمی و ناچارییە و خەڵکی شەریف و ئازادیخواز زیاتر لە پێشوو لە گەیشتن بە ئازادی، بەرابەری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی نزیک بوونەتەوە.

لە سەرودەمی سەدەمین رۆژی شۆڕشی "ژن. ژیان. ئازادی"دا سەری ڕێز و نەوازش دادەنەوێنین لەبەرانبەر گیانبەختکراوان، بنەماڵەی بەڕێزی ئەوان و سەرجەم زیندانیانی سیاسی و هیوای چاکبوونەوەی هەرچی زوتریش بۆ برینداراانی ئەم شۆڕشە دەخوازین.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ٢٥ی دیسەمبەری ٢٠٢٢

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٧٢٢ی کوردی = دیسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com